وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە

ئەم نامەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

لەلایەن خوێندکار
باجەلان عمر محمود

بەسەرپەرشتی
پ.د صابر بکر مصطفی

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زایینی ١٤٤٦ کۆچی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

**أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ**

**صدق الله العظيم**

**«سورة الزمر: الآية 9»**

## دانپێدانانی سەرپەرشتیار:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (**کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە**) بەسەرپەرشتی و لەژێرچاودێری مندا لەلایەن خوێندکاری ماستەر **(باجەلان عمر محمود)** زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە **ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا** لەو پێناوەدا واژۆم کردوە.

**سەرپەرشتیار:**

**پ.د. صابر بكر مصطفى**

**/ /**

**بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن دەکەم.**

**پ.ی.د. فواد خالد سعيد**

**سەرۆکی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

**/ /**

## بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن:

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی (**کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە**) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (**باجەلان عمر محمود**) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە بواری **ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکانی** پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| **سەرۆکی لیژنە:** | **ئەندام:** |
| **واژۆ:** | **واژۆ:** |
| **ناو: نظام عبدالجبار حسین** | **ناو: کاوە علی محمد** |
| **پلەی زانستی: پرۆفیسۆر** | **پلەی زانستی: پرۆفیسۆر** |
| **ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣** | **ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣** |
| **ئەندام:** | **ئەندام و سەرپەرشتیار:** |
| **واژۆ:** | **واژۆ:** |
| **ناو: سیروان عارب صادق** | **ناو: صابر بکر مصطفی** |
| **پلەی زانستی: یاریدەدەری پرۆفیسۆر** | **پلەی زانستی: پرۆفیسۆر** |
| **ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣** | **ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣** |

**لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە (            ) لە ڕێکەوتی (   /   /   ) پەسەندکرا.**

**واژۆ:**

**پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد**

**سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**

**ڕێکەوتی: / / ٢٠٢٣**

**پێشکەشە....**

- بە دایک و باوکی ئازیزم کەهەمیشە لە خەمی پێگەیاندنمدا ماندوون.

- بە خوشک و براکانم کە دڵسۆزانە هاوکارم بوون.

- بە هاوسەر و هاوسۆزی ژیانم ،، هاژە ،،.

- بە دوو کچە نازدارەکەم نیگا و ڕێگا.

- بە هەمووئەوانەی هەنگاو دەنێن بۆ فێربوون و زانستی زیاتر.

**باجەلان**

## سوپاس و پێزانین بۆ...

- پەروەرێنم کە ئەو توانایەی پێداین بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سەرپەرشتیاری زۆر بەڕێز (پ.د. صابر بكر مصطفى) کە زۆر لێبڕاوانە هاوکارو ڕێنمایکارم بوو.
- ڕاگرو تەواوی ستاف و کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی کۆلێج ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنم.
- سەرۆکی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان (پ.ی.د فواد خالد) ماندووبوون و هاوکاربوون.
- هاوڕێم (م.بەهزاد أمين) کە هاوکاربوو لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکان بۆ کوردی.
- مامۆستا (فەوزی عبدالعزيز) کە یارمەتیدەربوو لە لێکدانەوەی داتاو هاوکێشەئامارییەکانی توێژینەوەکە.
- لێپرسراووستافی کتێبخانەی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت کەهاوکاربوون لە پێدانی سەرچاوەکان بۆ نوسینی توێژینەوەکە.
- (م.توانا حمەرشيد) کە زۆر دڵسۆزانە هاوکارم بوو لە پەیداکردنی سەرچاوەکاندا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم.
- هەریەک لە ( پ.دحسن فخرالدين، پ.د سۆلاف فائق، پ.د.نظام عبدالجبار، د.مؤيد محمد، م.یوسف عبدالله، م.كاوه عزدين ، م.سۆران محمد) کە هاوکار و ڕێنمایکارم بوون.
- ستافی کتێبخانەکانی ناوەندی زانکۆی سلێمانی و هەولێر و کتێبخانەی گشتی سلێمانی.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کەهاوکاربوون لە پێدانی داتاو زانیارییەکان.
- هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی.
- سەرجەم ئەو بەڕێوبەر و مامۆستایانی قوتابخانە حکومی و ناحکومیانەی کە هاوکارو بەشداربوون لە وەڵامدانەوەو پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکە.
- بەڕێوەبەرایەتی یەکەی گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و یەکەی بەڕێوەبەری سەرپەرشتیاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی.
- سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی کە هاوکارو بەشداربوون لە وەڵامدانەوە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکە.
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کەوەک شارەزاو پسپۆڕ هاوکاربوون لە دەرخستنی ڕاست و دروستی بڕگەو ئامرازی ڕاپرسیەکانی توێژینەوەکە.
- تەواوی ئەومامۆستایانەی لە کاتی خوێندنی کۆرسەکاندا وانەیان پێوتین.
- هەموو ئەو هاوڕێ و کەسە دڵسۆزانەی کە ئەگەر بە وشەیەکیش بووە یارمەتیاندام.

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە) ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

٢- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، بەپێی هەریەک لەم گۆڕاوانە:

أ- ڕەگەز(نێرو مێ)

ب- بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)

ت- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

٣- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە.

٤- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە، بەپێی هەریەک لەم گۆڕاوانە:

أ- ڕەگەز ( نێرو مێ)

ب- بڕوانامە (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس)

ت- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

ث- قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وصفی ڕوپێوی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە حکومی و ناحکومییە بنەڕەتییەکانی هەردوو بازنەی دووەم و سێیەم واتە پۆلەکانی (4 - 9) لە ناوەندی شاری سلێمانی هەردوو بەڕێوبەرێتی (پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، کە ژمارەی سەرپەرشتیارەکان (13) کەس بوو ژمارەی مامۆستایان ناحکومی (28) وە ژمارەی مامۆستایانی حکومی (1750)، بۆ نموونەی توێژنەوەکەش لەبەر ئەوەی ژمارەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی قوتابخانەی ناحکومی کەم بوون بۆیە بەگشتگیری وەرگیراون، بەڵام مامۆستایانی حکومی بەڕێژەی سەدی (20%) مامۆستا وەرگیراوە کە دەکاتە (350) مامۆستا، ئامرازی توێژینەوە بریتی بووە لە فۆڕمی (ڕاپرسی) بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کە پێوەرکانی فۆڕمی ڕاپرسی کێشەکانی

سەرپەرشتیکردن لە (90) برگە پێکهاتبوو کەدابشکرابوون بەسەر(7) تەوەرەدا، هەروەها پێوەرکانی فۆرمی ڕاپرسی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە (95) برگە پێکهاتبوو کە دابەشکرابوون بەسەر (8) تەوەرەدا، ئەم پێوەرو برگانەش لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراون ئەمەش بە سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەو ڕاوەرگرتنی کەسانی شارەزا لەبوارەکەدا لەپاش دڵنیا بوون لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەکانی ڕاپرسیەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێ بەجێکرا، ئەو ئامرازە ئامارییانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون بریتین لە (ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی وهاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و ئەنۆڤاو ئەلفاکرۆنباخ و تاقیکردنەوەی (T-test) یەك نموونەی دوونموونەی بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)، لە کۆتایی توێژنەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە:

1- ڕیزبەندی تەوەرەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە بریتین لە (بەڕێوبەرو کارگێری قوتابخانەوە، سەردانیکردنی قوتابخانەکانت، مامۆستایان، خوێندکاران، بە یاساو ڕێنماییەکانەوە، پرۆگرام و کتێی خوێندن، ئابوری و مووچەو پلەبەرزکردنەوە) کە بەرزترین کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەری ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی ( ئابوری و مووچەو پلەبەرزکردنەوە) ئەم کێشەیە لە بەرزترین ئاستدایە.
2- نەبوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی کێشەکانی پرۆسەی سەرپەرشتیکردنەوە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەزی (نێرو مێ)، بڕوانامەی (دبلۆم و بەکالۆریۆس)، پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).
3- ڕیزبەندی تەوەرەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە بریتین لە (بەڕێوبەروکارگێری قوتابخانەوە، ستافی وانەوتنەوە، خوێندکاران، بە باوک و دایکی خوێندکارانەوە، پرۆگرامی خوێندن- کتب ناوەرۆکی بابەتەکان، بەسەرپەرشتیاری وانەکەوە، بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئابوری) کە بەرزترین کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەری ئەو کێشانەی کە تایبەتن بەلایەنی (ئابوری)ە بەمەش ئەم کێشەیە لە بەرزترین ئاستدایە.

4- جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێرو مێ) کە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.

5- هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوەکانی بڕوانامەی (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس)، پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

6- جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومییەکان) کە لەلایەن مامۆستایانی حکومی لە ئاستێکی بەرزدایە.

وە لە کۆتای توێژینەوەکەدا چەند ڕاسپاردەیەک و پێشنیارێک خراونەتەڕوو لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمەڵێك سەرچاوەی بەسود.

| پێرستی بابەتەکان | |
|---|---|
| ئایەتێکی قورئان | أ |
| دانپێدانانی سەرپەرشتیار | ب |
| بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن | ج |
| پێشکەشە | د |
| سوپاس و پێزانین | هـ |
| پوختەی توێژینەوەکە | و- ز |
| پێرستی بابەت | ي – ك – ل |
| پێرستی خشتەکان | م |
| پێرستی پاشکۆکان | ن |
| **بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە** | **15-1** |
| کێشەی توێژینەوە | 3-2 |
| گرنگی توێژینەوە | 6-3 |
| ئامانجی توێژینەوە | 7-6 |
| سنوری توێژینەوە | 7 |
| پێناسەی چەمک و زاراوەکان | 15-7 |
| **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو** | **82 -16** |
| **چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:**<br>**چەمکی سەرپەرشتیکردی پەروەردەیی** | 18-17 |
| سەردەم و چۆنیەتی جۆری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 21-18 |
| ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 23 -21 |
| جۆرەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 28 -23 |
| شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 33 -28 |
| ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 35 -33 |
| بنەماکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 37 -35 |

| | |
|---|---|
| گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 37- 39 |
| کێشەوگرفتەکانی بەردەم پرۆسەی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی | 39- 41 |
| سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | 41- 43 |
| لێهاتوویەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردە | 43- 46 |
| ئەرکی سەرپەرشتیاری پەروەردە | 47- 48 |
| مێژووی دامەزراندنی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە شاری سلێمانی | 48- 51 |
| ناساندنێکی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەک چەمکی(هاوڕێی ڕەخنەگر) | 51- 54 |
| **وانەوتنەوە** | 55- 56 |
| ڕێگای وانەتنەوە و شێوازی وانەوتنەوە | 56 |
| پۆلێنکردنی ڕێگاکان و جۆرەکانی شێوازی وانەوتنەوە | 56- 58 |
| تایبەتمەندیەکانی ڕێگای وانەوتنەوەی سەرکەوتوو | 59- 60 |
| مامۆستا کێیە؟ | 60- 61 |
| تایبەتمەندییەکانی مامۆستای سەرکەوتوو | 61- 63 |
| ئەرکەکانی مامۆستا | 63- 65 |
| ڕۆڵی مامۆستا  لە پرۆسەی فێکردن و وانەوتنەوەدا | 65- 66 |
| بەڕێوەبردنی پۆل | 67-66 |
| جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل | 68 – 67 |
| ڕۆڵی مامۆستا لە بەڕێوەبردنی پۆل | 70 – 68 |
| کێشەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایان | 71 –70 |
| هۆکارو ئامرازەکانی فێرکردن | 72- 73 |
| **وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان** | 73- 75 |
| ئامانجەکانی وانەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان | 76- 77 |
| **توێژینەوەکانی پێشوو** | 77 |
| خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو | 80-77 |
| شیکارو بەراوردکاری توێژینەوەکانی پێشوو | 82-81 |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم: ڕێکاری توێژینەوە** | **94 -83** |
| ڕێکارەکانی توێژینەوەکە | 84 |
| میتۆدی توێژینەوەکە | 84 |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 85 -84 |
| نمونەی توێژینەوەکە | 86 -85 |
| ئامرازی توێژینەوەکە | 93 -87 |
| ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوەکە | 94-93 |
| **بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان** | **108 -95** |
| خستنەڕووی ئەنجامەکان بەگوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکە | 105 -96 |
| دەرئەنجامەکان | 107-106 |
| ڕاسپاردەکان | 107 |
| پێشنیازەکان | 108 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **117-109** |
| **پاشکۆکان** | **149 -118** |
| **پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی** | **152 -150** |
| **پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی** | **156 -153** |

## پێرستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | خشتەی (1 ) خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو. | 80-77 |
| 2 | خشتەی (2) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز بۆ مامۆستایان. | 85 |
| 3 | خشتەی (3) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بۆ مامۆستایان. | 85 |
| 4 | خشتەی (4) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی پەروەردە بۆ مامۆستایان. | 85 |
| 5 | خشتەی (5) نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز بۆ مامۆستایان. | 86 |
| 6 | خشتەی (6) نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بۆ مامۆستایان. | 86 |
| 7 | خشتەی (7) نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پەروەردە بۆ مامۆستایان. | 86 |
| 8 | خشتەی (8) هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. | 88 |
| 9 | خشتەی (9) هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کێشەی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە. | 89 |
| 10 | خشتەی (10) هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 91 |
| 11 | خشتەی (11) هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کێشەی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 92 |
| 12 | خشتەی (12) خستنەڕووی ناوەندەژمێریی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. | 96 |
| 13 | خشتەی (13) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ). | 98 |
| 14 | خشتەی (14) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس). | 98 |
| 15 | خشتەی (15) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیرکردن بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا). | 99 |
| 16 | خشتەی (16) خستنەڕووی ناوەندەژمێریی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 100 |
| 17 | خشتەی (17) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ). | 102 |
| 18 | خشتەی (18) ئەنجامەکانی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس). | 103 |
| 19 | خشتەی (19) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا). | 104 |
| 20 | خشتەی (20) ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی قوتابخانە (حکومی و ناحکومی). | 104 |

## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پاشکۆی (1) نوسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی (پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) | 122-119 |
| 2 | پاشکۆی (2) نوسراو بۆ بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری بۆوەرگرتنی داتاو زانیاری. | 123 |
| 3 | پاشکۆی (3) فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی بۆ کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. | 125-124 |
| 4 | پاشکۆی (4) فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی بۆ کێشەکانی وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 127-126 |
| 5 | پاشکۆی (5) ناوی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی برگەکانی هەردوو فۆڕمی ڕاپرسی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | 128 |
| 6 | پاشکۆی (6) هەڵسەنگاندنی ڕادەی گونجاوی ونەگونجاوی برەگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. | 132-129 |
| 7 | پاشکۆی (7) هەڵسەنگاندنی ڕادەی گونجاوی ونەگونجاوی برەگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کێشەکانی وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 137-133 |
| 8 | پاشکۆی (8) فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی بۆ کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە. | 141-138 |
| 9 | پاشکۆی (9) فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی بۆ کێشەکانی وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە. | 145-142 |
| 10 | پاشکۆی (10) ناو وجۆری خوێندن و ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەحکومیەکانی پەروەردەی ڕۆژئاوا. | 147-146 |
| 11 | پاشکۆی (11) ناو وجۆری خوێندن و ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەحکومیەکانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات. | 148 |
| 12 | پاشکۆی (12) ناو وجۆری خوێندن و ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومیەکانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. | 149 |

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکە

پێناسەکردنی چەمک و زاراوەکان

## کێشەی توێژینەوەکە:

پەروەردەو فێرکردن تەنیا وانەوتنەوەو کاری نێوقوتابخانە نییە، بەڵکوو دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ماوەی پێبدرێت و کاری بۆبکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش خۆمان بگونجێنین لەگەڵ دنیای سەردەم و سیستەمی پەروەردەی باش، وەک ئەو وڵاتانەی کەتوانیان لەسەرچاوە زانستی کەڵک وەربگرن و بگەنە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ کەسەرنجی ئێمەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە (وەیسی، ٢٠٠٨ : ٢). لەبەرئەوە تاچەند خزمەت بەڕەهەندە جیاوازەکانی بکرێت و هەوڵی بەرەوپێش بردنی لایەنەکانی بدرێت ئەواپەروەردەش بەئەمەکی خۆی لە وەدا دەبەخشێتەوە کەبەروبومێکی کامڵترو مرۆڤ گەلێکی شیاوو بەسوود پێشکەش بەمرۆڤایەتی بکاتەوە (ئەمین، ٢٠١٢:١١). ئەوە ئاشکرایە ئێستا گرنگی پەروەردە بۆتە بابەتێکی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری و بەرەوپێش چوون لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری، هەموو زانایان و شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی کەسیستەمێکی پەروەردەی باش و لێهاتوو لە ناو هەرکۆمەڵگەیەک دەبێتە هۆی گەشەپێدان و پێشکەوتن و پەرەپێدانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاک بەتایبەت وڵاتانی پێشەکەوتوو زۆرگرنگی بەپەروەردە دەدەن چونکە دەزانن کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەوگرفتانەی کە دێتەڕێی کۆمەڵگەو نەتەوە (طاهر، ٢٠٠٨: ٣). هاوکات ئەوە ڕوونە کە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەموو کایەکانی تر ئاڵۆزو دژوارترە هەربۆیە دەکرێت زۆر هۆکار ببێتە گرفتی پرۆسەکەو نەتوانرێت وەک پێویست و بەپێی هەبوونی خۆی ئەدابکرێت، پرۆسەی سەرپەرشتیکردنیش وەک یەکەیەکی کارگێری کە بەشێک و پایەیەکی پێکهێنەری بواری پەروەروەیەو ئامانجی سەرخستن و بەروەپێشبردنی سەرجەم کایەکانی ئەم بوارەیە، زۆرکات ئەوکێشانەی بۆ سەرپەرشتیاران دێنەپێش و دەبێتە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ئەمەش وادەکات سیستمی پەروەردە نەتوانێت کارەکانی بەباشی بەڕێوەبەرێت، لەگەڵ ئەمەدا ئەوکێشەوگرفتانەشی کە ڕووبەرووی مامۆستیانی پسپۆڕەبنەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕەنگدانەوەی کۆی ئەوگرفتانەیە کە لە سیستمی پەروەردەدا دێتە ئاراوە هەموو ئەمانە وادەکە کاریگەری خۆی ببێت لەسەر پێشکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەمەو بەرکەوتەی ڕۆژانەی ئەوگرفتانەی کە لەوبارەداو لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەت وایکردووە کە توێژەر ئەم کێشەیە هەڵبژێرێت و بیخاتە بەر شەنولێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارە سەرەکیەیانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان، دەکرێت هۆکارەکان خۆی لە لایەنی (کارگێڕی و بەڕێوەبردن و نەبونی

یاساو ڕێنمایییەکی سەردەمیانە و خراپی لایەنی ئابووری یان نەگەنجاوی پرۆگرام و هۆکارەکانی فێرکردن بۆوانەوتنەوە) ببینێتەوە کەهەموو ئەمانە وادەکەن دۆخێک دروستبێت کە هەریەک لە کارکتەری سەرکی پرۆسەی پەروەردە چ سەرپەرشتیاران یاخودا مامۆستایان نەتوانن بەوئەرکە هەڵبستن کە پێیاندراوە، لەبەرئەوە و بەتایبەت لێرەدا کە نموونەی توێژینەوە سەرپەرشتیاران و مامۆستیانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانەی بنەڕەتین لە ناوەندی شارسلێمانی ئەنجامدەدرێت بۆیە توێژەر پرسیارێکی لاگەڵالەبووە:

- کێشەی توێژینەوەکە: ئایەئەوکێشانە چین کە سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە ڕووی سەرپەرشتیاری و وانەوتنەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

بێگومان وانەوتنەوە پیشەیەکی وردەو پێویستی بەئامادەسازی تەواو هەیە پیشەیەک نییە هەرکەس مەعریفە و توانایەکی گشتی هەبوو بتوانێت پێی هەڵبستێت، ئامانجی وانەوتنەوە چاکردنی ڕەفتارە، دەبێت فێربوونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەوتنەوەبێت ئەگەرنا گرنگی و مانای خۆی لەدەست دەدات و بەوانەوتنەوەدانانرێت، وانەوتنەوە تەنیا چالاکییەکی سادەنییە لە کارو کاردانەوە بەڵکو وانەوتنەوە پیشەیەکی ئاڵۆزەو پێویستی بەزانیاری جۆراو جۆرەو توانای باش و کارامەیی پێویستە، بەواتایەکەی تر پرۆسەی وانەوتنەوە دەبێت مامۆستایەک پێی هەڵبستێت کە هێندە کارامەبێت بتوانێت کەشێکی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی باش بۆ فێرخواز دروستبکات بەشێوەیەک باشترین دەستکەوتی فێرکاری پەروەردەیی بەدیبێت (سیوەیلی، ٢٠١٤: ١٣-١٤). هەروەها وانەوتنەوە نوێنەرایەتی پرۆسەی جێبەجێکردنی پرۆگرام دەکات لە پەروەردەی قوتابخانەدا، لەڕێگەی ئەو ڕۆڵەی کە مامۆستا دەیگێڕێت وەک ئاسانکاری پرۆسەی فێربوون لە کاتی دۆخی فێربوونی پەروەردەییدا، وانەوتنەوە وەک کۆمەڵێک ڕێکار سەیر دەکرێت و مامۆستا لەگەڵ فێرخوازەکانیدا نمایشی-دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو بە شێوەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سنووردارەکان.، ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی کارلێک لە نێوان مامۆستا و فێرخوازاندا ڕوودەدات بەمەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی فێربوون و بەدەستهێنانی گشتگیروگەشەی تەواوەتی فێرخوازاندا (علي، ٢٠١١ :١٤٧). مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە دەگێڕێت لە هەر بەرنامەیەکدا هەموو چاکسازییەکی پەروەردەیی دەبێت لەوەوە دەست پێبکات و بۆ ئەوەی قوتابخانە بە شێوەیەکی گونجاو وەبەرهێنان لە تواناکانی فێرخوازندا بکات

دەبێت ئەزموونی پەروەردەیان بۆ دابین بکات کە یارمەتیان بدەن تا ئەوپەڕی ڕادە پەرە بەم توانایانە بدەن، بۆ ئەوەی قوتابخانە ئەم ئەرکە بەدەست بهێنێت پێویستە مامۆستایەکی لێهاتوو هەڵبژێردرێت و پێشترو لە کاتی خزمەتدا لە ڕووی فەرهەنگی و پەروەردەیەوە ئامادەیی بۆ بکرێت، مامۆستایە ئەو ژینگەیە پێکدەهێنێت کە دەتوانێت یارمەتی کردنەوەی لێهاتووی و تواناکانی فێرخوازان بدات، بەم پێیە زانیاری مامۆستا لەسەر ڕێگەکانی وانەوتنەوە و شێوازی گونجاو یەکێکە لەو داواکاریانەی کە مامۆستا پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لە فێرکردنیدا (خضر- ٢٠٠٦: ١١). چونکە مامۆستا گیانی متمانە و داهێنان و گۆڕنکاری گەشەپێدەدات (الرشیدی،١٩٩٩) ئاماژەبەوەدەکات کە چەند توێژینەوەیەکی هاوچەرخ لە بواری پەروەردەدا جەخت دەکەنەوە (60%) سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا سەرجەم ڕەگەزەکانی تریش لەپێڕەو چالاکی و بەڕێوەبردن، بەڕێژەی (40%) بەشدارن لەسەرخستنی پرۆسەکە، هەرلەم ڕوانگەیەوە گرنگیدان بەمامۆستا لەڕووی پێگەیاندن و ئامادەکردنی بۆ وانەوتنەوە بۆتەخەمی دەزگاکانی پەیوەست بەپەروەردە تامامۆستایەکی کارامەو لێهاتوو پێبگەینێت کە لە ئاست خواست و چاوەڕوانی ئەواندابێت (سیوەیلی، ٢٠١٤:٥). هەموو بوارێک لە بوارەکانی ژیان پێویستی بەلایەنێک هەیە کەسەرپەرشتی کارەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و ڕێگای چاودێری کردن و پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی کارەکان بکات، بۆیە لێردا و سەرپەرشتیاری پەوروەردەیی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا گرنگی زۆری هەیە، کەسەردانی مامۆستایان دەکات و کارەکانیان هەڵدەسەنگێنت و لە هەوڵی پەرەسەندن و باشترکردنی ژینگەی فێرکردندایە (حسن، ٢٠١٤: ١٦٨). سەرپەرشتیی پەروەردەیی وەک ئەرکێکی سەرکردایەتی لە کرداری پەروەردە و فێرکردندا، پێوەرێکە بۆڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی سیستەمی پەروەردەیی، بۆیە نوێکردنەوە پەرەپێدانی بەردەوامی و بەزاندنی سنوری چەمکە باوەکەی ئەرکێکی ناوەندی سیستەمی پەروەردەیە بەتایبەتی لەسەردەمی گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا، هەر لەم بارەی سەرنجەوە چاوخشاندنەوە بەم دەزگا گرنگەدا و پەرەرپێدانی یان دۆزینەوەی بەدیلێکی گونجاو بۆ ئەورۆڵە سەرکردایەتییەی بەشێوەیەک لەسیماو جەوهەردا پێ بەپێ ئاڕاستە پەروەردەیە نوێیەکانی جیهان هەنگاو هەڵگرێت (قەرەداغی، ١٩٩٩: ١٠٥). سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تەوەرێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیە و دەبێت پەرەی پێبدرێت، بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن لەگەڵ پێشهاتەکانی سەردەمدا هاوسەنگ بن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکێکە لە شێوازەکانی پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوونی پەروەردەیی لەگەڵ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پەروەردەدا کە پەیوەندی بە گەشەسەندنی بەردەوامەوە هەیە هەروەها یەکێکە لەو خزمەتگوزارییە پیشەیانەی کە لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەوە

پێشکەش دەکرێت بە ئامانجی هاوکاریکردنی مامۆستایان و دابینکردنی توانای جێبەجێکردن و پەرەپێدانی پرۆگرام و پەرەپێدانی ژینگەی گونجاوی پەروەردەیی کە ئەمەش کاریی گەڕانەوەی پەروەردەیی زیاد دەکات، بەگشتی ڕەوتە پەروەردەییە مۆدێرنەکان داوای ئەوە دەکەن کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پرۆسەیەکی بەردەوامی یەکگرتوو بێت، ئەمەش بریتییە لە هاوکاری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕێگرن لە گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە، جگە لە چارەسەرکردنی بۆچوونەکان لەسەر ئەو پرسانەی کە سروشتی کاری پەروەردەیی دەیسەپێنن (أللخاوي، ٢٠١٠ : ٣). لەبەرئەوەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پرۆسەیەکی پەیوەندیی مرۆییە لە نێوان کارگێڕی پەروەردە و کارگێڕی قوتابخانەداو ئامانجی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوونە لەڕێگەی کارلێکی سەرجەم توخمەکانی پرۆسەی پەروەردەییەوە، هەروەها پێشکەشکردنی فیدباکە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەیی و گرنگیدان بە باشترکردنی ئەدای مامۆستایان و دیاریکردنی گونجاوی پرۆگرامەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی فێرخوازان و بەکارهێنانی تواناکان و سەرچاوەی ماددی و مرۆیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکاندا (أبوشملة، ٢٠٠٩: ٣). بۆیە چیتر ڕۆڵی سەرپەرشتیار تەنها بەدواداچوون بۆ مامۆستا لەکاتی جێبەجێکردنی پلانی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن بە مانا تەسکەکەیان یاخود هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەو لە پۆلدا سنوردار نییە، بەڵکو سەرکردایەتی گەشەپێدان و گۆڕانکاریی هەمەلایەنەو بەردەوام دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئەو ڕۆڵەو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی سەردەم، بۆ زیادکردنی کاریگەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەرەو ئەنجامدانی ئەم ڕۆڵە نوێیە پێویستە لە بەکارهێنانی شێوازە مۆدێرنەکان لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و سوودوەرگرتن و باشترکردنی پرۆسەی فێربوونی پەروەردەیی و گواستنەوەی سیستمی بەرەو جۆریەتی باشترو ڕاستەقینەیەی کە لە دەیەکانی داهاتوودا ڕووبەڕووی پەروەردە دەبێتەوە، وەک ئامرازێک بۆ چاکسازی پەروەردەیی، و یەکێک لە پایە سەرەکییەکان بۆ هاوسەنگی لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانی و ناوخۆییەکان و هەوڵدان بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێت (المقيد ٢٠٠٦: ٤).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەداخۆی دەبینێتەوە کە دەبێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ دەستخستنەسەرو نیشاندانی سەرجەم ئەو کێشانەی کە لە بواری سەپەرشتیکردن و وتنەوەی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ڕووبەڕووی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەقوتابخانە بنەڕەتیەکان دەبێتەوە وە لەڕێی ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیدەگات و ئەو پێشنیارو ڕاسپاردانەی کە لێی دێتەبوون، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت گرنگی توێژینەوەکەو لایەنی سودمەندبوو لەم چەند خاڵەدابخەینەڕوو:

١- ئەم تــوێژینەوە دەبێــتە بەرچــاوڕوونییەک بــۆ دام و دەزگــای مــیری لە بــواری پەروەردە کە هەوڵی چارسەرەکردنی ئەوکێشانەبدەن کەڕووبەڕووی بواری پەروەردە و فێرکردن دەبێتەوە.

٢- توێژینەوەکە گرنگە بۆ یەکەی سەرپەرشتیاری کە وەک بەرچاوڕوونی بۆ هەوڵدان و ڕووبەڕووبونەوەی ئەوکێشانەی کە دێنەبەردەمیان وەک یەکەیەکی کارگێڕی و پسپۆڕی.

٣- گەیشــتن بە دەرئەنجــام و ڕاســپاردەکان گــرنگی ئەم تــوێژینەوەیە زیــاتر دەکــات و دەبێــتە کــار ئاســانی بــۆ چارسەرکردنی گرفت و تەنگەشەکان.

٤- بــۆ سەرپەرشــتیارانی پســپۆڕی بابەتەکۆمەڵایەتییەکــان لە ڕووبەڕووبــونەوەی کێشــەکان دەبێــتە بەرچــاو ڕوونیەک کەلەکاتی سەردانییەمەیدانییەکانیان بۆ قوتابخانەکان کەدێتەڕێیان.

٥- گرنگــە بــۆ مامۆســتایانی پســپۆڕی بابەتەکۆمەڵایەتییەکــان لە ڕووبەڕووبــونەوەی کێشــەکانی کە لەکــاتی وانەوتنەوە لەقوتابخانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٦- بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە بەزمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکانی بواری پەروەردە بۆ فێرخوازو توێژەران و ئاشنابوونیان بە کێشەکانی وانەوتنەوەو سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی.

٧- وەک سودو سەرچاوەیەک بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەلەم بوارەدا هەوڵی زانستی دەدەن بۆ بەرەوپێشبردنی لایەنی پەروەردەیی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بە دەستهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:-

١- دیــاریکردنی تــەوەرەو ڕێــژەی کێشــەکانی سەرپەرشــتیکردنی بابەتەکۆمەڵایەتییەکــان لە ڕوانــگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

٢- دیــاریکردنی تــەوەرەو ڕێــژەی کێشــەکانی سەرپەرشــتیکردنی بابەتــەکۆمەڵایەتییەکــان لە ڕوانــگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی:

أ- ڕەگەز(نێر و مێ)

ب- بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)

ت- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

٣- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە.

٤- دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی:

أ- ڕەگەز (نێرو مێ)

ب- بڕوانامە ( ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس)

ت- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

ث- قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)

## سنوری توێژینەوەکە:

- ✓ **سنوری مرۆیی:** سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا.
- ✓ **سنوری شوێنی:** قوتابخانە بنەڕەتییە حکومی و ناحکومیەکانی سەربە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەورەردە کە بریتی یە(بەڕێوبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە شاری سلێمانی.
- ✓ **سنوری کاتی:** ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).
- ✓ **سنوەری بابەتی:** کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

## پێناسەی زاراوەکان:

- **کێشە:**

**وبستر (١٩٨٧)** :

دۆخێکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت، وەک ئەوەی پرسێک بێت یان کەیسێکی ئاڵۆزبێت بۆ کەسێک (الحسین، ١٩٨٧ :١١).

**الحريرى و أخرون (٢٠٠٨) :**

ئەنجامێکی نەخوازراوە و پێویستی بە دەستکاریکردن هەیە، بەو پێیەی حاڵەتێکی گرژی و ناڕازیبوونە لە ئەنجامی بوونی هەندێک سەختی لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان کەدێتەپێش، هەروەها کێشەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت کاتێک تاکەکان نەتوانن ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی کارو چالاکییە جیاوازەکان بەدەست بهێنن (الحريري و أخرون، ٢٠٠٨: ١٢).

**أبو أسعد (٢٠١٠) :**

دۆخێک کە تاک بەدوای ئامرازی کاریگەردا دەگەڕێت بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستێک یان ئاستەنگێک کەڕێگرە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەنرخ (أبو أسعد، ٢٠١٠ :٣٢).

**ڕەمەزان و ئەلیکساندرۆڤان (٢٠١٨):**

کۆمەڵێک حاڵەت و تەنگەژەو بابەتی گرانن و بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریان لەسەر ئاستی بەدیهێنانی دەستەکەوتەکان هەیە (Ramadan & Aleksandrovna, 2018: 3) .

**جۆن دێوی (٢٠٢٠):**

بریتییە لە هەستکردن بەئاستەنگی و دژواری، یان شتێکە تاکەکەس سەرسام دەکات و دەیخاتە دڵەڕاوکێوەو ناهێڵێت هزرو بیرکردنەوەی ئارام بێت تابەوردی ئەوشتە نەزانێت و دیاری نەکات (بۆکانی، ٢٠٢٠: ٦٢).

**پێناسەی توێژەر بۆ کێشە بەسودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە:** دۆخێکی نەرێنییە کە ڕووبەڕووی پرۆسەیەک دەبێتەو ئەمەش دەبێتە هۆی بەرێکردنی کارەکان بەشێوەیەکی لاواز بۆ بەدیهێنای ئامانجەکان، لە پرۆسەی پەروەردەشدا دروستبوون و هاتنەکایەی کێشەکان دەبنە لەمپەر لە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان کە مەبەست لێی فێرکردن و فێربوونە.

- **سەرپەرشتیکردن:**

**ئۆگونسانجو و سێگون (١٩٨٣) :**

لە چوارچێوەی قوتابخانەدا، وا لە سەرپەرشتیکردن دەڕوانرێت کە پرۆسەیەی چاودێریکردن و گفتوگۆو بڕیاردانە لە لایەن بەڕێوبەرو سەرپەرشتیارانی پەروەردەوە لە پێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا (Ogunsanju, Segun ,1983: 2).

**أدمز (١٩٩٨) :**

سەرپەرشتیکردن خزمەتگوزارییەکی تەکنیکییە لەسەر بنەمای پلاندانانی دروست کە ئامانجی باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە (الخطيب و أخرون، ١٩٩٨: ١٢٧).

**ئۆلۆردۆ و ئادیمۆ (٢٠١٢) :**

بریتییە لە ڕێنوێیکردنی ڕۆژانەی سەرجەم کردارە پەروەردەییەکان و ڕێکخستنی کاری ورد و گەشەسەندنی پەیوەندی کارای کاریگەر لە نێوان گشت ئەوکەسانەی کە لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا بەشدارن، بە مانایەکی تر سەرپەرشتیکردن بڕبڕەی پشتی چاکسازی پەروەردەییە(Olorode & Adeyemo , 2012: 1 ).

**زاید (٢٠١٣) :**

بریتییە لە هەموو ئەو چالاکییە پەروەردەییە بەردەوام و ڕێکخراو و هاوبەشانەی کە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایان خۆیانەوە ئەنجام دەدرێن، بە مەبەستی باشترکردن و پەرەپێدانی توانا پەروەردەییەکانی مامۆستایان، کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون (زاید، ٢٠١٣:١٢).

**بۆکانی (٢٠٢٠) :**

پرۆژەیەکی هەرەوەزییە لە نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستادا بۆ پەرەپێدان و باشکردنی پرۆسەی فێرکردن لەڕێی شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنەوە کە سەرپەرشتیار بەمیکانیزمێکی دیموکراسی و دیالۆگوگفتووگۆی بەرهەمدار بۆمامۆستای ئەخاتەڕوو (بۆکانی، ٢٠٢٠: ٢٤٧).

**پێناسەی توێژەر بۆ سەرپەرشتیکردن بەسودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە:** پرۆسەیەکی چاودێری و ڕێنمایکردنێکی گشتگیرو بەردەوامە لە نێوان پەروەردە و کارگێری قوتابخانەکاندا بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی سەرجەم کاروچالاکیەکانی بواری پەروەردە و فێربون، ئەمەش هەریەک لە سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو مامۆستاو فێرخواز پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ دەبن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەرەوەردەییەکان.

**پێناسەی ڕێکاری کێشەکانی سەرپەرشتیکردن:** بریتییە لە و نمرەیەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرپەرشتیاران) لە وەڵامدانەوەی برگەکانی ئامرازی توێژینەوەی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا وەریدەگرن.

- **وانەوتنەوە:**

**الحیلة (٢٠٠١)** :

پرۆسەی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو فێرخوازە، وە بە واتای گواستنەوە لە حاڵەتێکی دەروونییەوە بۆ حاڵەتێکی تر کە تێیدا گەشەی فێرخواز لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر ڕوودەدات، لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی پەروەردەیی کە کاریگەرییان لەسەری هەیە (الحیلة،٢٠٠١ :٤٦).

**الحریري (٢٠١٠)** پێناسەی وانەوتنەوەی کردووەبەوەی:

بریتییە لە پرۆسەی کارلێککردن و ئاراستەکردن و پراکتیزەکردنی چالاکییەکان و پێدانی زانیاری لە نێوان مامۆستاو فێرخوازەکانیدا (الحریري، ٢٠١٠: ١٨).

**علي (٢٠١١)** :

وانەوتنەوە کۆی ئەوڕێکارو چالاکییە پەروەردەییە فێربوونەیە کە مامۆستا مەبەستیەتی و لەبەردەستیدایە، لە ڕێگەیەوە کارلێک لەگەڵ فێرخوازا دەکات بەمەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی فێربوون و بەدەستهێنانی گشتگیرو گەشەی فێرخواز (علي، ٢٠١١ : ١٤٧).

**سێکویرا (٢٠١٢)** :

بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداوی دەرەوەیی فێرخواز کە دیزاینکراون بۆ پاڵپشتی پرۆسەی فێربوون لەناخدا (Sequeira, 2012: 3).

**ڕاجاگۆپالان (٢٠١٩)** :

بریتییە لە پرۆسەو کۆمەڵێك شێوازو ڕێگای وانەوتنەوە کە مامۆستا بەکاردەهێنت و کە تێیدا لەو ڕێگەیەوە فێرخواز فێردەبێت (Rajagopalan, 2019: 5).

**پێناسەی توێژەر بۆ وانەوتنەوە بەسودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە:** بریتییە لە پرۆسیەکی ڕێکخراو کە بەچەندین شێواز و ڕێگە مامۆستا هەوڵی گەیاندنی وانەو بابەتاکانی پرۆسەی خوێندندەدات ئەمەش بۆ گەشەپێدانی تواناو فێربوونی فێرخوازان.

- **بابەتەکۆمەڵایەتییەکان:**

**ویلیام جۆیس (٢٠٠٢)** :

بابەتەکۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی مرۆڤە بە ژینگەیی شارستانی و ژینگەی سروشتییەوە (السکران،٢٠٠٢ :١٨).

**خضر (٢٠٠٦)** :

زاراوەی بابەتی کۆمەڵایەتی بەزۆری بۆ ئەو پرۆگرامانەی قوتابخانە بەکاردەهێنرێت کە لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندیدا دەخوێندرێن، کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆییەکان و ئەو ئامرازانە هەیە کە ئەم پەیوەندییانە بە باشترین شێوە دروست دەکەن (خضر، ٢٠٠٦:١٩).

**خاطرو أخرون (٢٠١٠)** :

زاراوەی "بابەتە کۆمەڵایەتییەکان" بۆ کۆمەڵێک پرۆگرام و بابەتی قوتابخانە لە مێژوو، جوگرافیا، مەدەنی، کۆمەڵناسی، ئابووری، لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا، فەلسەفە، لۆژیک، دەروونناسی و ئەخلاق بەکاردەهێنرێت.

هەموویان بە سروشتی خۆیان بابەتێکن کە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو و ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگەدا دەکەن و لە لایەکەوە خەمی لێکـۆڵینەوە لە پەیوەنـدییەکانی مـرۆڤن، لە لایەکی دیکەشـەوە پەیوەنـدی مـرۆڤ بە ژینگەکەیەوە (خاطرو أخرون، ٢٠١٠ :٩).

**سیویلی (٢٠١٢) :**

ئەو بابەتانەی کە لە پۆلەکانی بازنەی دووەم و سێیەمی قۆناغی پەروەردەی بنەڕەتی (پۆلەکانی 4-9) لە هەرێمی کوردسـتانی عێراقـدا دەخوێنـدرێن، کە مـامەڵە لەگەڵ مـرۆڤ و کۆمەڵگـاو ژیـنگەی دەوروبەری دەکەن بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، کەبەبەتەکانی (مێژوو، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی) لەخۆدەگرێت (سیویلی، ٢٠١٢: ١٢).

**اللباد (٢٠٢١) :**

زاراوەی بابەتی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ هەر لقێکی زانست کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەبێت و لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لەخۆ بگرێت (اللباد، ٢٠٢١: ٢٠٨).

**پێناسـەی تـوێژەر بۆ بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەسـودوەرگرتن لـە پێناسـەکانی دیکە:** لەپرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێمدا بەفەرمی بۆ خوێندنی قوتابخانەبنەڕەتییەکانی هەردوو بازنەی (دووەم سێیەم) واتە (**پۆلەکانی ٤ بۆ ٩ بنەڕەت**) لە دووتوێی پەرتوکێکدا کە هەریەک لە وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشـتیمانی) لە خۆدەگرێت بۆپێگەیانـدنی فێرخـوازە لەڕووی کەلتـورو شـارەزای ڕابـردوو و گـرنگی ژینگەی و مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتیانەی لە کۆمەڵگەکەیدا.

**پێناسـەی ڕێکاری کێشـەکانی وتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان:** بریتییە لەو نمرەیەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە (مامۆستایان) لە وەڵامدانەوەی ئامرازی بەکارهاتووی ئەم توێژینەوەیەدا وەریدەگرن.

- **سەرپەرشتیار:**

**سفر (٢٠٠٨) :**

پسپۆڕێکی تەکنیکیکە ئەرکی سەرەکیی یارمەتیدانی مامۆستایانە لە گەشەکردنی پیشەیی و چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەروەردەییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی بۆ باشترکردنی شێوازەکانی فێرکردن و ئاراستەکردنی پرۆسەی خوێندن بە ئاڕاستەی دروست (سفر، ٢٠٠٨: ١٦).

**القاسم (٢٠٠٩) :**

ئەو کەسەیە کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەڕێگەی شێوازو چالاکی جۆراوجۆری چاودێرییەوە لە ئەستۆدەگرێت (القاسم، ٢٠٠٩ :١٤).

**المغیدي (٢٠١٠) :**

ئەو کەسەیە کە لەلایەن بەشی پەروەردەوە ڕاسپێردراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان بەمەبەستی باشترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە و فێربوون (الغول،١٠:٢٠١٠).

**القفعي (٢٠١١) :**

ئەو کەسە شایستەو شارەزای پەروەردەیە کە لەلایەن بەشی چاودێری پەروەردەیی لە بەشی پەروەردە ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت لە یارمەتیدانی مامۆستایان و دابینکردنی پاڵپشتی و گەشەپێدانی مامۆستایان بە شێوەیەکی پیشەیی و باشترکردن و بەدواداچوونی پرۆسەی خوێندن و دەوڵەمەندکردنی بەو شتانەی کە نوێن لەبوارەکەدا ( القفعي، ٢٠١١: ١١).

**پێناسەی توێژەر بۆ سەرپەرشتیار بەسوودوەرگرتن لە پێناسەکانی دیکە:** ئەوکەسەیە کە دوای بەدەستهێنانی ئەزموونێکی زۆرو کارکردن لەبواری پەروەردە و وانەوتنەوەدا ئەوپلەیە بەدەستدەهێنێت و

دەبێـتە هاوکـارو چـاودێری مامۆسـتاو کـارگێڕی قوتابخانەکـان ئەمەش بـۆ باشـترکردنی بـواری پەروەردەو دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوون و فێرکردن.

- **مامۆستا:**

**سێنگە (٢٠٠٠) :**

ئەو پسـپۆڕ (شـارەزا)ەیە کە توانـای بەخشـینی ئەو زانیاریـانەی هەیە بـۆ یـارمەتی دانی فێرخـواز لە بنیاتنـان و ناسینەوە و بەدەستخستنی ئەو کارامەییانەی کە بەکاردێن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی کێشەو ئاستانگییەکانی ژیان، زانیاری و کارامەیی و بەها دەبەخشێتە فێرخوازان بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەسەندن (Senge, 2000: 26) .

**الشهري (٢٠١٣) :**

مامۆسـتا ئەرکـێکی گرنـگ و بەرزی هەیەو فێرخـوازی پێسـپێردراوەو بە شـێوەیەکی سـەرەکی بەرپرسـیارە لە پەروەردەکـــردنی بە شـــێوەیەکی بـــاش و گەیشـــتن بە ئامانجەکانیـــان و هاوکـــات بەدیهێنـــانی ئامـــانجە پەروەردەییەکان لەگەڵیاندا (الشهري، ٢٠١٣:٢).

**شواریَ (٢٠١٣) :**

مامۆستا ئەو فەرماندە پەروەردەییەیە، کە پێشەنگی پرۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکانە، ڕێنوێنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەو فێرخوازانەیەکە وانەیان پێدەڵێتەوە (شواریَ، ٢٠١٣: ٥١).

**زەنگەنەو ئەوانی تر (٢٠١٧) :**

مامۆسـتا ئەوکەسـەیە کەئامـادەکراوە بـۆ وانەوتـنەوە لە قوتابخـانەو قوتابخـانەکانـدا، کەپێویسـتە زانیـاری و زانسـتی لە پسـپۆڕی خـۆی ئەوەنـدە هەبێت، کە بەسـەرکەوتووی پراکتیزەی وانە خوێندن بکات، لە هەمـان کاتدا پێویستە شارەزای دەرونزانی و ڕێگە و شێوازی وانەوتنەوەبێت ( رسوڵ، ٢٠١٧ :٨٠).

**أسعد (٢٠١٨) :**

بـریتییە لە کـاری گەیانـدنی زانیـاری بە فێرخـواز واتە پرۆسـەی فێرکـردن، یارمەتیـدانی فێرخـوازدەدات بـۆ ئاشـتکردنەوەی خـۆی (پێداویسـتی و گەشـەکردن) و ئەو ژیـنگەیەی کە تێیـدا دەژی مامۆسـتا لەم دۆخەدا فێرخواز ڕێنمایی دەکات بە مەبەستی کارلێککردن بەرەو ئامانجە خوازراوەکانی (أسعد، ٢٠١٨ :١٣).

**پێناسـەی تـوێژەر بۆ مامۆسـتا بەسـودوەرگرتن لە پێناسـەکانی دیکە**: مامۆستا ئەوکەسـەیە کە لە پسپۆڕی وانەکەیـدابەتایبەت و لە بـوارە پەروەردەیەکانـدا بەشـێوەیەکی ئەکادیمی ئامـادەیی بـۆکراوەو وەلەڕێگەی ئەو پاشخانە زانستییەوە ئامانجی پەروەردە دەگەیەنێت بە فێرخوازان کە ئەویش پەروەردە و فێربوونە.

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## توێژینەوەکانی پێشوو

## چوارچێوەی تیوری توێژینەوەکە:

## چەمکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

وشەی سەرپەرشتیکردن لە زۆر بواری جیاجیای ژیانماندا بەکاردێت وەك چاودێریکردنی خەڵکی یان ئاڕاستەکردنیان یان بزواندنی چالاکی و کارەکانیان بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمەکانیان، وشەی سەرپەرشتیکردن وەك زاراوە: مانای بوونی پەیوەندی پیشەییە لە نێوان سەرپەرشتیارو لەنێوان ئەوانەی کەسەرپەرشتی دەکرێن، کەخۆی دەبینێتەوە لە دەسەڵاتی دەزگایەکدا کە هەر دوولا ڕەزامەندن لەسەری، بەڵام هەندێکی تر وای دەبینن کە سەرپەرشتیکردن بریتییە لە جۆرێك لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندیدار کەبەندە بەدەسەڵاتێکەوە لەسەرکاری کەسانی تر(عەزیز، ٢٠١٤: ٢٢١). لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پەرەسەندنێک لە چەمکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەدا ڕوویداوە هەروەک چۆن لە زۆرێک لە چەمکە پەروەردەییەکاندا ڕوودەدات، کە لە ئەنجامی توێژینەوە پراکتیکەکانی پەروەردەدا گەشە دەکەن بە تایبەت دوای ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کەموکوڕییەکانیان ئاشکرا کرد لە شێوازەکانی پێشووی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی (پشکنین و ڕێنمایی) لەبەر ئەوە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی مۆدێرن هەوڵیدا خۆی لە کەم و کوڕییەکان بەدوور بگرێت لەڕێگەی تێڕوانینێکی گشتگیرەوە بۆ پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە (الشهری،٢٠١٣: ١٠). بەمەش سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پێشکەوتنی زۆر و جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە بەو پێیەی ئەرکەکەی بە چاودێریکردنی قوتابخانەکان و پێکهاتەو ئامێرو بەڕێوەبەرو مامۆستایان و ڕادەی پێشکەوتنی فێرخوازان لە ڕووی زانستییەوە و پاشان حوکمدان و بڕیارەکانی کۆدەکرێتەوە لە پاداشت یان سزا، تا ئەو کاتەی چاودێری مانا گشتگیرەکە وەردەگیرێت بۆ سەرپەرشتیکردن کە هەوڵدەدات هەموو ئەو هۆکارانە شیبکاتەوە کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هەیە، کەواتە پرۆسەیەکی مرۆیی و سەرکردایەتی و پەروەردەییە کە ئامانجی سەرەکیی باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە لە ڕێگەی ژینگەی کارەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردە لە هەمان کاتداو دابینکردنی هەموو شارەزایی و توانا ماددی و تەکنیکیەکان بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی هەموو ئەم لایەنانەو بەدواداچوونی پێویست بەپێی پلاندانانی زانستی و جێبەجێکردنی بابەتیانە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون (السبیل،٢٠١٣: ٦٧). سەرباری هەموو ئەمانە لە بواری سە رپەرشتیکردنی پەروەردەیدا بەخێوکاران و توێژەران ڕێك نەکەوتوون لە سەرپێناسەیەکی دیاریکراو لە سەربنەمای تێگەیشتنی سەرپەرشتیکردن، هۆی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە

بۆ جیاوازی فەلسەفەو بۆچوونیان لەسەرناوەرۆك و فەرمانەکەی و شیکردنەوەیان لەچوارچێوەیەکی گشتیدا، هەندێ لەوانە کاری سەرپەرشیکردن کورت دەکەنەوە بۆ (کرداری فێرکردن لەناو پۆلداو هەڵسەنگاندنی ئەوەی کەمامۆستاپێی هەڵدەستێ) هەندێکی تر وای دەبینن، کە ( رێگەیەکی سەرەکییەو پێویستە بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ مامۆستا لەکرداری فێرکردندا)و بەشێکی تریان ئامانجی سەرپەرشتیکردن لەوەدا دەبیننەوە، کە (پێدانی خزمەتگوزاری پەروەردەییە بە فێرخوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دەستنیشانکراو) (عزیز، ٢٠١٤: ٢٢٢).

## سەردەم و قۆناغەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

### - قۆناغی سەرپەرشتیکردنی کۆن (کلاسیکی):

لە چەمکی سەرپەرشتیکردنی کلاسیکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مانای (پشکنین) دەبەخشێت ئەمەش درزی خستبووە نێوان مامۆستاو سەرپەرشتیارەوە چونکە سەرپەرشتیار وەکودەسەڵات بۆ لێپرسینەوەو دۆزینەوەو نەهێشتنی هەڵەکان هاتووە نەوەك ڕاستکردنەوەو یارمەتیدان (پەتی، ٢٠١٤: ٣٩). پشکنینی مامۆستایان لە ڕێگەی سەردانی لەناکاو بۆ پۆلەکان بۆ ئەوەی بزانن ڕادەی پابەندبوونیان بەو ڕێنمایی و فەرمانانەی کە بۆیان دەرچووەو بۆ زانینی کەم وکوڕی و هەڵەکانیان بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، (پشکنەر) دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبوو کە توانای گواستنەوەی مامۆستایانی هەبوو، پلەیان بەرز بکاتەوە یان نا هەروەها ڕاپۆرت بنووسێت بۆ دەرکردنیان، پشکنەر زۆرجار بەخۆبەزلزانینەوە کارەکانی پراکتیزە دەکرد (السبیل، ٢٠٠٩: ٦٨). لە ئەنجامی ئەم بڕیاردانە نابابەتییانە کەپشکنەر پێی هەڵدەستا وێنایەکی خراپی دروست کردبوو لای مامۆستیان کە بریتی بوو لەپەتکردن و ترس و نەمانی بڕوا بەخۆیان جابەهۆی ئەو چالاکی و ڕەفتارانەی لە پشکنیندا دەکرا ڕەخنەو کاردانەوەیەکی زۆر فراوان سەری هەڵداو داوای گۆڕانکارییان دەکرد لەو بوارەداو بانگەشەی ئەوەدەکرا کەپێویستە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن بەرەوپێش بڕوات و لەکاروانی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مۆدرێنەدا دانەبڕێت (عزیز، ٢٠١٤: ٢٢٥).

### تایبەتمەندیەکانی سەرپەرشتیکردنی کۆن (کلاسیک):

١- پشکنەر پێی وابوو کە هەندێك شێوازی سەرکەوتووی وانەوتنەوە هەیە، کە بەتەنیا پشکنەر دەیزانێت، بۆیە هەڵدەستا بەپێشکەشکردنیان بە مامۆستایان بە شێوەی فەرمان بەسەرکردنیاندا.

٢- پشكنينەكە پرۆسەيەكی شەخسی بوو، ئامانج لێی دۆزینەوەی عەیب و هەڵەكان بوو بەبێ ئەوەی بتوانرێت پێشنیاری ئەرێنی بۆ چارەسەر بخرێتەڕوو.

٣- پشكنەر لە ڕێگەی دەرەنجامی فێرخوازەكانەوە كارەكانی مامۆستای هەڵدەسەنگێنێت، لە كاتی سەردانیكردنی بۆ پۆلەكاندا تاقیكردنەوە بەفێرخوازەكان دەكات، ئەنجامەكانیش تاكە بنەمایە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا.

٤- پشكنەر ئەو كەسەیە كە دەسەڵاتی یەكەمی هەیەو فەرمان دەردەكات، چونكە هەرئەو بناغەكانی پەروەردەی سەركەوتوو دەزانێت، بۆیە لە پشكنینەكەدا شێوازی دڕندەیی و پاوانخوازی بەكاردەهێنا (الخطیب وأخرون، ١٩٩٨: ١٧٩).

٥- حوكمدان و چاودێری و هەڵسەنگاندنی كۆی گشتی پشكنەر تەنها دەرچەیەكە بۆ ڕێنماییەكان.

٦- بوونی پەیوەندییەكی گرژو خراپ لە نێوان پشكنەران و مامۆستایاندا هۆكاربوو بۆ پەرەسەندنی ترس و بێ متمانەیی (السبیل، ٢٠٠٩: ٦٩).

٧- جەختكردنەوە لەسەر دەسهاتی فێرخواز لەبری گرنگیدان و هەڵوێستەكردن لەسەر گرفت و هەڵوێستە فێركارییەكان.

٨- مامۆستا تەنها بە ئامڕازێک بۆ گوێگرتن و جێبەجێكاری ڕێنماییەكانی پشكنەر دادەنراو لایەنی مرۆییەكەی پشتگوێ دەخرا (عزیز، ٢٠١٤: ٢٢٦).

**- قۆناغی سەرپەرشتیكردنی نوێ و سەردەمیانە:**

پرۆسەی سەرپەرشتیكردن بە مانا نوێكەی ئامانجی ئەوەیە كە لێهاتوی مامۆستا پەرەپێبدات و وزەو تواناكانی گەشەپێبدات لەسەر بیركردنەوەی بابەتیانە، لەم شێوەدا دەردەكەوێت كە "پرۆسەی سەرپەرشتیكردن" زۆرێک لە پراكتیكییەكان و بەشێک لە چەمكەكانی گۆڕیوە، لەبەر ئەوە سەرچاوەی پرۆسەی سەرپەرشتیكردن لەسەر بنەمای سەیركردن لە دەرەوەدا وەک بابەتێكی بنەڕەتی دەمێنێتەوەو كەشتێكی كاریگەری پێدەبەخشێت و یارمەتی دەدات بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی (زاید، ٢٠١٣: ١٥). لەچەمكی نوێدایە سەرپەرشتیكردن پتر مانای هاوكاری مامۆستاو كارگێڕی لەچۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن دەبەخشێت بۆ خودی مامۆستاو ڕێنماییە نوێیەكان دەبێتە پاڵپشت و گۆڕانكارییەكانی سەردەمی پێدەگەیەنێت (پەتی، ٢٠١٤: ٣٩).

بەم پێیە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ڕەهەندی نوێی وەرگرتووەو ئامرازو میتۆدەکانی پەرەپێداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەسەندنی پرۆسەی پەروەردەدا بگونجێت ئەمەش بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتەدا بناغە دروستەکانی بەڕێوەبردنی زانستی وەربگرێت و بڕوای بە توانای کارکردن و کاریگەریی کارلێکی کرانەوەیی لەسەر دەرئەنجامەکانی پرۆسەی پەروەردەیی لە لایەنە هەمەجۆرەکاندا هەبێت و دەستی یارمەتی درێژ دەکات بۆ یان و پەرە بە تواناکانیان بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان، بۆ تێگەیشتن لە دوو لایەنی بنەڕەتی بەڕێوەبردن ئەوانیش زانست و هونەرە... ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی کە لە بواری سەرپەرشتیکردن ڕوویاندا مەرجی نوێیان بەسەر سەپەرشتیاری پەروەردەدا سەپاند کە ئاسۆی فراوانی کردەوە بۆیە ئامرازو داهێنانی بۆ ناسێندرا کە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێت کە بەدوای بەدەستهێنانیدا دەگەڕێت (الأسدی وأخرون، ٢٠٠٣: ١٤). هەروەها پەرەپێدانی چەمکی نوێی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی وەک پرۆسەیەکی کارلێککردن مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی مامۆستایە بۆ بەرزترین پلەی مومکین بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای پەروەردەیی، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە وەک سەرکردەیەکی پەروەردەیی کە گرنگی بە تواناو گەشەکردنی مامۆستا دەدات و یارمەتی دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەربۆیە چەمکی نوێی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەوە جیا دەکرێتەوە کە لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان سەرپەرشتیاری پەروەردە لە لایەک و مامۆستا لە لایەکی ترەوە دامەزراوە (الخطیب واخرون، ١٩٩٨: ١٨٢).

**تایبەتمەندیەکانی سەرپەرشتیکردنی نوێ و سەردەمییانە:**

١- کردارێکی دیموکراسیانەی ڕێکو پێکە لەسەر بنەمای نەخشەیەکی زانستی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بەکۆمەڵ.

٢- هەموو ڕەگەزەکانی کرداری پەروەردەی دەگرێتەوەو کاردەکات بۆ چاکردن و پەرەپێدان و گۆڕانکاری بەرەو باشتر.

٣- گرنگی بە هەڵسەنگاندنی پێگەی پۆل دەدات (عزیز، ٢٠١٤: ٢٣١).

٤- متمانەو ڕێزگرتن لە یەکترو پەیوەندی کراوەو ئینتیما دەبەخشێت.

٥- یاوەری و هەماهەنگی و هاوکاری هەیە لە نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستایان.

٦- چاودێریکردن و شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی بەربەستەکان.

٧- هاوکاری مامۆستاو بەشداریکردنی لە پرۆسەی باشترکردنی دەربڕین و شێوازی کارکردن (السبیل، ٢٠٠٩: ٦٩).

## ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

زۆرێک لە توێژەران و ئەوانەی ئارەزووی بواری کاری پەروەردەیی دەکەن، جەخت لەسەر گرنگی پێناسەکردنی ئەو ئەرک و کارانە دەکەنەوە کە پێویستە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ئەنجامی بدەن، ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە یەکێکە لە هەنگاوە بنەڕەتییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە، بەتایبەتی کە چەمکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پەرەی سەندووەو چیتر لە پۆلدا قەتیس نییە بەڵکو بووەتە خەمی بارودۆخی پەروەردەیی لە هەموو لایەنەکانییەوەو ئەم پەرەسەندنە نوێیە بووەتە هۆی فرەچەشنی و فرەیی ئەو ئەرکانەی کە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سپێردراوە (صیلوو،٢٠٠٥:٤٠). هەربۆیە سەرپەرشتیکردن بوارێکی ئاڵۆزو هەمەچەشنی خوێندنە هیچ تیۆرێکی سەرپەرشتیاری نییە کە بەگشتی قبوڵ بکرێت بەڵکو مرۆڤ لەو ڕاستیەدا دەبینێت کە ئەمڕۆ هەیە، فیفر (fieffer) لە وتارێکدا بە ناونیشانی "خەڵک، بەرنامە، یان دەسەڵات - مەتەڵەکەی سەرپەرشتیکردن" سێ ڕەوتی باس کردووە:

- ئاڕاستەی مرۆڤ دۆستانە: کە ڕەوتێکە بەها بە مافی تاکەکان و ئەو پرۆسەیە دەدات کە تێیدا سەرپەرشتی دەکرێن.
- ئاڕاستەی تەکنیکی: کە ڕەوتێکە بەها بە بەرنامەو دەرەنجامەکانی سەرپەرشتیکردن دەدات.
- ئاراستەی بەڕێوەبردن: کە ڕەوتێکە کە یەکەم پێزانین بە دەسەڵات و پێگە دەدات.

هەرچەندە زۆرێک لە سەرپەرشتیاران کارەکانیان بە بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێبازێک لە چاو ئەوانەی پێشوو ئەنجام دەدەن بەڵام بەدیهێنانی ئەم دابەشکردنە سێ قۆڵییە ڕەنگە ئاسانکاری بکات بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لە جیاوازییەکانی چالاکی و کارەکانی سەرپەرشتیکردن، ئەمەش لەبەرئەوەی فرەچەشنی لە سیستمی بەهای سەرپەرشتیکردن پەیوەندیی چاودێری ئاڵۆزتر دەکات، بەو پێیەی ئەم فرەچەشنییە تەنیا شێوازی سەرکردایەتی کاریگەری لەسەر نییە بەڵکو پەیوەندیی سەرپەرشتیاران لەگەڵ مامۆستایانیشدا دەگۆڕێت (فیفرو أخرون ٢٠٠١: ٣٠-٣١). لێرەوە دەبێت تێگەیشتنی زۆرترمان ببێت لە سروشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی کەوەک باسکراوە کەچەندین ئەرکی هەیە کە لەگەڵ چەمکەکەیدا دەگونجێت کە پەرەسەندنی دۆخی پەروەردەیی و

فێربوون بە هەموو لایەن و توخمەکانییەوەو ئەم چەمکە گشتگیرە دەتوانرێت لە ڕێگەی چەندین ئەرکەوە بەدی بهێنرێت، کە لێرەدا تیشکی دەخرێنە سەر ئەمانەی خوارەوە:

١- ئەرکیان لە پەرەپێدانی پرۆگرام: پرۆگرام ئەو ئامرازە سەرەتاییانەیە کە بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون، ئامانجەکان کلیلی ئەو بەهایانەن کە لە فەلسەفەی پرۆگرامی گشتییەوە سەرچاوە دەگرن کە ڕێنمایی کۆمەڵێک ئەزموونی پەروەردەیی جیاواز دەکات کە هەموویان دەبێتە هۆی گەیشتن بەم ئامانجە پەروەردەییانە.

٢- ئامادەکردنی مامۆستای نوێ بۆ کارەکانیان: مامۆستایان لە کۆلێژەکان ئامادە دەکرێن بۆ ئەرکی پەروەردەیی بەڵام لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە ڕووبەڕووی کێشەی ڕاستەقینە دەبنەوە کاتێک دەست بەکاری ڕاستەقینەی خۆیان دەکەن لە قوتابخانەکاندا، دەزگای سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە هاوکاری لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە بەرپرسیارە لە ڕێنمایکردیان.

٣- ڕێکخستنی کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستایان: لەوانەیە ئەم کۆبوونەوانە لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندندا بێت کە سەرپەرشتیاری پەروەردە لەگەڵ مامۆستایانی بابەتەکان کۆدەبێتەوەو لەگەڵیان باس لە پرۆگرام و کتێبی خوێندن و گونجاوی ڕێنماییەکان دەکات (خلیل، ٢٠١٢: ٩).

٤- داهێنانی بیرۆکەی نوێ و شێوازی نوێ: ئەمەش بۆ پەرەپێدانی زانستی پەروەردەیی و ئەوەی پەیوەندی بەمەوە هەیە لەڕووی دانانی بیرۆکەو میتۆدەکان بۆ تاقیکردنەوە.

٥- چارەسەرکردنی هەر هەڵەیەک لە پراکتیکەکانی پەروەردەدا: ئەمەش بەو مانایە نییە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تەرکیز لەسەر گرتنی هەڵەکان بکات وەک چۆن لە ڕابردوودا دەیکرد، بەڵکو دەبێت بە هۆی ئەزموونەکانیەوە نەرێنییەکان بدۆزێتەوە لە هەمووی گرنگتر پێشکەشکردنی پێشنیارەو ڕێبازی بنیاتنەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەرێنیانە.

٦- ناساندنی گۆڕانکاری پەروەردەیی: کە یارمەتی نوێبوونەوەی پەروەردەیی دەدات لە هەر ئاستێکدا بێت، لەبەرئەوە پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەمیشە ئاگاداری باشترینەکان بێت و هەوڵبدات لەڕێگەی ڕێنماییەکانییەوە بۆ مامۆستایان و بەدیهێنانی ئەم کارە (حسین، ٢٠٠٦ : ٢٧-٢٨).

٧- گواستنەوە لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاوە بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابخانەو کارلێکی لەگەڵ ژینگەدا: بنەما بنەڕەتییەکان پەروەردە وەک پرۆسەیەکی یەکگرتوو دەبینن، هەربۆیە جیاکردنەوەی نێوان ئەرکەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کە پسپۆڕن لە بابەتە جیاوازەکانی خوێندنداو دوورکەوتنەوە لە گرنگیدان پشتڕاست دەکاتەوە بۆ مەرجەکانی قوتابخانەو لایەنە کارگێڕییەکانی کە هۆکاری گرنگن بۆ سەرکەوتنی کاری پەروەردەیی (زاید، ٢٠١٣: ١٥-١٦).

٨- ڕێکخستن و کردنەوەی خولی ڕاهێنان: سیستەمی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی دەرفەتی تەواوی هەیە بۆ تێڕوانینێکی هەمیشەیی و بەردەوام و هۆشیارانە بۆ دۆخی پەروەردەیی بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی پەروەردەو بەرپرسیارێتی لە پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون لە هەموو لایەنەکانیدا، نموونەی ئەم خولە پەروەردەییانە کاتێکە کە دەزگای سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی خولێک بۆ مامۆستایانی بابەتێک یان پۆلێک ئەنجام دەدات بۆ ئاشناکردنیان بە شێوازێکی نوێی فێرکردنی ئەو بابەتە.

٩- هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە: پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆتە پرۆسەیەکی بەردەوام و لایەنێکی جەوهەریی هەر دامەزراوەیەک بۆیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لایەنێکی گرنگ و سەرەکی پرۆسەی پەروەردە پێکدەهێنێت چونکە پێویستە بزانین تا چەند ئامانجە پەروەردەییەکان بەدیهاتوون، دەزگای سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەکە هەربۆیە هەڵسەنگاندن بۆ دەزگای پەروەردەییش دەبێت لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بێت چونکە تەنیا لە دەرکردنی بڕیارێکی گشتیدا سنووردار نییە (الأسدي و أخرون،٢٠٠٣: ٦٥-٦٧).

## جۆرەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

بەو پێیەی مەبەست لە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە بەکارکردن بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ ئەوەی باشترین توانای چالاککردن و ئاڕاستەکردنی فێرخوازەکانیان هەبێت و بۆ ئەوەی ئەوان ئەکتەرێکی دیاری کۆمەڵگابن، پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ڕێڕەوی خۆی پاراستووە لەگەڵ سروشتی پەرەسەندنی پەروەردە، لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە ئاستی جیهانیدا زانینی لایەنە جیاوازەکان لەم پرۆسەیەو ڕوانگەیەکی پێشبینیکراو بۆ ڕووداو وپێداویستییەکانی سەردەمەکە و بەهۆی نەبوونی ڕوونی لە چەمکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و فرەیی پێناسەیی و لایەنەکانی

که مامەڵەی لەگەڵ دەکات (العوران، ٢٠١٠: ٧٢). بۆیە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی چەندین شێوەو جۆریان گرتەبەر هەروەها ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پەرەسەندنی سروشتی خودی سیستەمی پەروەردەو توخمەکانی گەشەکردنی پرۆسەکەو کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانکارییە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕەوت و مۆدێل ئەم گەشەکردنەش بەهۆی زۆر هۆکارەوەیە لەوانە:

- **بواری پەروەردە:** لە پەرەپێدانی ئامانجە پەروەردەییەکان و گۆڕانکاری لە ڕۆڵی مامۆستاو فراوانبوونی پانتایی پەروەردەو بەرزی ئاستی بڕوانامەی مامۆستایاندا بەرجەستە بووە، کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی.
- **بواری کۆمەڵایەتی:** لە گۆڕینی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێت و سەرهەڵدانی بەها نوێیەکان کە لەبری تاکڕەوی و خۆبەزلزانین داوای ڕێزگرتن و بەشداریکردن دەکەن، ئەم گۆڕانکاریانە لە پرۆسەی پەروەردەدا ڕەنگدانەوەی هەبوو کە بووە هۆی پەرەسەندنی بنەماو بناغەکانی ڕەفتاری سەرپەرشتیکردن.
- **بواری زانستی:** دەستکەوتە زانستییەکان لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگرێتەوە، کە بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی لە توێژینەوەو بیرکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکاندا دەستیپێکردووە، هەروەها سەرهەڵدانی چەمکی نوێی وەك (ڕۆڵ، دەسەڵات، کەسایەتی، بەهێزکردن، سەرکردایەتی) کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سەرپەرشتیکردن هەیە (العاجزو أخرون، ٢٠٠٩: ٣١). هەر لەبەر ئەمەو لە ژێر ڕۆشنایی کاریگەرییەکانی ئەم هۆکارانەدا چەندین جۆرو ڕەوتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سەریان هەڵدا لەوانەش:

**یەکەم: سەرپەرشتیکردنی خۆپارێزی:** سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەزموونی ڕاستەوخۆی بەدەستهێناوە لەکاتی وانەوتنەوەو سەردانیکردنی مامۆستایان و ئاگاداربوون لە شێوازی وانەوتنەوەیان، بۆیە توانای پێشبینیکردنی ئەو سەختیانەی هەیە کە مامۆستا لەوانەیە ڕووبەڕووی ببێتەوە کاتێک دەست دەکات بە پراکتیزەکردنی پیشەکەی، ئەگەر سەرپەرشتیارەکە بەهێز بێت لەبوارەکەیدا دەتوانێت پێشبینی کێشەکان بکات و ڕێگری بکات لە کاریگەرییە زیانبەخشەکانیان و یارمەتی مامۆستا بدات بۆ بەهێزکردنی بۆ ئەوەی خۆی بتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوەو بەسەریدا زاڵ بێت (الأسدي و أخرون، ٢٠٠٣: ٤٨).

**دووەم: سەرپەرشتیکردنی چاکسازی:** خەمی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مامۆستایە، چون کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی فێربوون هەیە بەچاوپۆشیکردن لەم هەڵەیە یان ئاماژەکردنێکی بەشێوەیەکی تەکتیکی و زیرەکانە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی شەرمەزارکردنی ئەو کەسانەی هەڵەیان کردووە، بەڵام ئەگەر هەڵەکە کاریگەر بێت و ببێتە هۆی ئاڕاستەکردنی نادروستی فێرخوازان یان سەرقاڵیان بکات لە گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە پلانی بۆ داناوە ئەوا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لێرەدا پێویستی بە بەکارهێنانی تەکتیک و توانای خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکەدا، جا لە چاوپێکەوتنێکی بەرێکەوتدا بێت یان لە کۆبوونەوەیەکی تاکەکەسیدا بەجۆرێک کە کەشێکی متمانە و دڵسۆزی بۆ مامۆستا دابین بکات (عطوي، ٢٠٠١: ٢٤٧).

**سێیەم: سەرپەرشتیکردنی داهێنەرانە:** سەرپەرشتیار سەربەستی تەواو دەدات بەمامۆستای داهێنەر لەپیادەکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەو ئەزموونەکانی تا ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ناوقوتابخانەدا بهێنیتە دی، کەواتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ڕۆڵی هاندان بۆ مامۆستایان دەگێڕێت بۆ چالاکی و داهێنانەکانیان سنووردانانێت (حسن و ئەوانی تر،٢٠١٤: ١٦٥). بۆیە بۆبەدیهێنانی ئەم جۆرە پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەم خەسڵەتانەی هەبێت:

- نەرمی بیرکردنەوەو ئارامگری.
- متمانەی بە توانای پیشەیی خۆی هەبێت بەبێ خۆبەزلزانینەوە.
- ئارەزووی فێربوون لە کەسانی ترو سوودوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزاییەکانیان.
- تێگەیشتن لە مامۆستایان و باوەڕبوون بە تواناکانیان.
- دیدگایەکی ڕوون بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان و گەیشتن پێیان (عطوي، ٢٠٠١: ٢٤٨).

**چوارەم: سەرپەرشتیکردنی کراوەو ئازاد:** لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە لە شێوازی سەرپەرشتیکردنی (پشکنین) گیران، شێوازی سەرپەرشتیکردنی کراوە سەریهەڵدا کە جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە کەسایەتی مامۆستا دەکاتەوە، کە دەبێت ئازادی بیرکردنەوەی هەبێت بە شێوازی خۆی و ڕێگەی پێبدات بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێت و بەشداری بکات لە ئاڕاستەکردنی پەروەردەو دیاریکردنی سیاسەتەکەی یان گفتوگۆکردن لەسەر ئامانج و پلان و ئامرازەکانی، ئەم شێوازە دەرفەتی ڕێنمایی و گەشەپێدانی خودی بۆ مامۆستا دەڕەخسێنێت بەو پێیەی متمانەی بە تواناکانی هەیەو ئەگەری باشتربوونی لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەردەوامی

خوێندنەوە هەیە (العاجزو أخرون، ٢٠٠٩: ٣٢).، سەرپەرشتیکردنی دیموکراسی لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

- ڕێزگرتن لە کەسایەتی مامۆستاو پەرەپێدان بە تواناکانی.
- تاوتوێکردن و بەشداریکردنی سەرجەم مامۆستایان و بەڕێوەبەران لە ئاڵوگۆڕی بیروڕادا.
- هاندانی دروستکردن و داهێنان و تاقیکردنەوە.
- نەرمی و پەرەپێدانی توانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکان.
- پەرەپێدانی میتۆدی زانستی لە بیرکردنەوەو توێژینەوەدا.
- هەماهەنگی بەرنامە پەروەردەییەکان بۆ باشترکردنی پرۆسەی خوێندن (القاسم، ٢٠٠٩: ٢٢).

**پێنجەم: سەرپەرشتیکردنی زانستی:** تایبەتە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەو ستانداردەکان و لێکۆڵینەوە لە دیاردەو بارودۆخە پەروەردەییە جیاوازەکان، بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوانە لەلایەن سەرپەرشتیارەوە وا دەکات زیاتر متمانەی بە حوکمەکانی خۆی هەبێت و زیاتر پابەندبێت بە بۆچوونەکەیەوەو وەمامۆستاش زیاتر گوێڕایەڵ و ملکەچی بێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادی پیشەیی مامۆستاو کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی داهێنان و ئەزموونکردن.

**شەشەم: سەرپەرشتیکردنی وردبین:** ئەم مۆدێلە سەیری پەروەردە دەکات وەک کۆمەڵێک کارامەیی کە دەبێت لەلایەن ئەو کەسانە ڕابهێنرێت کە پراکتیزەی دەکەن، سەرپەرشتیکردنی وردبین لە شێوازی وانەوتنەوەی بچووکەوە وەرگیراوەو لە ڕێگەی چاودێریکردنی سەرپەرشتیاری یەکێکەوە پراکتیزە دەکرێت لە ماوەیەکی کورتدا کارامەییەکانی فێرکردن و دواتر شیکاری بۆ دەکات بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و ئامرازەکانی فێرکردن، وە لێرەدا ئەرکی سەرپەرشتیار بریتییە لە ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ شارەزابوون لەم کارامەییانەو بەکارهێنانی ئامرازو ئامێرە پەروەردەییەکان (عبدالهادی، ٢٠٠٢: ٤١).

**حەوتەم: سەرپەرشتیکردنی کلینیکی (چارەسەریی):** بیرۆکە سەرەکییەکانی سەرپەرشتیکردنی کلینیکی دەگەڕێتەوە بۆ (مۆریس کۆگان) وەک شێوازێکی مەیدانی بۆ سەرپەرشتیکردنی وانەوتنەوە، ئەو ڕەفتارە چاودێرییەی کە سەرپەرشتیار دەبێت بیگرێتەبەر بۆ ئەوەی یارمەتی مامۆستایان بدات چونکە ئەم جۆرە سەرپەرشتییە پەیوەندی بە باشترکردنی کاری پۆلەوە هەیە بە سەردانکردنی مامۆستایان لە پۆلەکانیانداو

شیکردنەوەی دۆخی پەروەردەیی و پێدانی فیدباک بە مامۆستا سەبارەت بە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لە کاتی کۆبوونەوەی پەروەردەیی کە دوای سەردانەکە ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە سەرپەرشتییە کۆمەڵێك هەنگاوی رێکخراو لەبەرچاو دەگرێت کە لە دروستکردنی پەیوەندی نزیك لەگەڵ مامۆستا دەست پێدەکات و پاشان پلاندانانی هاوبەش بۆ دۆخی خوێندن و دیاریکردنی ئەو زانیاریانەی لەلایەن سەرپەرشتیارەوە کۆدەکرێتەوە لەکاتی چاودێری و شیکردنەوەکاندا (العاجزو أخرون، ٢٠٠٩: ٣٧). لە پایە سەرەکییەکانی سەرپەرشتیکردنی چارەسەری لەم شێوازەدا ئەمانەی خوارەوەن:

- سەرنج نەدات لەسەر هەڵسەنگاندنی کارەکانی مامۆستا بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.
- هەژمارکردنی مامۆستا وەک لایەنێکی چالاک لە پرۆسەی پەروەردەیی و سەرپەرشتیدا.
- کارلێکی ڕاستەقینە بۆ نێوان سەرپەرشتیاری پەروەردەو مامۆستایان.
- شێوازێکی کراوەی خولی کە ئامانجی باشترکردنی هەڵسوکەوتی فێرکاری پۆلی مامۆستایانەو بەم شێوەیە دەرئەنجامی فێربوونی باشتر بەدەست دەهێنێت.

ڕۆڵی سەرپەرشتیکردنی چارەسەریی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- پلاندانانی هاوبەش لە نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستاو بەشداربووانی تری یەکەی وانەوتنەوە.
- سەیرکردنی وانەکەو تۆمارکردنی بە دەنگ یان دەنگ و نوسین.
- شیکارییەکی بابەتیانەو هەمەلایەنەی پۆلی خوێندن لەلایەن سەرپەرشتیارو مامۆستا (خلیل، ٢٠١٢: ٤١).

**هەشتەم: سەرپەرشتیکردن وەک پەرەپێدانی پرۆگرامی قوتابخانە:** ئەم مۆدێلە پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی پرۆسەیەکی باشترکردنی پەروەردەوە هەیە، بەم پێیەی بوارە سەرەکییەکەی باشترکردنی پەروەردە پرۆگرامی قوتابخانەیەو کاری چاودێری ڕاستەقینە ئەوەیە کە تێیدا ڕوودەدات، لایەنگرانی ئەم مۆدێلە پێیان وایە کە کارکردن لە بواری پرۆگرامی قوتابخانەکاندا دەتوانێت ڕەوتی پیشەیی دروست بکات بەتایبەت لە نێوان پەیوەندییەکانی سەرپەرشتیارو مامۆستادا.

**نۆیەم: سەرپەرشتیکردنی ڕێنمایی:** ئەمە لەسەر بنەمای پێویستی لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانە کە کاریگەرییان لەسەر لایەنەکانی کەسایەتی مامۆستا هەیە لەڕووی لایەنە سۆزداری و دەروونییەکانەوە، هەروەها

ئاڕاستەی هەڵسوکەوتی پەروەردەیی مامۆستا بۆ خۆی و بۆ چالاکیی پەروەردەیی، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە سەرپەرشتیار خاوەنی لێهاتوویی ڕێنماییکار بێت کە پەیوەندی بە چاودێریکردن و شیکردنەوەی کاریگەرییەکان و لێکدانەوەی دۆخەکەوە هەبێت (عبدالهادی، ۲۰۰۲: ٤۲).

**دەیەم: سەرپەرشتیکردنی پاوانخواز:** جۆرێکی سەرپەرشتییە کە لە ماوەو سەردەمی (پشکنین)دا زاڵ بووەو بەباوەڕی ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردە نوێنەرایەتی دەکرێت کە ئەرکەکانی بریتین لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی مامۆستا دەبێت چی بکات و چۆن جێبەجێی بکات، هەروەها مامۆستا تا چەند دەستکەوتی بەدەست دەهێنێت و بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکات کە ئەو سەرپەرشتیارە چی دەوێت بەپێی ئەو هەنگاوانەی کە پێشنیاری کردووە.

**یانزەیەم: سەرپەرشتیکردنی سەرکردایەتی:** ئەم جۆرە سەرپەرشتیکردنە پێویستی بەوەیە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەرزترین جۆرەکانی ئامادەکاری و هێز بەهرەمەند بێت، دەبێت سەرکردە بێت نەک پشکنەرو ستەمکار یان تەنها هاوڕێی خۆشەویستی هەموو کەسێك، بەڵکو وەك سەرکردەیەکی پەروەردەیی پێویستە خوێندنەوەی پەروەردەو فەلسەفەکەی بکات زانستی بنەماو شێوازو بەکارهێنانەکانی پەروەردەیی بخوێنێت و زانیاری لەسەر شێوازەکانی فێرکردن و دەروونناسی پەروەردەیی و یاساکانی فێربوون بێت و ئاگاداری دیاریکارەکانی مەعریف بێت لەم بوارانەدا، ئەمەش پێویستی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەیە کە سەرکردایەتییەکی دروست پەرەپێبدات و هانی بدات لە کەسانی دیکەدا بە ڕاهاتن بە بۆچوون و بیرۆکەکانیان و دۆزینەوەی تواناکانی سەرکردایەتییان لە ڕێگەی کارلێکی مرۆڤەوەو لەناو کەشێکی گونجاودا، بۆ ئەوەی باشترین هەوڵ و بیرۆکە لە گەشەکردندا پێشکەش بەپرۆسەی پەروەردە بکات (العوران، ۲۰۱۰: ۸٦).

## شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هەوڵێکی تەکنیکی تایبەتمەندە کە شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت و ڕەنگە زیاتر لە شێوازێک لە یەک بارودۆخی پەروەردەیدا بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی کارایی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی و ئاڕاستەکردنی کاروباری مامۆستایان بە تاک یان بەکۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان بەبێ ئەوەی شێوازێکی باشتر بۆ مامۆستایان و هەڵوێستەکان لە هەموو قوتابخانەکاندا دیاری بکات، چونکە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لەگەڵ گۆڕانکاری لە بارودۆخی کۆمەڵگادا (ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری)

ئامانج و هەڵوێستی پەروەردەیی دەگۆڕێت، شێوازی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی تاک یان گروپ گرنگییەکی تایبەتی خۆیان هەیە، گرنگی شێوازە تاکەکەسیەکان لەوەدا سەرهەڵدەدات کە دەرفەتێکی سەلامەت بۆ مامۆستا دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئەو سەختییانە ئاشکرا بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها سەرپەرشتیاری پەروەردەیی شێوازی وانەوتنەوەو شێوازی فێربوونی مامۆستاو شێوازی فێربوونی فێرخوازانی بینیوە، ئەمەش دەرفەتی پێدەدات پلانی بەرنامەکانی سەرپەرشتیکردنی لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستییە ڕاستەقینەکاندا دابنێت (العوران،٢٠١٠: ٨٧-٩٠). هەرچەندە شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی جۆراوجۆرن و زۆرن بەڵام ناتوانین بڵێین یەکێکیان باشترین شێوازە لەگەڵ هەموو مامۆستایان لە هەموو قوتابخانەکانداو لە هەموو بارودۆخێکدا بەمەش ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵوێستی پەروەردەییەکان دەگۆڕێت و بەپێی ئەم بابەتانەو ئەو گۆڕاوە لاوەکییانەی کە دەوریان داوە جیاوازن، لێرەدا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ڕووبەڕووی زیاتر لە گۆڕاوێک و زیاتر لە ئەگەرێک ببێتەوە و لەوانەیە بە ناچاری ئەم شێوازە یان ئەو شێوازە بەکاربهێنێت یان تێکەڵیان بکات یان چەند شێوازێک تێکەڵ بکات بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی بارودۆخە پەروەردەییەکان کە سەرپەرشتی دەکات (عبدالهادي،٢٠٠٢:٦٠). هەورەها شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە شێوەیەکی بەرجەستە گەشەیان کردووە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەدا کە لە چەمک و ئەرکەکانیدا ڕوویداوە چەمکی سەرپەرشتیکردن و ئامانجەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بووەتە جەختکردنەوە لەسەر چاکسازی و پەرەسەندنی پرۆسەی پەروەردەیی، ئەمەش بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازەکانی کە ئەو پەیڕەوی لێکردووە کە چیتر تەنها بە سەردانیکردنی مامۆستا لە پۆلدا سنووردارنین بۆیە نیگەرانی پەروەردەیی و سیمینارو کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان دەرکەوتن، بەم شێوەیە چەندین شێوازو ئامراز لە بواری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەدا بەردەست بوون (قاسم، ٢٠٠٩: ٢٦). لە گرنگترین شێوازەکانی سەرپەرشتیکرنی پەروەردەیش ئەمانەن:

**یەکەم- شێوازی وردبینی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:** ئەم شێوازە بریتییە لە گفتوگۆ یان ڕاوێژکاری نێوان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و مامۆستا لەسەر هەندێک بابەتی پەیوەست بە بابەتە پەروەردەییە گشتیەکان، شێوازەکانی وانەوتنەوە، کێشە پەروەردەییەکان، یان تێبینییەکانی پەیوەست بە لێهاتوویە زانستی یان پیشەییەکانی مامۆستا یان ئەداکردنی لەناو پۆلدا.

**دووەم شێوازی سەردانی یەکتر لە نێوان مامۆستایان:** سەردانیکردن بەرامبەر شێوازێکی سەرپەرشتیکردن خوازراوە کە کاریگەری لەسەر مامۆستا بەجێدەهێڵێت و متمانە بەخۆبوونی زیاتر دەکات، چونکە لە بارودۆخی سروشتیدا ڕوودەدات نەک دەستکرد، کە تیایدا مامۆستایەک یان چەند مامۆستایەک سەردانی هاوپۆلێک دەکەن، هەروەها ڕەنگە سەردانی یەکتر لە نێوانیاندا ڕووبدات مامۆستایانی یەک قوتابخانە یان دوو قوتابخانەی دراوسێ و لە نێوان مامۆستایانی یەک بابەتێک یان بابەتی جیاواز، ئەمەش لەژێر چاودێری بەڕێوەبەری قوتابخانە یان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەبێت (الشهري،٢٠١٣: ٧٢- ٧٣).

**سییەم شێوازی سەرپەرشتیکردنی تۆڕی بەکۆمەڵ:** تۆڕی بەکۆمەڵ کۆمەڵێک چالاکیی لەخۆدەگرێت کە لەلایەن کۆمەڵێک سەرپەرشتیارو مامۆستاو بەڕێوەبەرو پسپۆڕانی پەروەردەییەوە ئەنجام دەدرێن بە شێوەیەکی فەرمی و نافەرمی ئەم چالاکییانە بریتین لە گفتوگۆکردن لەسەر پرسە پەروەردەییە هاوچەرخەکان و ئەو کێشە پەروەردەییانەی کە ڕووبەڕووی هەندێک لە بوارەکە دەبنەوە لە بەدواداچوونیاندا.

تۆڕی بەکۆمەڵ چەندین شێوەی هەیە، بۆ نموونە:

- کۆنفرانسی پەروەردەیی.
- سیمیناری پەروەردەیی (عودة، ٢٠١٠: ٣١).

**چوارەم: شێوازی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ڕاوێژکاری:** سەرپەرشتیکردنی ڕێنمایی یەکێکە لە شێوازەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، مێژووی سەرپەرشتی ڕێنمایی دوو ئاڕاستەی سەرپەرشتیکردنی هەیە، یەکێکیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەریهەڵداوەو ئەوی دیکەیان لە بەریتانیاوە کە یەکێکیان لە ئەوی دیکە جیادەکاتەوە شوێنی ڕاهێنانی سەرپەرشتیارەکانە لە شوێنە تایبەتەکاندا، بەڵام لە (10) ساڵی ڕابردوودا لە زانکۆکان بەڕێوەچووەو لە ئەمریکا دەرکەوتووە کە سەرپەرشتیکردنی ڕاوێژکاری گرنگی بە چەمکی ئەخلاقی و کولتووری دەدات، لە کاتێکدا سەرپەرشتیکردنی ڕاوێژکاری لە بەریتانیا گرنگی بە ڕاهێنان و سەرپەرشتیکردنی سەرپەرشتیاران دەدات (حسين، ٢٠٠٦: ٤٧).

**پێنجەم : شێوازی سەرپەرشتیکردنی سەردانیکرنی پۆلەکان:** سەردانی پۆلەکان پێگەیەکی گرنگی لە نێوان هەموو لایەنەکانی چالاکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی داگیرکرد، هەروەها یەکێکە لە کۆنترین و باوترین شێوازەکان کە سەرپەرشتیار بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی لە ڕاستیدا بزانێت چۆن فێرکردنەکە ئەنجام دەدرێت و

چۆن فێرخواز فێردەبێت لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستییەکانی یارمەتی و لە چ لایەنێکدا پێویستی پێیەتی و چۆن پێشکەشی بکات بۆ ئەوەی ئاستی فێرکردن و فێربوون بەرز بکاتەوە، سەردانی پۆلەکان نیشاندانی خۆبەزلزانین یان دەسەڵات نییە بەڵکو ئامرازێکە بۆ هاوکاریکردنی فێرخوازان بە باشترین شێوە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت سوود لە ئەزموونەکانی سەرپەرشتیار وەربگرێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا (خضر، ٢٠٠٦: ٥٣-٥٤). ئەمانەی خوارەوە ئەو ئامانجە سەرەکیانەن کە دەتوانرێت لە کاتی سەردانی پۆلەکەدا بەدی بهێنرێت:

• زانینی گونجاوی کەرەستەی خوێندن لەگەڵ تواناو پێداویستییەکانی فێرخوازو توانای هەڵمژینی و سوودبەخشییان لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە.

• پێداچوونەوە بەو شێوازانەی کە لە فێرکردنی فێرخوازدا بەکاردەهێنرێن و گونجاوییان لەگەڵ دەروونناسی فێربووندا هەیە.

• دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە لە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی فێربووندا بەکاردەهێنرێن.

• یارمەتیدانی مامۆستایان لە هەڵسەنگاندنی کارەکانیان و زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی وانەوتنەوەکانیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشە تایبەتانەی کە پێوەی دەناڵێنن.

• دۆزینەوەی پێداویستییەکانی مامۆستایان، تایبەتمەندییەکانی هەر بەشداربوویەک و ئەو تواناو بەهرانەی کە خاوەنیەتی بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەربگرێت (صیلوو، ٢٠٠٥: ٦٤).

**٦- شێوازی سەرپەرشتیکردنی خولی ڕاهێنان:** یەکێکە لە شێوازە بەکۆمەڵەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و لەسەر بنەمای پسپۆڕییەکانی مامۆستایان بەڕێوەدەچێت، کە تیایدا مامۆستایان لەسەر کارامەیی زانستی و پراکتیکی ڕاهێنانیان پێدەکرێت کە شێوازی وانەوتنەوەیان باشتر دەکات، هەروەها گرنگترین کێشە پراکتیکییەکانی پرگرام و بەرنامەی پەروەردەیی و کتێبی خوێندن و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن لە بابەتەکەی تایبەتدا دەخرێنەڕوو، ئامانجی خولەکانی ڕاهێنانەکان ئەوەیەکە:

• نوێکردنەوەی زانیاری مامۆستایان بە ئاگادارکردنەوەیان لە شێوازە نوێیەکانی پەروەردە.

• ڕاهێنان لە دروستکردن و بەکارهێنانی یارمەتی پەروەردەیی.

- هاندانی گەشەی پیشەیی مامۆستایان و پاڵنەریان بۆ زیادکردن و بەدواداچوون.

- ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان لە نوێترین ڕەوتی پەروەردەیی.

- پێدانی زانیاری ڕۆشنبیری ئەرێنی بە مامۆستایان ( المقید، ٢٠٠٦: ٥٦).

**حەوتەم: شێوازی سەرپەرشتیکردنی بڵاوکراوەکان (النشرات):** شێوازێکی پەیوەندی سەرپەرشتیکردنی نووسراوە کە لەلایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەییەوە ئامادە دەکرێت یان دابەشی دەکات بەسەر ئەو مامۆستایانەی کە سەرپەرشتیان دەکات و بەزۆری کۆمەڵێک ڕێنمایی و زانیاری لەخۆدەگرێت کە ئامانج لێی ئاگادارکردنەوەی مامۆستایانە لە چالاکییە پەروەردەییەکان.، ئامانجەکانی ئەم شێوازەش بریتییە لە:

- یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستایان.

- سەرچاوەیەکی نووسراو شێوازێک بۆ مامۆستایان دابین دەکات کەبتوانن لە کاتی پێویستدا ئاماژەی پێبدەن.

- ئاشناکردنی مامۆستایان بە هەندێک بیرۆکەو پراکتیک و ڕەوتی پەروەردەیی مۆدێرنی ناوخۆیی و جیهانی.

- وروژاندنی هەندێک کێشەی پەروەردەیی بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ بیرکردنەوەو پێشنیارکردنی چارەسەری گونجا.

- یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی ئەو ئەزموونە جیاوازانەی کە سەرپەرشتیار دەیبینێت.

- ئامانجەکانی پلانی سەرپەرشتیار بۆ مامۆستایان ڕوون دەکاتەوە و هەندێک لە ڕۆڵەکانیان تێیدا دیاری دەکات.

**هەشتەم: شێوازی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی خوێندنەوەی ئاڕاستەکراو:** شێوازێکی گرنگی سەرپەرشتیکردنە کە ئامانجی پەرەپێدانە بە تواناکانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا بە وروژاندنی ئارەزووی خوێندنەوەیان بۆ خوێندنەوە دەرەکییەکان و ئاڵوگۆڕکردن و کڕینی کتێب و ئاراستەکردنیان بە ئاڕاستەیەکی ڕێکخراو و بیرکردنەوەیی، لە ئامانجەکانی ئەم شێوازە:

- گەیشتن بە هۆکارەکانی گەشەی ئەکادیمی و ڕەفتار لە بواری کاری پەروەردەیی.

- دابینکردنی تواناکانی خۆفێربوون بۆ مامۆستا.

- پەرەپێدانی زانیاری مامۆستاو باشترکردنی شێوازەکانی کارکردنی و چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکانی.

- گونجاندن و پەرەپێدانی ئەزموونە جیهانییە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاستییە پەروەردەییەدا بگونجێت کە مامۆستا ئەزموونی دەکات.

- ئاگاداربوون لە پێشکەوتنە پەروەردەییەکان کە سوود بە دەستکەوت و پێشکەوتنی فێرخوازان دەگەیەنن. (الحاج، ٢٠٢٠: ٤٢-٤٣).

## ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەگشتی ئامانجی باشترکردنی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوونە، بە بەرزکردنەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەرەو چارەسەرکردنی ئەو سەختییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؛ بۆیە پەروەردەکاران بۆ سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی چەندین ئامانجیان دەستنیشان کردووە، ئامانجەکان لەسەر مامۆستاو باشترکردنی دۆخی پەروەردەیی چڕکراوەتەوە، هەروەها توێژەران و پەروەردەکاران هەرچەندە لە سەر دیاریکردنی هەندێک لە ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەدا جیاوازن بەڵام بەکۆی دەنگ لەسەر ئەوە کۆکن کە باشترکردنی گەشەی پیشەیی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە پرۆسەی پەروەردەیی، لەوانەش مامۆستایان و کارگێڕانی قوتابخانەو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ئامانجێکی سەرەکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەییە کە گەشەی پیشەیی مامۆستا لەنێو ئەو ئامانجە دەستبەجێیانەی کە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ئاواتەخوازە بەدەستی بهێنێت وەک بەشێک لە دۆخی پەروەردەیی (الأبيض وأخرون، ٢٠١٦ : ١١٧). هەروەها سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هەوڵ دەدات بە هەموو توخمەکانیەوە پرۆسەی پەروەردەیی پەرەپێبدات و یەکێك لە گرینگترین ئامانجەکانی باشترکردنی پرۆسەی خوێندنە بۆ بەرزەوەندی فێرخواز، وەهاندانی مامۆستایان بۆ گرنگیدان بە پرۆسەی پەروەردەو باشترکردنی و گرنگی بە یارمەتیدانی فێرخوازان بدەن و بەپێی تواناکانیان فێربن و لێهاتوویی خۆهەڵسەنگاندن بە مامۆستایان بدەن و داوا لە مامۆستایان بکەن کە پێویستە هاوکاری یەکتر بکەن بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە پیشەییەکان بە مەبەستی تەواوکردنی گەشەپێدانی پیشەیی خۆیان، لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی دروستکردنی ژینگەی گونجاو بۆ فێرکردن و فێربوون بدەن بەمەبەستی مسۆگەرکردنی بەردەوامی بەرنامەی پەروەردەیی و پەرەپێدان بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجەکاندا بگونجێت

(التوراب، ٢٠١٩: ١٨). وەتوێژەرانی پەروەردەیی چەختدەکەنەوە کە ئامانجی سەرەکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەییە لەڕێگەی باشترکردنی ئاستی مامۆستایان چ لەناو پۆل یاخود دەرەوەی پۆل، بۆیە دەکرێت ئەم ئامانجانە بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە (طافش، ٢٠٠٢: ٢٦).

(عطوي، ٢٠٠١) بە ووردی ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە:

• پەرەپێدانی ناوەرۆکی پرۆگرامی قوتابخانەو شێوازی وانەوتنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوەی لەگەڵ فێرخوازان و جیاوازییە تاکەکەسییەکانیان بگونجێت.

• یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ پەرەپێدانی تواناو لێهاتووییەکانیان لەڕێگەی گواستنەوەی ئەزموون و توێژینەوەو ڕاهێنان و سەردانیکردنیان.

• هێنانەدی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی پەروەردەیی و یارمەتیدانیان بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەکان و ئامادەکردنی ژینگەی ناوخۆیی بۆ گۆڕانکاری.

• باشترکردنی بارودۆخی قوتابخانەو ژینگە، لەڕێگەی پەیوەندیی مامۆستایان و بەشداریکردنیان لە بڕیارەکان و بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕەزامەندییان.

• پەرەپێدانی پەیوەندی قوتابخانە لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی و کردنەوەی دەرگاکانی بەڕووی کۆمەڵگاداو سوودوەرگرتن لە دامەزراوەکانی و چالاککردنی ئەنجومەنەکان تێیدا (العوران،٢٠١٠: ٢٦).

(حسن وعوض الله، ٢٠٠٦) گرنگترین ئامانجەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کردون:

• یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ گەشەکردنی پیشەیی.

• هێنانی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی پەروەردەیی.

• باشترکردنی بارودۆخی قوتابخانەکان.

• بەستنەوەی بابەتەکانی خوێندن بەیەکەوە.

• بنیاتنانی بنکەیەکی ئەخلاقی لە نێوان مامۆستایاندا.

• هەڵسەنگاندنی ئەنجامی وانەوتنەوە (عطا الله، ٢٠١١: ١٧).

(البدری، ٢٠٠١) باس لە کۆمەڵێک ئامانج دەکات کە پەیوەندییان بە مامۆستایانەوە هەیە، کە بریتین لە:

• هاندانی مامۆستایان بۆ بیرکردنەوەو تاقیکردنەوەی پیشەیی لەسەر بنەما زانستییە باش لێکۆڵینەوەکراوەکان و بیرکردنەوەی دروست.

• دۆزینەوەی بەهرەو ئامادەکاری تایبەت و کارکردن بۆ پەرەپێدانیان لە ڕێگەی ڕاهێنان و ڕێنماییەوە.

• یارمەتیدانی مامۆستایان بۆ تێگەیشتن لە ئامانجەکانی قوتابخانە بەگشتی و ئامانجەکانی ئەو بابەتانەی کە فێری دەکەن. (یونس، ٢٠٠٩: ١٦).

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجە سەرەکییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردە بریتین لە ڕێکخستنی پرۆسەی خوێندن و نوێکردنەوەی پرۆگرامی قوتابخانەکان و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان و دروستکردنی ژینگەی گونجاوی قوتابخانەو بەستنەوەی ژینگەی دەرەکی بە ژینگەی قوتابخانەوە.، سەبارەت بە ئامانجە ناوەندییەکان نوێنەرایەتی دەکرێت لە پلاندانان بۆ دۆخی پەروەردەیی بۆ سوودی فێرخوازو بەشداریکردنی مامۆستایان لە داڕشتنی پلان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و دابینکردنی شێوازی نوێیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەروونناسی فێرخوازان و هاندانیان بۆ پەیڕەوکردنیان بەتایبەت لە بواری پسپۆڕی پەیوەندییە مرۆییەکان لە ژینگەی پەروەردەدا پەرەپێدەدات، جا لە نێوان مامۆستایان خۆیان بێت یان مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانەکاندابێت (التوراب، ٢٠١٩: ١٩).

## بنەماکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

کاری پەروەردەیی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پسپۆڕە کە هاوکاری و کارلێک دەکەن پێکەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم هاوکارییەو بەرهەمی تەواو پێویستە لەسەر بنەمایەکی تۆکمە دروست بێت، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت بناغە پتەوەکان دابنرێت بۆئەوەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لەسەر بنیات بنرێت تاوەکو ڕۆڵی خۆی لە بەدەستهێنانیدا بگێڕێت بە زووترین کات و بە کەمترین تێچوون (العکر، ٢٠٠٨:

٥١). که ئامانجی پەرەپێدان و ڕێکخستنی هەموو توخمەکانی دۆخی فێربوونی پەروەردەیەو بە مەبەستی باشتر گەیشتن بە ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون.، لەبەر ئەمە کاری سەرپەرشتیکردن لەسەر بنەمای کۆمەڵێک توخم و پرۆسەیە، ئەوانیش:

١- سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە مانا مۆدێرنەکەی تەنیا لە ڕێگەی ئۆرگانێکەوە دەکرێت کە لە کەسانێک پێکبێت کە بە تەواوی شایستەن بۆ ئەم کارەو ئەزموونێکی بەرفراوانیان لە بواری پەروەردەدا هەیە.

٢- سەرپەرشتی پەروەردەیی تەنها کردارێکی چینایەتی نییە، بەڵکو گەشەپێدانی دۆخی پەروەردەییە بەگشتی (عطوي، ٢٠٠١: ٢٣٩).

٣- گۆڕینی هەڵوێستی مامۆستایان بەرامبەر بە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پێویستییەکە بۆ پەرەپێدانی هەر بەرنامەیەکی سەرپەرشتیکردن.

٤- سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سەرکەوتوو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانای مامۆستا.

٥- هەر پۆستێکی سەرپەرشتیاری هەندێک مەرجی هەیە، هیچ شێوازێکی سەرپەرشتی نییە لەوانی تر سەرکەوتووتربێت (عبدالهادي، ٢٠٠٢: ٢٩).

٦- فێرخواز ناوەندی پرۆسەی پەروەردەیە، مامۆستاش ڕێکخەری ئەم پرۆسەیەو ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت.

٧- زیادکردنی دەسەڵاتی سەرپەرشتیاری پەروەردە مەرج نییە ببێتە هۆی زیادبوونی کاریگەری (حمد، ٢٠٠٧: ٢٦).

٨- ئامانجی کۆتایی سەرپەرشتکردنی پەروەردەیی هاندانی گەشەی فێرخوازانەو بەمەش باشتربوونی کۆمەڵگایە.

٩- پێشکەشکردنی سەرکردایەتی بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی و خۆگونجاندنەوەی هەمیشەیی لە بەرنامەی پەروەردەیی بەدرێژایی ساڵ، چ بۆ ئاستە جیاوازەکانی ناو سیستمی پەروەردە یان بۆ بوارە جیاوازەکانی فێربوون (الخطیب وأخرون، ١٩٩٨: ١٣٧).

١٠- پەرەپێدانی کەشێکی گونجاو بۆ فێرکردن و فێربوون (باشترکردنی شێوازی فێربوون، دابینکردنی کەشێکی پەروەردەیی گونجاو، گەشەپێدانی پیشەیی بۆ مامۆستایان وچارەسەرکردنی کێشەکان) و دروست کردنی کەشێکی داهێنەرانە (صیلوو، ٢٠٠٤: ٥٣).

## گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی یەکێکە لە پایە سەرەکی و گرنگەکان بۆ گەشەپێدانی کاری پەروەردەیی، لەگەڵ زیادبوونی بەرپرسیارێتی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە بەرامبەر گونجاندنی مامۆستایان لە ئەنجامی گۆڕینی کارکردن و گەشەسەندنی قوتابخانە و گۆڕینی چەمکی فێربوون بەگشتی گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە تایبەتی زیاد دەکات و هەوڵدەدات باشترین ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون دەستەبەربکات، هەروەها سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی کاردەکات بۆ هەماهەنگی نێوان ئەرکی قوتابخانەو جۆرەکانی چالاکیی پەروەردەیی کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری پەروەردەیی (عودة، ٢٠٠٩: ٣٣). گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە پرۆسەی پەروەردەدا لە تیشک خستن و بەهێزکردنی لایەنەکانی هێزو ڕوونکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و پێشنیارکردنی چارەسەری گونجاودایە، (بۆردمان،1963) ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "دوو هێندەبوونی ژمارەی قوتابخانەکان، زیادبوونی ژمارەی فێرخوازان، ئامادەکردنی پەروەردەیی مامۆستایان لە ڕوانگەی زانستی و پیشەییەوەو گۆڕانکاری لە کارەکانی وانەوتنەوەو جۆرەکانی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکات بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی پەروەردەیی کە پشتگیری لە پێویستی بەرنامەیەکی دروستی سەرپەرشتیکردنی تەکنیکی دەکات" (العوران، ٢٠١٠: ٣٠).

لێرەدا گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی کە لە چەند لایەنێکەوە سەرچاوە دەگرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە:

١- پەروەردە پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بە تیۆری و قوتابخانە بیرکردنەوەکانیەوە هەموویان بەدوای پێشخستنی مرۆڤدا دەگەڕێن.

٢- مرۆڤ بە سروشت پێویستی بە یارمەتی و هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە هەیەو لێرەوە پێویستی مامۆستا بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سەرچاوە دەگرێت، چونکە ڕاوێژکارو بەشداربووی پرۆسەی پەروەردەیە.

٣- دانانی ژمارەیەک کەسی کەم ئەزموونی پەروەردەیی بۆ کارکردن لە پیشەی وانەوتنەوەدا پێویستی بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پلاندانەرو ڕاهێنەر هەیە.

٤- لێکتێنەگەیشتنی بەشێک لە مامۆستا کۆنەکان و شارەزایانی پەروەردەیی لەگەڵ سەردەم کە ڕەنگە لە سیفەت و تواناکانیدا جیاواز بێت لەوەی پێشترفێری بوون.

٥- پێویستی ڕاهێنان لەسەر ڕەوتە هاوچەرخەکان و شێوازە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە، کە ئەمەش پێویستی گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پشتڕاست دەکاتەوە.

٦- پێویستی مامۆستای تازەپێگەیشتوو بە ڕێنمایی و یارمەتی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەوای قوتابخانەو لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەو فێرخوازان و پرۆگرامەکەی کە دیلێتەوەو ئەو ئامانجانەی کە دەبێ بەدی بهێنن، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە (السبیل، ٢٠١٣: ٧٢-٧٣).

٧- پیشەی وانەوتنەوە کە دەروونی فێرخوازان ئاراستە دەکات و فێریان دەکات بە تایبەت کە مامۆستا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، بۆیە پێویستی بە ڕێنمایی و سەرپەرشتیکردنە.

٨- لەڕێگەی سەرپەرشتیکردنەوە مامۆستا ئاشنا دەبێت بەو سەرچاوانەی کە یارمەتیان دەدەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، ئەمەش سەرپەرشتیکردنی باشە کە یارمەتی مامۆستا دەدات لەبری کەسانی تر پشت بەخۆی ببەستێت.

٩- ڕێنماییکردنی مامۆستاو کارکردن بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی پیشەیی و گەشەپێدانی فێرخوازان بەئاراستە دروستەکاندا.

١٠- سەرپەرشتی پەروەردەیی کار لەسەر بەخشین و وەرگرتن و ڕاوێژکاری و ئاڵوگۆڕی بیرورا دەکات، سەرپەرشتیارو مامۆستاو فێرخوازان لە کەشێکی ڕێزگرتن و دۆستایەتی و ڕۆشنبیری یەکتردا هاوکاری دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی قوتابخانە (حسین، ٢٠٠٦: ٢٢).

١١- سەختی پیشەی وانەوتنەوە لە ژێر ڕۆشنایی زیادبوونی ژمارەی فێرخوازان و جیاوازی تاك لە نێوانیان لە بیرکردنەوەو دەستکەوتدا.

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانەیە کە پێویستی و گرنگی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە گەشەکردن و زیادبووندایە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە بەرەو باشتر ببرێت، هەروەها پرۆسەی سەرپەرشتیکردن بۆ یارمەتیدانی مامۆستایانی تازەپێگەیشتوو لە شارەزابوون لە شێوازەکانی پەروەردەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرەسەندنی بەردەوامی شێوازەکانی پەروەردەدا بگونجێت و ڕۆڵی خۆیان بە باشترین شێوە بەکاربهێنن (العوران، ٢٠١٠: ٣٣).

## کێشەو گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی:

سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکاندا ڕووبەڕووی هەندێک کێشە دەبێتەوە، کە توانای سنووردارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵانەی کە لێی داواکراوە (یونس، ٢٠٠٩: ٥٣). سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و کارکردن بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکەی بەڵام سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هێشتا ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە کە ڕێگری لە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن دەکات (آلخاوي، ٢٠١٠: ٥٦). ئەوانەیش بریتین لە:

**١- کێشەکانی پەیوەست بەلایەنی ئابوورییەوە:**

- نەبوونی یارمەتی دارایی پەروەردەیی پێویست بۆ پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.
- نەبوونی شایستەی تەواوی هاندانە داراییەکان بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستایان.
- نەبوونی کتێبخانە (یان نەبوونی کتێب) لە قوتابخانەکاندا، و ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە گرنگی نەدان بە خوێندنەوە و بەدواداچوونی نوێ، جا لە نێو قوتابیان بێت یان لە نێو مامۆستایاندا.

**٢- کێشەکانی پەیوەست بەلایەنی تەکنیکیەوە:**

- بەشێک لە مامۆستایان ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی جێبەجێ ناکەن.
- لاوازی بەشێک لە سەرپەرشتیار کەهەندێک لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی خاڵی لاوازی هەیە.
- لاوازی پەیوەندی مامۆستا بە پیشەکەوە.
- زۆری ژمارەی فێرخوازان لە پۆلەکان.

• بەشداری نەکردنی مامۆستایان لە پلاندانانی پەروەردەیی بۆ پرۆسەی فێرکردن و فێربوون (صیلوو، ٢٠٠٤: ١٥٩).

• نەبوونی ڕەزامەندی مامۆستا لە کارەکەیداو ڕەچاوکردنی کارەکەی وەک وێستگەیەکی کاتی کە دەبێتە هۆی بێباکی مامۆستا بەرامبەر بە سەرپەرشتیار.

**٣- کێشەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەو ئاماری مامۆستایان:** ئەمەش واتە زۆری ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە سەرپەرشتییان دەکەن، ئەم مامۆستایانە لە ڕووی ئەزموونەوە نوێن و کەمی بەشە وانەوتنەوە بە هەندێکیان بۆ پسپۆڕیەکەیان و ناسەقامگیری قوتابخانەکان لە سەرەتای ساڵی دەستپێکی خوێندنەوە.

**٤- کێشەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنەوە:** بەو پێیەی سەرپەرشتیار پێویستە لە کۆتایی ساڵدا هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان بکات، کە ئەمەش دوو فاکتەر کاریگەری لەسەر دەبێت: ئەو پەیوەندییە کەسییەی کە لەنێوان سەرپەرشتیارو مامۆستادا دروست دەبێت هەروەها فاکتەری پێوانەکردن، واتە سەرپەرشتیار ڕاهاتووە بۆ سیفاتەکانی مامۆستا بە نەهێشتنی دەرئەنجامەکانی فێربوون لە پێوانەکانیدا (العوران ٢٠١٠: ٩٩).

**٥- کێشەی پەیوەست بەلایەنی کارگێڕییەوە:**

• کێشەی پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستا، لەنێوان سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەر، هەروەها لەنێوان سەرپەرشتی و بەشەکانی تر (عطاالله، ٢٠١١: ٤٠).

• فرەیی ئاستەکانی ڕێکخستن و ئەو سەختییەی کە لە پەیوەندیکردن و دەستڕاگەیشتن بە داتاو زانیارییەکاندا دروستی دەکات، ئەمەش ڕێگری دەکات لە بڕیاردان لە کاتی خۆیدا.

• ئاڵۆزی ڕێکارەکان، ناڕوونی ڕێساو ڕێنماییەکان، جیاوازی لە لێکدانەوەیان، مەیلی ڕۆتین و دوورکەوتنەوە لە نەرمی.

• پلاندانانی نادروست لە نەبوونی پێناسەو ڕوونی ئامانجەکانەوە دەست پێدەکات، ئەمەش وادەکات دیدگاکە ناڕوون بێت بەو پێیەی پلاندانانەکان ئامانجی زۆر فراوان و کاریان پێناکرێت.

• ناوەندگەرایی توندو نەبوونی شاند، ئەمەش تایبەتمەندی وڵاتانی تازەپێگەیشتووە کە سەرکردە باڵاکان پەنا دەبەنە بەر دەرکردنی دەسەڵات و بەشداری نەکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە بڕیاردان (یونس، ۲۰۰۹: ٥٤).

**٦- کێشە کەسییەکان:**

• بێتوانایی هەندێک لە سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەران لە پەیڕەوکردنی شێوازی سەرکردایەتی گونجاو.

• لاوازبوونی پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو مامۆستا.

• سەرهەڵدانی هەندێك کێشەی کەسی کە کاریگەرییان لەسەرکارو پرۆسەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی دەبێت.

**٧- کێشەکانی ژینگەی و کۆمەڵایەتییەکان:** ژینگەی قوتابخانە هەندێک جار نەشیاوە، نەبوونی بینای باش، نەبوونی تاقیگەی پێویست، نەبوونی ڕووبەری فراوان بۆ ڕاهێنانی چالاکییە وەرزشییەکان و نەبوونی شانۆ بۆ ڕۆشنبیری و چالاکییە شانۆییەکان (عودة، ۲۰۱۰: ٤٦).

**٨- کێشەی پلەبەندی:** ڕەنگە هەندێک جار سەرپەرشتیار لەگەڵ کارگێڕەکان وەک هەڵسەنگێنەرێک بۆ مامۆستایان پۆلێن بکرێت هەروەها هەندێک جاریش لەگەڵ مامۆستایان وەک ئەنجامدەرێکی تەکنیکی پۆلێن دەکرێت بە ئامانجی یارمەتیدانی مامۆستایان لە بابەتە تەکنیکییەکان.

**٩- کێشەی نەبوونی سیستمی هاندان:** ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردە هاندانێکی شایستەیی دارایی نییە، لەوەش گرنگتر نەبوونی سیستەمێکی تاڕادەیەکی باش و دادپەروەرانەی هاندانە ئەخلاقییەکان و مەعنەویەکان وەک ڕێزلێنان و پێزانین کە ڕەنگە هەندێک جار بۆ سەرپەرشتیارەکە لە پاداشتی دارایی مانای زۆتری بۆی هەبێت (لهلوب، ۲۰۰۸: ۲۰).

## سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

سەرپەرشتار یەکێکە لە پێداویستییەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، یارمەتیدەرە بۆ مامۆستا بۆ باشترکردنی ئاستی پیشەیی وەک کلیلی هەر بەرنامەیەکی تری پەروەردەیی بەهۆی کاریگەریی بەرچاو لەسەر چەسپاندنی بەهاو

ئەزموونە پەروەردەییەکان و ئەو کەسەیە کە شێوازو ستراتیژییە پەروەردەییە گونجاوەکان هەڵدەبژێرێت، لەبەر ئەوە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گەورەترین ڕۆڵی هەیە لەوەی کە مامۆستا وەریدەگرێت لە ئەزموونەکان کە ئاراستەدەکرێن لەڕووی پیشەیی و خۆگەشەپێدانیەوە، لە پێداویستییەکانی پەروەردەی مۆدێرن و زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان پێویستی توخمەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەوانەوەکانەوە پشتڕاستکردۆتەوە (العاجزو أخرون، ٢٠٠٩: ٧٩). هەروەها سەرپەرشتیار کەسێکە کە بە فەرمی لەلایەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە دەستنیشان دەکرێت بۆ کارلێککردن لەگەڵ ئەندامانی سیستەمی ڕەفتاری پەروەردەیی بە مەبەستی باشترکردنی کوالیتی فێربوونی فێرخواز ئەوان ئاسانکاری دەکەن بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی دەرئەنجامی دوای کۆبوونەوەکانی هەڵسەنگاندن و ئەوان گوێ لە تاکەکان دەگرن و باس لە کێشەکانیان دەکەن و ئاماژەی دیکە پێشنیار دەکەن کە دەتوانن یارمەتی بدەن لە دۆزینەوەی چارەسەری ئەگەری، ئەوانن مامۆستایان ئامادە دەکەن - کە چێژ لە متمانەیان وەردەگرن، ئەوی تریان لە ڕێگەی کارلێکەکانیانەوە کار لەسەر گەشەکردنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و سۆزدارییان دەکات و ژینگەیەکی پەروەردەیی باشتر بۆ گەشەی فێرخوازان دابین دەکات (مندات، ٢٠٠٢: ٣٢-٣٣). سەرپەرشتیار سەرکردەیەکی پەروەردەییە، کەسەرپەرشتی چالاکییەکان دەکات تاخزمەت بەمامۆستایان بکات و یارمەتییان بدات بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشنانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو ئامانجی خزمەتکردنی هەموو ئەوانەیە کەکاردەکەن لەبواری پەروەردەو فێرکردن بۆ ئەوەی تواناکانیان دەربخات و ئاستی کارەکانیان بەرزبکاتەوەو ئامانجە پەروەردەییەکە بەدیبێنێت (حسن وئەوانی تر، ٢٠١٤: ١٦٢). سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەندازیاری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، بەم پێیە پرۆسەی پلاندانان بۆ باشترین شێوازی تەکنیکی و پێداگۆجی بۆ جێبەجێکردنی پرگرامی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەڵکەوتووە، لە ئەزموونی ئەوەوە مامۆستایان شێوازی فێرکردنی کاریگەر وەرئەگرن و دەبێت ئەویش دەرفەتیان پێبدات بەشداری بکەن لە پلاندانان و جێبەجێکردنیان لە قوتابخانەکان لەگەڵ فێرخوازاندا وە بۆ بەدەستهێنانی ئەمە سەرپەرشتیاری پەروەردە دەبێت پلانێکی سەرپەرشتی لە سەرەتای ساڵی خوێندندا دابڕێژێت بۆ گۆڕینی خولی دووبارەوەبوو و شێوازەکانی چاکسازی و فێرکردن کاریگەر بکەن (الشمري، ٢٠١٩: ٢٨). لەبەر ئەمانەیە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پێگەیەکی بەرزی لە کۆمەڵگەی پەروەردەییدا داگیرکردووە، بەو پێیەی شارەزای مەیدانییەو ئاراستەی پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن دەکات، وەدەبێت سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەو توانا و لێهاتوویە پیشەییانەی هەبێت کە وایان لێدەکات ئەو ڕۆڵەی پێی سپێردراوە بە تایبەتی لە گەشەپێدانی مامۆستایاندا بە شێوەیەکی پیشەیی جێبەجێ بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی

گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەگشتی.، بۆیە دەکرێت بڵێین سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بریتییە لە: "شارەزایەکی تەکنیکی کە ئەرکی سەرەکیی هاوکاریکردنی مامۆستایانە لە گەشەی پیشەیی و چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەروەردەییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکی بۆ باشترکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە و ئاڕاستەکردنی پرۆسەی خوێندن بە ئاراستەی دروست و ئەزموونی پەروەردەیی بەرچاو و سیفەتە کەسییەکان کە شایستەی ئەرکێکی سەرکردایەتی دەکات (الجمیل، ٢٠٠٨: ٧٣).

## لێهاتوویەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردە:

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکێکە لەو سەرکردانەی پەروەردە ئەرکە گرنگەکانی پەیوەست بە پەرەپێدانی ئەدای پێکهاتەییە پەروەردەییە جیاوازەکان لە ئەستۆ دەگرێت بۆیە پێویستە لە هەڵبژاردنیشیاندا پێوەرو پلەبەندی بەهێز هەبێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتن و بەردەستبوونی چەندین پێوەر وەک بڕوانامەی کەسی، تەکنیکی کارامەیی و لێهاتوویی پیشەیی (خلیل، ٢٠١٢: ٤٩). بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بتوانێت بە ئامانجە تایبەتەکانی پەروەردەیی بگات و بە تەواوی ئەرکەکانی بەدی بهێنێت پێویستە سەرپەرشتیار کۆمەڵێک تایبەتمەندی گرنگی هەبێت بۆ سەرکەوتنی لە کارەکانیدا، وەک خوێندنەوەی بەردەوام و بەشداریکردنی بەردەوام لە ڕاهێنان و پەرەپێدانی کۆرسەکان و کارکردن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون لەگەڵ هاوکارانی لە شوێنی کاردا بەدەستپاکی و دادپەروەری و تەکنیک و زیرەکی، پابەندبوون بە ئەخلاقی پیشەیی و متمانە بەخۆبوون.، هەروەها کۆمەڵێک لێهاتوویی ئەدای هەبێت بە پەرەپێدانی توانای خۆی بۆ دارشتن و ئامادەکردنی پلانی چاودێری ساڵانەو نوێبووەوە، جگە لە چێژوەرگرتن لە کۆمەڵێک لێهاتوویی زانستی، لەوانەش زانیاری قووڵ لەسەر بابەتەکانی، کولتوری فراوان و هەمەچەشن، هەروەها خاوەنداریێتی هەندێک لێهاتوویی کۆمەڵایەتی بۆنموونە توانای دامەزراندنی پەیوەندی مرۆیی باش لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی، بۆئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ڕۆڵە جۆراوجۆرەکانی بەشێوەیەکی کاریگەر و کارا ئەنجام بدات دەبێت کۆمەڵێک کارامەیی و لێهاتوویی تایبەتی هەبێت کە بە ڕەسەنایەتی و هاوچەرخ و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە تایبەتمەندبێت، کە بە خۆپەرەپێدان و ڕاهێنانی بەردەوامەوە بەدەست دەهێنرێن بە ئەزموونی گەشەسەندوو لە کاری پەروەردەییدا (أمبیض، ٢٠١٤:١٧-١٨). سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سەرکەوتوو وەک ئامرازی پاڵنەر و ڕێکخستنی ئەو کارە دەبینرێت کە مامۆستا لە ناوەوە و دەرەوەی ژینگەی قوتابخانە دەیکات بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات و دەبێت کە کۆمەڵێک لێهاتوویی تایبەتی

هەبێت کە ئاماژەیە بۆ توانای ئەو بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی کارا و لە ئاستێکی دیاریکراودا چونکە کاری سەرپەرشتیاری جگە لە بڕوانامەی پەروەردەیی، پێویستی بەئەزموون و ڕاهێنان هەیە، گرنگەترین بەردەستبوونی لێهاتوویی سەرپەرشتار بۆ یارمەتیدانی لە پراکتیکی چاودێریکردنی پەروەردەیدا ئەمانەن:

١- لێهاتووی کۆمەڵایەتی: خاوەنی تێڕوانینێکی ڕوون بێت سەبارەت بە ئامانجەکانی پەروەردە و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە، ڕۆڵی سەرپەرشتیار وەک سەرکردەیەکی پەروەردەیی پێناسە دەکات.

٢- لێهاتوویی هەستکردن بە کێشە پەروەردەییەکان: وریایی پیشەیی بۆ داینامیکی ڕەفتاری مامۆستاو فێرخوازو کێشە پەروەردەییەکان.

٣- لێهاتووی شیکاری: توانای شیکردنەوەی کاریگەرو تێگەیشتن لە پەیوەندییەکان و جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕەفتاری تایبەت بە پەروەردە (العوران، ٢٠١٠: ٦٦-٦٧).

٤- لێهاتوویەکانی پەیوەندیکردن و کارلێککردن: دابینکردنی کەشێکی گونجاو دوور لە گرژی بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن بە ئازادی کارلێک و پەیوەندی بکەن بەبێ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ و ترس بکەن.

٥- لێهاتوویەکانی پلاندانانی خوێندن: لە وەرگێڕانی بەرنامەی سەرپەرشتیار بۆ پلانێکی ڕاستی و جێبەجێکراو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی شێوازی هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر لەسەر ڕادەی گەیشتن بە ئامانجەکانی پلانەکە.

٦- لێهاتوویەکانی پەرەپێدانی پیشەیی بۆ مامۆستایان: دیاریکردنی ئاستی کارایی ئەنجامدانی ئەرکە جیاوازەکانی کارمەندان بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی گەشەی پیشەیی.

٧- لێهاتووی لە پەرەپێدانی پرۆگرام: نوێنەرایەتی دەکرێت لە پەیوەندیکردن بە کارگێڕی ناوەندی سەبارەت بە بەرنامەی قوتابخانەو بەشداریکردن لە لیژنەکانی پرۆگرام و پەرەپێدانیان.

٨- لێهاتووی لە هەڵسەنگاندن: لە بەکارهێنانی شێوازو ئامرازەکانی هەڵسەنگاندندا نوێنەرایەتی دەکرێت لەکاتێکدا لە پرۆسەی فیدباکدا سوودیان لێ وەردەگرێت.

٩- لێهاتووی لە گۆڕانکاری و گەشەپێدان: لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە پەروەردەییەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێت (عودة، ٢٠١٠: ٣٧).

١٠- لێهاتوویی مرۆیی: توانای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ کارکردن لەگەڵ لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەیی پێویستی بە تێگەیشتن و قبوڵکردنی خودی مرۆڤ و گوێگرتن و تێگەیشتنی باش و دروستکردنی کەشێکی دۆستانەو دروستکردنی پەیوەندی کاریگەرو هاندان و گەشەپێدان وهەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە کار.

١١- لێهاتوویە چەمکییەکان: توانای بینینی پێکهاتەی دامەزراوەیی پەروەردەیی ئەوانیش قوتابخانەو بەڕێوەبەرانی پەروەردەو وەزارەت ئەمەش وەک سیستەمێکی فێرکردن و دامەزراوەیی مرۆیی هەموویان کارلێک دەکەن (یونس، ٢٠٠٩: ٢٣).

١٢- لێهاتوویە مەعریفیەکان بەجۆرێک کە ئەمانەی خوارەوە بزانێت و ئاگاداری بێت:

- شێوازی توێژینەوەی زانستی.
- فەلسەفەی پەروەردەو ئامانجەکانی و یاسادانانی سیستەمی پەروەردە.
- ناوەڕۆک و بابەتەکانی کتێبی خوێندن.
- شێوازەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.
- ماف و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی (الحج، ٢٠٢٠: ٦٤).

١٣- لێهاتوویەکانی ئەکادیمی:

- زانیاری قووڵ لەسەر بابەتەکەی و بەردەوام کارکردن بۆ فراوانکردن و بەرزکردنەوەی ئەم زانستە.
- زانیاری گشتگیری پەروەردەیی لەسەر هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پێویستی پێیەتی لە کارەکانیدا.
- کولتوری فراوان و هەمەچەشن.
- بەدواداچوون بۆ سەرجەم پێشهاتە نوێیەکان لە بابەتی پسپۆڕییەکەی و لە سەرپەرشتی پەروەردەیی.

١٤- لێهاتوویەکانی ئەنجامدان:

- توانای داڕشتن و ئامادەکردنی پلانی چاودێری ساڵانەی نوێبووەوە بە ئامانجی گشتگیر.

• توانای دارِشتنی پلانی هەفتانەی هەبێت کە پێداویستی مەیدانیانە لەبەرچاو بگرێت.

• توانای هاوکاریکردنی مامۆستایانی هەبێت لە دارِشتنی پلانی ڕۆژانەو ساڵانە.

• توانای پلاندانان بۆ خولی پەروەردەیی و ئەو شێوازانەی کە یارمەتی مامۆستایان دەدەن بە شێوەیەکی پیشەیی گەشەبکەن.

• توانای بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

• توانای سەرکردایەتیکردنی خولی وانەوتنەوەو پەروەردەییەکان و سیمینارەکان (طافش، ٢٠٠٤: ٩٩).

١٥- لێهاتوی لە بەڕێوەبردنی کات: سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەبێت خاوەنی لێهاتوویی بەڕێوەبردنی کات بێت و مامۆستایان بتوانن:

• تێگەیشتن و بەرز نرخاندنی گرنگی کات وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ لە گەیشتن بە ئامانج و سیاسەتە پەروەردەییەکانی قوتابخانە.

• دەستنیشانکردنی چەمکی بەڕێوەبردنی کات و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ باشترکردنی کاریگەری قوتابخانە.

• ناسینی کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی کات بە تایبەتی (تۆمارکردنی شێوازی ڕاستەقینەی بەسەربردنی کات و شێوازە گونجاوەکان) (خلیل، ٢٠١٢: ٥١).

١٧- لێهاتووی بواری چاودێری کارگێری قوتابخانەکان: سەرپەرشتیار لەم بوارەدا ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات:

• بەدواداچوون بۆ فێرکردنی ئەو بابەتەی کە سەرپەرشتار دەیکات بەپێی ڕێکارو ڕێنماییەکان.

• بەشداریکردن لە پشکنینی خشتەی نمرەکانی وەرزی و ساڵانەو ئەنجامی تەواوکردن بەپێی ڕێنماییەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخوازان.

• سەرپەرشتیکردن و بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازو ئامێرە پەروەردەییەکان و دڵنیابوون لە باشترین بەکارهێنان و پاراستنیان و دڵنیابوونەوە لە ئامادەییان بۆ بەکارهێنان (عبدالهادی، ٢٠٠٢: ٢٣).

## ئەرکی سەرپەرشتیاری پەروەردە:

سەرپەرشتیار لە چەمکە مۆدێرنەکەیدا چیتر تەنیا لە ئەرکی یارمەتیدانی مامۆستادا سنووردار نییە بۆ پەرەپێدانی میتۆد و ئامرازەکانی لە پۆلدا، بەڵکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەندین ئەرکی هەیە کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە چەمکە گشتگیرەکەیەوە هەیە کە هەوڵدەدات دۆخی پەروەردەیی لەگەڵیدا پەرەپێبدات، زۆر بوار لە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەیە لەوانە ئەوەی لە پۆلدا ڕوودەدات، یان ئەوەی لە دەرەوە ڕوودەدات لە ڕووی فێرکردن و فێربوونەوە و ئەم بوارانە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن بۆ ئەوەی بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی کۆمەڵگەی قوتابخانەدا کاربکەن بۆ باشترکردنی دەرئەنجامەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، توێژەران و پەروەردەکاران جیاواز بوون لە دیاریکردنی وەسفێکی وردی کاروئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەو کۆمەڵگا جیاوازەکان (العاجزو أخرون، ۲۰۰۹: ۷۹).

( بۆندی و وایڵز، ۱۹۸۰) ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەم ئەرکانەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە:

۱- ئەرکە کارگێڕییەکان، لەوانە: هەڵبژاردنی فەرمانبەران، ڕێکخستنی پەروەردە، و باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانەدا.

۲- ئەرکەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی خوێندنەوە، لەوانە: دانانی ئامانجەکانی پەروەردەیی، ئەنجامدانی توێژینەوە، داڕشتنی پلان و پرۆگرام و هەڵبژاردنی بابەتەکان.

۳- ئەرکەکانی پەیوەستە بە پەروەردەوە، لەوانە: داڕشتنی پلانی پەروەردەیی، هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان، پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی، هاوکاریکردنی مامۆستایان، هەماهەنگی چالاکییەکانی وانەوتنەوە (رمانة، ۲۰۰٤: ۳۳).

(وێڵزو باندی) ئەم ئەرکانەی خوارەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەییان باس کردووە:

۱- داڕشتنی پلان و داڕشتنی پێوەری تایبەت بۆ کاریگەری.

۲- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و بەڕێوەبەر.

٣-  سەرنجدان بەفێرکردن و خولی ڕێکخراو بەپێی پلانی گشتی.

٤- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندان لە بواری پەروەردەدا.

٥- ڕێکخستنی بەرنامەی ڕاهێنان.

٦- هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەیی و وانەوتنەوە لە قوتابخانە (العکر، ٢٠٠٨: ٥٩).

لە ڕوانگەیەکی دیکەی ئەم بوارانەدا، (Ovando & Huckestein, 2003: 7-8) ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە ژێر ڕۆشنایی پراکتیکەکانی سەرپەرشتیاری پەیوەست بەم ڕەهەندانەی خوارەوە دەخەنە ڕوو:

١- پەیوەندی کردن و گەشەپێدانی ستافی قوتابخانەکان.

٢-  بەرنامەی پەروەردەیی و پلاندانان و گۆڕانکاری.

٣- چاودێری پۆل و کۆبونەوەو پێشکەشکردنی مۆدێلی هاوشێوەکردن لە بەڕێوەبردنی پۆلدا.

٤- چارەسەرکردنی کێشەو بڕیاردان (المقید، ٢٠٠٦: ٦٣).

٥- ئامادەکردنی مامۆستا نوێیەکان بۆ کارەکانیان و ئەنجامدانی خول بۆیان.

٦- ڕێکخستنی کۆبونەوە لەگەڵ مامۆستایان و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامەکان.

٧- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی مامۆستایان و دابەشکردنیان بەسەر قوتابخانەکاندا (زاید، ٢٠١٢: ١٧-١٨).

هەروەها (طافش،٢٠٠٤) پێی وایە ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەم بوارانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت: پلاندانان، خوێندکار، مامۆستا، مەنهەجی قوتابخانە، شێوازی وانەوتنەوە، چالاکی، شێوازکانی فێرکردن، بینای قوتابخانە، پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن (طافش، ٢٠٠٤: ٨٧-٩٢).

## مێژووی دامەزراندنی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە شاری سلێمانی:

مێژووی سەپەرشتیاری پەروەردەیی لە عێراقدا بۆ سەردەمی عوسمانیەکان دەگەڕێتەوە دەوڵەتی عوسمانی هەر لە ساڵی (1913)و لێپرسراوێکی بۆ پشکنیین( تفتیش)ی قوتابخانە سەرەتاییەکانی عێراق دانا لە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقیش لەساڵی (1921)دا، پشکنین لە سیتمی پەروەردەدا جێگیرکراو لە ساڵی (1921) یەکەم

یاساورێنمایی دەربارەی پشکینین دەرچووە. (قەرەداغی، ١٩٩٩: ١٠٦) هەر لە سەرەتاکانی دامەزاندنی وەزارەتی پەوەردە (المعاریف) لە عێراق لە ساڵی (1920-1921) یەکەی سەرپەرشتی کردن کاری خۆیکردووە لە ڕووی ڕێکخستن و پێشخستنی سەرجەم ئیش و کارەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە تاساڵی (1932) کە بەڕێوبەرێتی پەروەردەکان لە عێراقدا کران بەچواربەشەوە:

یەکەم پەروەردەی موسڵ/ موسڵ و دەوروبەری پێوە بەسترابوو.

دووەم پەروەردەی بەغداد/ هەریەکە لە پارێزگاکانی حلە، کەربەلا، بەعقوبە، کوت، دیالە)ی پێوەبەسترابوو.

سێیەم/ پەروەردەی بەسرە/ هەریەک لە پارێزگاکانی (عەممارە، دیوانیە، ناسریە)ی پێوەبەسترابوو

چوارەم پەروەردەی کەرکووک/ هەریەکە لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر)ی پێوەبەسترابوو.

لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکەوە سەرپەرشتی قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی دەکرا، لە ساڵی (1933) بەدواوە (11) بەڕێوبەرێتی پەروەردەی دیکە دامەزرا کە بەڕێوبەرێتی پەورەردەی سلێمانی یەکێک لەو بەڕێوبەرێتییانە کە مامۆستا (عبدالمجید یوسف) کرا بەیەکەم بەڕێوبەری پەروەردەی سلێمانی بەڵام مەڵبەندی سەرپەرشتیکردن (تەفتیش) هەر لە شاری کەرکوک مایەوە تاوەک و ساڵی (1945-1946) لە ساڵی (1947) یەکەی سەرپەرشتیکردن لە پارێزگای سلێمانی کرایەوە و یەکەم مامۆستا بەڕێز(فوئاد رەشید) وەک سەرپەرشتیار (مفتیش) لە پەروەردەی سلێمانی دامەزرا بۆ قۆناغەکانی (سەرەتایی و ناوەندی) لە ساڵی (1950) واتە پەنجاکان بە دواوە ژمارەیەک لە مامۆستای بەتواناو خاوەن ئەزموون دەستنیشانکرا بۆمەڵبەندی سەرپەرشتی کردن(تەفتیش) (کاکەڕەش، ٢٠٠٩:٤). تا ئێستاشی لە سەربێت کردارو پرۆسەی سەرپەرشتیکردن خۆی لە چاکردنی باشترین شێوازی وانەوتنەوەدا دەبنێتەوە، بەڵام ئەمە کردارێکە لەنێوان چەند کەسێکدا ئەنجام دەردێت کە لە چەند پێگەیەکی جیازوازە وە سەرچاوە ئەگرن وەک (مامۆستا، قوتابی، پرۆگرامەگانی خوێندن، ژینگەی قوتابخانە) هەموو ئەو سەرچاوانە ئەبنە هۆکارێک کە مامۆستا تواناکانی خۆی تیادا بەرجەستەبکات گۆڕان لە ڕەفتاری خۆی و فێرخوازاندا دروستبکات، گواستنەوەی باشترین شێوازی وانەوتنەوە لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی ترو گواستنەوەی زانیاری نوێ بۆ پرۆسەی پەروەردە، نەوەیەکی تەندروست و کارامەی لێ پەیدادەبێت ئەمەش کاریگەی بەهێزی دەبێت لە سەر پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستا ئا لەم سۆنگەیەوە دوا گۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان

پێشنیاری کردووە ناونیشانی یاخود ناوی سەرپەرشتیار بگۆڕدرێت بۆ هاوڕێ یان هاوەڵی مامۆستا (أحمد، ٢٠٠٩: ٨).

بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بتوانێت کارەکەی ئەنجامبدات، دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و پیشەیانەئامادە کرابێ و شارەزایی زۆرفراوانی هەبێت و ئەزموونی تەواوی هەبێت لەبواری پەروەردەوفێرکرندا، هەروەها ئامادەکرابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی پەروەوردەیی لە ئەستۆبگرێت و دەبێت خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزو هاوسەنگ بێت، لە گرنگ ترین مەرج و پێوەرەکانی بەدەست هێنانی سەرپەرشتیاری بۆ هەردوو قۆناغی (باخچەی ساوایان- قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی- پیشەیی ) لە هەرێمی کوردستان بریتین لەم خالانەی خوارەوە:

**أ- مەرجەکان:**

- خزمەتی کردارەکی کاری مامۆستایەتی کردبێت بۆ (دبلۆم 15ساڵ، بە کالوریوس14ساڵ، دبلۆمی باڵاوماستەر12ساڵ، دکتورا10ساڵ)
- تەمەنی لە پەنجاساڵ زیاتر نەبێت و لە سی ساڵیش کەمتر نەبێت
- لە پشکنینی تەندروستی سلامەتبێت و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی هەبێت و شیاوی یاسایی هەبێت (عزیز، ٢٠١٤: ٢٣٥).

**ب- پێوەرەکان:**

یەکەم: تاقیکردنەوەکان

أ- مامۆستای داواکار بە شداری بکات لە تاقیکردنەوەی ( زانیاری گشتی لە بواری پەروەردەو فێرکردن) و پیویستە بە شداربوو لەم تاقیکردنەوەیە نمرەی (60%) وەک نمرەی دەرچوون بەدەست بهێنێت بەپێچەوانەوە مافی بەشداربوونی لەتاقیکردنەوەکانی تر نابێت، ئەم تاقیکردنەوەیە (ناوەندی) دەبێت و لە پارێزگای هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان)ئەنجامدەدرێت.

ب- تاقیکردنەوەی (بواری کاری پەروەردەیی و کاری سەرپەرشتیاری) کە پرسیارەکانی بەرێژەی زۆر لەم بابەتانە دەبێت ( ڕێبەری هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان، ڕێبەری سەرپەرشتیاری هاوڕێی

ڕەخنەگر، ڕێبەری بەڕێوەبەری سەرکردە، سیستمی قوتابخانەبنەڕەتی و ئامادەییەکان، ڕێنمایی ئەزموونەکان) وە ڕێژەی (50%) نمرەکەی بۆ کۆنمرەی کۆتایی هەژماردەکرێت.

ج- مامۆستای داواکار بەشداری تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەر بکات و بەشێوەی کرداری کەلەلایەن لیژنەیەکی دیاری کراو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/ بەڕێوبەرایەتی تەکنەلۆجیایی زانیاری لە وەزارەت ئەنجام دەدرێت، وە (10%) نمرەی لەسەر دەبێت.

دووەم: دۆسییەی کەسی (10%) نمرەی لەسەر دەبێت.

سێیەم: چاوپێکەوتن و پرێزنتیشن (30%) نمرەی لە سەردەبێت.، ئەمەش لەلایەن لیژنەی باڵای وەزارەت هەڵسەنگادنیان بۆ دەکرێت.

چوارەم: بۆ بەدەست هێنانی پلەی سەرپەرشتیاری دەبێت کۆنمرەی کۆتایی (60%) نمرە کەمترنەبێت. (بەڕێوبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، ٢٠٢٢: ١-٢)

شایەنی باسە ئەمە دەبێتە هۆی شەفافیەت و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ سەرجەم خوازیارانی ئەوبوارە، هەروەها ڕێگەیەکشە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەو کێبڕکێوە ئەوپلانەپربکرێتەوەو ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەبواری پەروەردەو فێرکردن (ڕێبازی ئازادی، ٢٠١٢:٧).

## ناساندنێکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وەک چەمکی (هاوڕێی ڕەخنەگر)

لەسەردەمی ئەمرۆماندا ڕۆڵی سەرپەرشتیارەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێستا بەشێکی گرنگی کاری هەر سەرپەرشتیارێك ئەوەیە کە وەك (هاوڕێی ڕەخنەگر) پشتیوانی بۆ کۆمەڵێك قوتابخانە دەستەبەر بکات، سەرپەرشتیار کە هاوڕێی ڕەخنەگری قوتابخانەیە ڕۆڵێکی جەوهەری و سەرەکیی هەیە لە یارمەتیدانی بەڕێوەبەر بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی قوتابخانەکەی، ئەمە لە کاتێکدا هاوڕێی ڕەخنەگر ئەندام نییە لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی بۆ قوتابخانەکە، بەڵکو هاوکاری و پاڵپشتیی بەردەوام پێشکەشی قوتابخانەکەو بەتایبەتیش بەڕێوەبەرەکە دەکات، سەرپەرشتیاران لە هەرێمی کوردستان سێ ئەرکی سەرەکیی دەبینی: وەکو هەڵسەنگێنەری دەرەکی، وەکو سەرپەرشتیاری پسپۆرو هەروەها وەکو هاوڕێی ڕەخنەگر بۆ ژمارەیەکی کەم لە قوتابخانەکان، هەروەها هێشتاش ڕۆڵی ڕاوێژکاری پسپۆڕ کە هەر لە کۆنەوە بە بەشێکی بنەڕەتی کاری سەرپەرشتیاری دادەنرێت گرنگی خۆی لەدەست نەداوە: وەك هاوڕێی ڕەخنەگر بۆ قوتابخانەکان و کەسێکی

پسپۆڕی سەرپەرشتیار لە بواری پسپۆڕیەکەیدا ڕاهێنان و ئامۆژگاری و پشتیوانی دەستەبەردەکات بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەران بەشێوەی کۆڕو کۆبوونەوەو گروپی تایبەت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سەردانی مامۆستاو بەڕێوەبەر لە کاتی پێویست، ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەم پێشەکییەدا ئاماژەیان پێکراوە لەلایەن پرۆژەیەکەوە پاڵپشتیکراون کە بریتیەلە: بونیادنانی تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی: باشترکردنی جۆریەتی و هەلی یەکسان بۆ فێربوون. پرۆژەکە لە (2017)ەوە بۆ (2020) جێبەجێ کراو لە ئێستادا درێژکراوەتەوە بۆ ساڵی (2022)، کە یەکێتی ئەوروپا خەرجی بۆ دەستەبەرکردووەو ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی بەڕێوەی دەبات بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی.

**هاوڕێی ڕەخنەگر**: کەسێکە کە تێڕوانینێکی ڕاستگۆیانەو بابەتیانە بە شێوەیەکی بونیادنەرانەو پاڵپشتیکارانە پێشکەش دەکات.، وشەی "ڕەخنەگر" لە دەستەواژەی "سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر" بەکارهاتووە لەبەر ئەوەی کە هاوڕێی ڕەخنەگر تێڕوانینێکی سەربەخۆی هەیەو پشت بە بەڵگە دەبەستێت، هەروەها دەیەوێت ئاڵنگاری و چاوەڕوانیی باشتر بخاتە بەردەم قوتابخانە بەشێوەیەکی ئامانجدارو بونیادنەرانە ئەگەر قوتابخانەکە پێویستی بە بەرەوپێشبردن هەبێت.، وشەی "هاوڕێ" لە دەستەواژەکە بەکار هاتووە لەبەر ئەوەی کە سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر کار لەگەڵ ئەو قوتابخانەیە دەکات بەشێوەیەك وای لێدێت کە بە باشی ئەو قوتابخانەیە دەناسێت و دەیەوێت یارمەتی و پاڵپشتی پێشکەش بە بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەرو مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانە بکات بۆ ئەوەی تواناکانیان بەرەوپێشەوەببەن و کوالیتی و کارایی قوتابخانەکەیان وەکو دامەزراوە پەرەپێبدەن (وەزارەتی پەروەردە،أ، ٢٠١٩: ٣-٥). سەرپەرشتیاران کە وەکو هاوڕێی ڕەخنەگر کاردەکەن دەبێ قوتابخانەکان بۆ ئەنجامدانی خۆهەڵسەنگاندن وپلانی پەرەپێدان بە پێی ستاندەری قوتابخانەکان هانبدەن و پشتگیری بکەن، پرۆسەکەش دەبێ لەلایەن فەرمانبەرێکی باڵاوە چاودێری بکرێت، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرپەرشتیار وەک هاوڕێی ڕەخنەگر لە لیژنەی خۆهەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی قوتابخانەدا ئەندام نییە بەڵکو هەڵسەنگاندانی دەرەکی قوتابخانەکان لە لایەن چەند سەرپەرشتیارێکی تروە هەڵسەنگاندنەکە دەکرێت، بەڵام هاوڕێی ڕەخنەگر دەبێ بۆ ئامۆژگاری پێدان و ڕەخنەی بنیاتنەر ئامادەبێ،

ئەو سەرپەرشتیارەی کە وەك هاوڕێی ڕەخنەگر کار لەگەڵ قوتابخانەکەدا دەکات لەبارەی خۆهەڵسەنگاندن و پلاندانانی پەرەپێدانەوە:

- نابێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای بەڕێوبەرەکە بکات پێویستە ئەمە لەلایەن سەرپەرشتیارێکی جیاوازەوە ئەنجام بدرێت.
- لە سەر داوای قوتابخانەکە، دەتوانێت بەشداربێت لە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی قوتابخانە.

لیژنەی خۆهەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی قوتابخانە دەبێ بەڵگەکان ڕەچاوبکات و ئینجا بگاتە حوکمێك لە بارەی ئەدای قوتابخانە بەپێی هەر ستاندەرێك.، ستاندەرەکان بریتین لە پێشبینییەکانی ئەدا کە نزمترین یاخود بەرزترین ئاستی ئەو ئەدایە دیاری دەکەن کە پێویستە هەمووان پێی بگەن، ئەمەش (25) ستانداردی قوتابخانەکانن کە دابەشبوون بەسەر بوارەکانی ئەدای (سەرکردایەتی بەڕێوەبردن، فێرکردن و فێربوون، بایەخدان بەفێرخوازو پشتگیری کردنیان، بەشداریکردنی کۆمەڵگە، ئەنجام و دەرهاویشتەکان).

پێویستە بڕیار لەسەر ئەدای قوتابخانەکە بدرێت بە بەکارهێنانی وەسفکارەکان، بۆ هەر ستانداردێك، پێویستە بۆ قوتابخانەکە بڕیار بدات ئایا لە ئاستی 1 ، ئاستی 2 ، ئاستی 3 ، یان ئاستی 4 دایە.

وەسفکارەکان بریتین لە ڕوونکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی کواڵیتی و کارایی لە پەیوەندیدا بەهەرستانداردێکەوە، چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان وەسفکارەکان دەخەنەڕوو بۆ هەر چوار ئاستەکەی کواڵیتی هەر ستانداردێك:

- ئاستی 4 : ستانداردەکە تێدەپەڕێنێت، زۆر باشە
- ئاستی 3 : لە ئاستی ستانداردەکەدایە، باشە
- ئاستی 2 : پێویستی بە بەرەوپێشچوونە بۆ ئەوەی لە ئاستی ستانداردەکەدا بێت
- ئاستی 1 : پێویستی بە بەرەپێشچوونێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی لە ئاستی ستانداردەکەدا بێت.

ئەمانەش دەبێت لە فۆرمێکی تایبەتی خۆهەڵسەنگاندنی قوتابخانەدا تۆمار بکرێت بەپێی ستاندەری قوتابخانەکان کە لەبەردەستی سەرپەرشتیاراندایە.، ڕاپۆرتی خۆهەڵسەنگاندن دەبێ لەلایەن ئەو لیژنەیەوە بنووسرێ کە خۆهەڵسەنگاندنی ڕێکخستووەو پێویستە ڕاپۆرتی خۆهەڵسەنگاندن دەستکەوتەکانی قوتابخانە

(ئەو ستاندەرانەی کە بە تەواوی پێیانگەییوە یا لێیان تێپەڕبوە) و بوارەکانی باشترکردن (ئەو ستاندەرانەی کە پێیاننەگەییوە یان بەشێوەیەکی بەشەکی پێیانگەییوە). دەبێ ئەمە ببێتە پلانێك بۆ بنیاتنان لەسەر دەستکەوتەکان وبەرەوپێشبردنەکان لە کاتی پێویستدا ئەم پلانانەش بریتین لە پلانی پەرەپێدانی قوتابخانەکان (وەزارەتی پەروەردە،ب، ٢٠١٩: ١-٤).

سەرباری هەموو ئەمانە ئەرکی سەرپەرشتیاری (هاوڕێی ڕەخنەگر) ئەمانەش لەخۆ دەگرێت:

١- سازدانی سەردان لەنێوان ستافی ئەو قوتابخانانەی کە دەبێتە هاوڕێی ڕەخنەگریان بەمەبەستی ئاڵوگۆڕ کردنی شارەزایی و فێر بوون لە یەکتری، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی لایەنی پەیوەندیدار.

٢- کاری هاوڕێی ڕەخنەگر لەگەڵ قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، نەك تەنها لەگەڵ دەستەی کارگێڕی، لەبەر ئەوە پێویستە هاوڕێی ڕەخنەگر کۆبونەوە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان و کارمەندان ئەنجام بدات و سەرجەم قوتابخانە بیناسن .

٣- گرنگە هاوڕێی ڕەخنەگر نهێنی پارێز بێت و هەڵسەنگاندنی دەرەکی بپارێزێت.

٤- لەناو قوتابخانەو ستافی قوتابخانە کۆمێنتی نەرێنی و ڕوخێنەر نەدات لە سەر کاری لێژنەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانە، وە بە هەمان شێوە لێژنەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانە باسی ڕۆڵی هاوڕێی ڕەخنەگر نەکەن لە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندندا.

٥- لەکاتی نوسینی سەرنج و تێبینیەکانی لە تۆماری قوتابخانەدا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات کە نوسینەکانی وەك بەڵگەنامە بەکار دەهێنرێت لەبەر ئەوە پێویستە گرنگی بدات بە نوسینەکانی و بخوێنرێتەوە، باشتر وایە لە هەموو سەردانێك نووسینی خۆی تۆمار بکات بە ناوو واژۆ.

٦- کاری ڕاوێژکاریە نەك بڕیاردان لە بری بەڕێوەبەر.

٧- بەشداری دەکات لە کۆبونەوەکانی لێژنەی کوالێتی و پەرەپێدان (خودهەڵسەنگاندن، شرۆڤەکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرەکی دوای دەرچونی ئەنجامەکان، کۆبونەوەی مامۆستایان، دایبابان بەپێی پێویست).

٨- دەستوەرناداتە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ئەو قوتابخانەیەی خۆی هاوڕێی ڕەخنەگرەکەیەتی و نابێت لەو کاتەدا سەردانی قوتابخانە بکات.

٩- پێشبینی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ناکات و خۆی بە دووردەگرێت لە دیاریکردنی ئاست بۆ قوتابخانە (وەزارەتی پەروەردە،ج، ٢٠١٩ :٢٤).

## چەمکی وانەوتنەوە:

چەمکی وانەوتنەوەیە پرۆسەیەکە کە مامۆستا بەپێویستی دەزانێت ڕەفتاری پەروەردەیی و کەسی خۆی لەگەڵ فێرخوازەکان ڕێنمایی بکات (حمدان، ١٩٨٥ :٢٦٣). وانەوتنەوە بەلایەنی پراکتیکی فێرکردن شێوەگرنگەکانی دادەنرێت، فێرکردنیش کارانابێت تاپێشتر پلانی بۆ دانەڕێژرابێت و بەرێگەیەکی ڕێکخروا یەک لە دوای یەک نەخشەسازی نەکرابێت، بۆیە وانەوتنەوە چالاکییەکی پێکەوەبەستراوە بەئامانجی وروژاندن و ئاسانکردنی ئەرکی فێربوون ڕەفتارو بڕیاریش لەخۆدەگرێت مامۆستاش وەک نێوانێک لەبەرجەستەکرنی هەڵوێستی پەروەدەی - فێرکارە بەشێوەیەکی مەبەستدار کاردەکات و ئەو بڕیارانە دابەشدەکات (سیوەیلی، ٢٠١٤: ١١). هەروەها دەکرێت بڵێین وانەوتنەوە پرۆسەیەکی بەیەک گەیشتنی نێوان مامۆستاو فێرخوازە واتە گواستنەوەیە لە دۆخێکی ژیرییەوە بۆ دۆخێکی ژیری تر، بەم پێیەش فێرخواز گەشە دەکات لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکردن لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی فێرکردن و فێربوون کە کاریگەرییان لەسەری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وانەوتنەوە سیستەمێکی خودی تاکەکەسییە کەتێیدا مامۆستا هەڵدەستێت بەڕۆڵێکی پیشەی کەوانەوتنەوەیە (عزیز،٢٠١٤: ١٥). لەبەرئەوە وانەوتنەوە چالاکیەکی پەیوەندیدارە بە ئامانجی هاندانی فێربوون و ئاسانکاری بۆ ئەرکی بەدەستهێنانی ڕەفتاری فێرکردن و کۆمەڵێک کردارو بڕیاری پەیوەندیکردن کە ئامادەکراون و بە شێوەیەکی مەبەستدار لەلایەن مامۆستاوە بەکارهێنراون، بۆیە دەکرێ بوترێت وانەوتنەوە سیستەمێکە لە کردەوەی پلان بۆ داڕێژراو مەبەست لێی فێربوونی فێرخوازە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیداو گەشەکردنیان و کۆمەڵێک چالاکی ئامانجدار کە هەم لەلایەن مامۆستاو هەم فێرخوازەوە ئەنجام دەدرێن و ئەم سیستەمەش سێ توخم لەخۆدەگرێت: مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرام، ئەم توخمانە تایبەتمەندییەکی دینامیکییان هەیە، بەو پێیەی چالاکیەکی زمانی لەخۆدەگرێت کە ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ پەیوەندیکردن (مرعي و أخرون ٢٠٠٢: ٢٣). وەپێشکەشکردنی بە فێرخواز بە شێوازو جۆری گونجاو لەگەڵ تەمەنی دەروونی و جەستەییدا، واتە ئەو ڕێگەو شێوازانەی کە ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی زانستی دەکات لە ژیانی فێرخوازدا، بەم پێیە وانەوتنەوە گشتگیرترە لە پەروەردە (أبوشریخ، ٢٠٠٨: ٩). کەواتە پرۆسەی فێرکردن و وانەوتنەوە پێویستە فێکردنی ڕاستەقینەی لەگەڵدابێت ئەگەر وانەبوو ئەوا واتا گرنگییەکەی لە دەستدەدات چونکە وانەوتنەوە تەنها چالاکییەکی سادەو ساکارو پەرچەکردارنییە بەڵکو بریتییە لە ئەرکێکی قورس و ئاڵۆز و پێویستی بە مەعریفەی جۆراوجۆرو تواناو لێهاتووی بەرزو چالاکی وانەوتنەوەی لێکدراوەهەیە، هەستان بەپرۆسەی وانەوتنەوە پێویستەو مامۆستا لە چالاکی وانەوتنەوەی بنەڕەتیدا بەهێزدەکات و دەیکاتە کەسێکی

شیاو بۆ فەراهەمهێانی کەشێکی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی تازە کەدەبێتە هۆی دەستخستنی باشترین دەستکەوتی فێرکاری پەروەردەیی (شەمەیی، ٢٠٠٩: ١٢).

## ڕێگای وانەتنەوەو شێوازی وانەوتنەوە:

ڕێگای وانەوتنەوە: بریتییە لە هۆکاری گەیاندن کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت لە پێناو گەیاندنی ئامانجی وانەکە بە فێرخوازان (شەمەیی،٢٠٠٩: ٤٧). بەڵام شێوازی وانەوتنەوە: ئەو شێوازەیە کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی پرۆگرام بە فێرخوازان لە کاتی پرۆسەی خوێندندا (دعمس، ٢٠١١: ٤٧). لەڕاستیدا هەروەک لە پێناسەکانیانەوە ئاماژەی بۆ کراوە جیاوازی زۆر لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە، هەرچی ڕێگایە چەمکێکی گشتگیرو گەورەترو فراوانترە، بەڵام شێواز بەندە بە سیفەتی تاکەکەسی مامۆستاوە، کە هیچ یاسایەکی دیاری کراو بۆ شێوازی وانەوتنەوە نیە (رسوڵ، ٢٠١٤: ١٠٧). وە تاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان جیاوازی لە نێوان ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوەدا ناکەن ڕێگای وانەوتنەوە دەکرێت بەچەندەها شێوازی جیاجیا پێشکەش بکرێت (قەرەچەتانی، ٢٠١٤:١٤). لەبەر ئەوە دەکرێت چەندین مامۆستا بەیەک ڕێگا بابەتە جیاوازەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن بخەنەڕوو بەڵام شێوازەکەیان جیاوازبێت لەیەکدی واتە هەر مامۆستایەک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆنموونە لە ئەزموونی ژیانی فێرخوازیمان بینیومانە چەند مامۆستایەک بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنیان بەیەک ڕێگا وتۆتەوەو وەک ڕێگای (پرسیار و وەڵام یان گفتوگۆ) بەڵام شێوازی وانەوتنەوەکەیان بەرەهای لە یەکدی جیاوازبووە، هەروەک چۆن لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە شێوازی وانەوتنەوە بەندە لەسەر هەڵسوکەوتی مامۆستا دەبینین هەندێک لە مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوە جوڵەیان زۆرەو تۆنی دەنگیان گونجاوە، فێرخواز زۆر هاندەدەن لە دووی پرسیارکردن و کاتی زۆر بە فێرخوازدەن یان هەڵەی فێرخواز بە ئاسایی وەردەگرن و بۆیان ڕاستدەکەنەوە، بەپێچەوانەوە جۆرێکی تر لە شێوازی وانەوتنەوە هەڵوێستی توندوتیژو دیکتاتۆریانەی مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوەدا کەبەرامبەر بەفێرخواز دەی نوێنێت (قادر، ٢٠١٤: ٢٧-٢٨).

## پۆلێنکردنی ڕێگاکان و جۆرەکانی شێوازی وانەوتنەوە:

**أ-** ڕێگاباوەکانی وانەوتنەوە بۆ فێرکردن لەسەردەمی پێشوو بونیادنەنرابوو لەسەر بناغەی دەروونی فێرخوازو ڕەچاوکردنی تواناکانیان و جیاوازی تاکایەتیان، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئامادەکردنی تاکی تەندروست و کارا

بۆتە یەکێک لە بەرپرسیاریەتە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەو ڕێگاکانی وانەوتنەوەو بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و جێگەی خۆیی لەناو پەڕاوەکاندا کردۆتەوە (حسن، ٢٠١٢: ٢٥). هەروەها ڕاستیەک هەیەو پێویستە لەبەر چاومان بێت کە هیچ ڕێگایەک لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەتەواوی باش یان خراپ نییە بەڵکو هەر یەکێکیان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە بەگشتی دەبنە تەواوکاری یەکتر، بەڵام پێویستە ئەو ڕێگایەی مامۆستا بەکاری دەهێنێت لەسەر پرەنسیبە پەروەردەییەکان و ڕاستییەدەروونییەکان دامەزرابێت و لەگەڵ سروشت و ئارەزووی فێرخوازو ئاستی تەمەن و ژیری گونجاوبێت هۆکارێک بێت بۆ وروژاندنی هەست و هزریی و بەهرەی گەشەپێبدات و ڕەوشتیان ڕێکوجوانبکات و کەسایەتییان دەربخات، لەسەر بنەمای سەرنج ڕاکێشان و هەڵنان وەستابێت نەک لە سەر بنەمای گێڕانەوەو تەڵقیندان، مامۆستا خۆشی و چێژ بەوانەکەبدات و کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردنی تێدا لەبەرچاوگیرابێت (رسوڵ، ٢٠١٤:١١٦). لێرەدا و لەم باسەدا بەکورتی جۆرەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەشێوەی پۆلێنکردن ڕێکدەخەین و هەروەها بەپێی گرنگی ئەولایانەی کەچ مامۆستا یان فێرخواز یان هەردووکیان پێکەوە تێیدا ڕۆڵ و کارەکتەری بەجێگەیاندن دەبن لە ناوپۆل و لەکاتی وانەکاندا ئەوانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

- گرنگترین ئەو ڕێگایانەی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری بەرفراوان دامەزراون: وەک ڕێگای (گەشتی زانستی، فێرکردن بە یارمەتی کۆمپیوتەر).
- گرنگترین ئەو ڕێگایانەی لەسەر بنەما و ستراتیجیەتی پێکەوەکارکردن دامەزراون: وەک ڕێگای (هەروەزی ، پرۆژە، گەڕان و پشکنین بە گروپ).
- گرنگترین ئەو ڕێگایانەی گرنگی بە کارلێکردن و بنیادی مەعریفی فێرخوازان دەدەن: وەک ڕێگای (ئیستقرائی- لە بەشەوە بۆهەموو، إستنباطية- لە هەمووە وە بۆبەش).
- گرنگترین ئەو ڕێگایانەی مۆدێل و میکانیزمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکییە وەرزشییەکان وەک پرەنسیی و ئامرازو فاکتەری فێرکردن بەکاردەهێنن: وەک ڕێگای (چیرۆک ،ڕۆڵبینین و نواندن، یاری).
- گرنگترین ئەو ڕێگایانەی مامۆستایان تەوەرەی سەرەکی بابەتی وانەکان و فێرخوازان ڕۆڵی لاوەکی دەبین: وەک ڕێگای (تەڵقین، وانەبێژی - گوتاری) (قادر، ٢٠١٤: ٢٤-٢٥).

**ب-** شێوازەکانی وانەوتنەوە جۆراوجۆرن هەروەک چۆن ڕێگاکانی وانەوتنەوە جۆراوجۆرن، بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە شێوازەکانی وانەوتنەوە هەنگاوەکانی بتەونین لەبەر ئەمە لەوگۆشەیەوە کە

شێوازی وانەوتنەوە ناتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت تەنیا لەمیانەی ئەو کاریگەریەوە نەبێت کە لەسەر ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز دەردەکەوێت گرنترین شێوازەکانیش ئەمانەن:

١- شێوازی ناڕاستەوخۆ: لەم شێوازەدا مامۆستا بە دوای دەستنیشانکردنی بۆچوون و گرفتەکانی فێرخوازدا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیان بکات، پاشان بانگهێشتی فێرخواز دەکات بۆ بەشداریکردن لە لێکۆڵینەوە لەو بۆچوون و کێشانەو چارەسەری گونجاویان بۆ دابڕێژێت.

٢- شێوازی فێرکردنی ڕاستەوخۆ: شێوازی فێرکردنی ڕاستەوخۆ پێکهاتووە لە بۆچوون و بیرۆکەی (تایبەتی) مامۆستاو ئاڕاستەکردنی کارەکانی فێرخوازو ڕەخنەگرتن لە ڕەفتارەکانی، ئەم شێوازە یەکێکە لەو شێوازانەی کە تیشک دەخاتە سەر ڕەفتارەکانی مامۆستا بەکارهێنانی دەسەڵات لە پۆلدا (نبهان، ٢٠١٢: ٤٢).

٣- شێوازی پیاهەڵدان و ڕخنەگرتن: بەکورتی دەتوانین بڵێن لێرەدا مامۆستا لەڕێگای دەست خۆشی و توانجەوە وانەکەی بەڕێدەکات.

٤- شێوازی پەرۆشی مامۆستا: لە وانەوتنەوەیدا لە گرنگیدان و تێگەیشتنی فێرخوازەکانییەوە سەرچاوەدەگرێت (عزیز، ٢٠١٤: ٦٢-٦٣).

٥- شێوازی فیدباک ڕاستکردنەوەی هەڵەکان: بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازە پێویستە مامۆستا بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێرخوازەکانی بکات.

٦- شێوازی دووبارەکردنەوە: مەبەست لە دووبارەکردنەوە پرسیارو وەڵامەکانە لە لایەن مامۆستایان یان فێرخوازەوە ئەمەش یەکێکە لەباشترین شێوازەکان کەزۆربەی مامۆستایان بەکاری دەهێنن لەکاتی وتنەوەی وانەکانداو هۆکارێکە بۆ لە یاد نەچوونەوەو پاراستنی مەعریفە و زانیاری لە یادەوەری درێژخایەن.

٧- شێوازی پەروەردەی و ناپەروەردەیی: لە شێوازی پەروەردەیدا مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی دەکات و بەهیچ شێوەیەک هەستی فێرخواز بریندارناکات، بەڵام لە ناپەروەردەیدا مامۆستا لەسەر بنەماو پرەنسیپی دەروونی و پەروەردەی وانەکان ناخاتەڕوو بەڵکوو هەمیشە هەوڵدات بۆچوون و ویستی خۆی بسەپێنێت (قادر، ٢٠١٤: ٢٩).

٨- شێوازی وانەوتنەوە کەلەسەر ڕوونی پێشکەش کردن یان خستنەڕوو بەندە: مەبەست لێی خستنەڕووی ئامادە زانستیەکانە لەلایەن مامۆستاوە بەشێوەیەکی ڕوون کە فێرخواز لێی تێبگەن (شەمەیی، ٢٠٠٩: ٥٧).

## تایبەتمەندیەکانی ڕێگای وانەوتنەوەی سەرکەوتوو:

مامۆستای سەرکەوتوو ڕێگای وانەوتنەی سەرکەوتوو وسەردەمییانە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بە فێرخوازەکانی بگەیەنێت، هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ و دروست بۆ وانەوتنەوە گرنگە بۆ گەیاندنی مەبەست و بیرۆکەی سەرەکی، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بۆ ئەوەی مامۆستا پۆلی وانەوتنەوە کۆنترۆڵ بکات و کەشێکی گونجاو ئارام بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی مامۆستا لە وانەوتنەوەو پیشەی مامۆستایەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دەبێت ڕەچاوی سەرجەم ڕێگاکانی وانەوتنەوە بکات نابێت مامۆستا تا کۆتایی ساڵ و وەرز پشت بەیەك ڕێگای وانەوتنەوە ببەستێت بەڵکو دەبێت ڕێگای جۆراوجۆر بگرێتەبەر، بەکارهێنانی ڕێگای جۆراوجۆر وادەکات فێرخوازو مامۆستا بىن بەتەوەری سەرەکی نەك تەنها یەکێکیان لە لایەکی تر ڕێگای جۆراوجۆر چێژو خۆشی بە وانەکە دەدات (مام عبدالله، ٢٠٢١: ٢٣). لە گرنگ ترین تایبەتمەندیەکانیش وەک ئەمانەی خوارەوە:

١- ڕێگایەک بێت کە هزری فێرخوازان بورژێنێت کەببێتە هۆی گەشەکردنی ویست و توانایان، وەفێری ئەوە بکرێن کەچۆن بیربکەنەوەو تەنها بایەخ بە لەبەرکردنی زانیارییەکان نەدەن لە پێناو نمرەو و تاقیکردنەوەدا (رسوڵ، ٢٠١٤: ١١٣).

٢- نەرمە لە بەکارهێناندا و دەوتوانرێت لە چەند هەڵوێستێکی زانستی بەکاربهێنێت.

٣- توانا زانستی و کارامەیەکانی فێرخوازان بەهەند وەردەگرێت (حسن، ٢٠١٢: ٢٢).

٤- فاکتەری بەرجەستەبوونی چالاکی هەروەزی و هەماهەنگی فێرخوازکان دەکات.

٥- فاکتەری بەستنەوەی بیرۆکەو چەمکەکانی بابەتی وانەکان بێت بەبابەتەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن و بەژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان (قادر، ٢٠١٤: ١٥).

٦- یارمەتی بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و گەڕان بەدوای سەر چاوەکانی دی و فێربوون بە خۆنەبەستنەوە تەنها بە پرۆگرامی خوێندن، بەڵکو کاریگەری نوسینی ڕاپۆرت و چالاکی ئەزموون بەپێی ئاستیان لە بەرچاو بگرێت.

٧- لەبەر چاوگرتنی پلەبەندی خستنەڕووی زانیارییەکان لەشتە زانراوەکانەوە بۆ نەزانراوەکان، بەبیرهێنانەوەی زانیارییەکۆنەکان و بەستنەوەیان بە زانیارییە نوێیەکان.

٨- لەبەرچاو گرتنی ڕێزی کەسایەتی فیرخوازو تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنی توانای جەستەی و ژیری (رسوڵ، ٢٠١٤: ١١٤).

٩- چاودێری بنەما سایکۆلۆژییەکان دەکات لە پێشکەش کردنی ئارەزووەکانی فێرخوازان و حەزوو تواناکانیان و ئامادەباشیان.

١٠- چاودێری ئەوئامانجە پەروەردەییانە دەکات کە لە فێرخوازمان دەوێت، هەروەها چاودێری سروشتی مادەی خوێندنەکە و بابەتەکانیان دەکات.

١١- پشت بە تیۆرو یاساکانی فێرکردن دەبەستێت (شەمەیی، ٢٠٠٩: ٦٢).

١٢- وانەوتنەوەی سەرکەوتوو گوێگرتن و پرسیارکردن و هەبوونی کاردانەوەو هەروەها ڕەچاوکردنی ئەوڕاستییەی کە هەرفێرخوازێك و هەرپۆلێک جیاوازە لەوانی دیکە.

١٣- وانەوتنەوەی سەرکەوتوو تەنیا نابێت بەرنامەیەکی جێگیرو نەگۆڕبێت و بەڵکو پێویستە توانای گۆڕانی تێدا بەدی بکرێت و جێگەی ئەزموونی تازەی تێدابێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ باروودۆخەکانی سەردەمدا بگونجێت (لێبلانک، ٢٠٠٨: ١٤٠).

## مامۆستا کێیە؟

لەڕووی زمانەوانییەوە بەکەسێک دەوترێت مامۆستا کە وانەبێژبێت و ئەرکی فێرکردنی فێرخوازان بگرێتە ئەستۆی خۆیی، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە بەکەسێک دەوترێت مامۆستا کە هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان یاخود دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردەبێت کە مامۆستایان پێدەگەیەنن و ئەرک و پیشەیان وانەوتنەوەو وانەبێژی بێت (جگەرسۆز، ٢٠١٠: ٢٧). مامۆستا یاخود فێرکار لە هەموو سەردەمەکان و لەدیدو بۆچوونی سەرجەم قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەبناغەو پێکهاتەی هەرەسەرەکی بنیاتی پرۆسەی پەروەردەو فێربوون هەژمارکراوە، لەدێر زەمانەوە هەر لە ساتی پەرەسەندنی یەکەمین فیکری مرۆڤایەتی لە ئاستی فەلسەفیدا بەتایبەت یۆنانی و ڕۆمانییەکان پێداگری لەسەر پێگەو پلەی مامۆستایەتی کراوەتەوەو بەشێکی فراوانی بیرە فەلسەفییەکان ئەم تەوەرە یان کردووەتە پانتاییەکی بەرجەستەو زیندووی ڕێبازە فیکرییەکانی خۆیان، هەروەها دوور لە دنیای فیکرو فەلسەفە زاراوەی چەمکی

مامۆستا لە زۆربەی کولتوورەکانی جیهانی کۆن و نوێدا لە سەر ئاستێکی (میللی) نیشانەیە کە بۆ پێگەی باڵاو ناوێکە بەکاردەبرێت بۆ کەسانێکی خاوەن دەسەڵاتی مەعریفی و لێهاتووی لەکارێکداو (ئەمین، ٢٠١٢: ٢٥). پێشەنگی پرۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکان و ڕێنوینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوفێرخوازانەیە کەوانەیان پێدەڵێتەوە، هیچ کەس ناتوانێت چاوپۆشی لەڕۆڵی گەورەی مامۆستا بکات لەبنیاتنانی مرۆڤ و گەشەو دروستکردنی شارستانیەتەکاندا هەر مامۆستایە سەرکەوتن دروستدەکات و هەر ئەویشە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن و شکان، مامۆستا شوێن و شوێنەواری ڕوون و ئاشکرا نەک هەر لەسەر تاک بەڵکو بەسەر کۆمەڵگەشەوە بەجێ دەهێڵێت (شواری، ٢٠١٣:٥١-٥٢). لەبەرئەوە نکولی لێناکرێت کەئاکامی سەرەکی پرۆسەی خوێندن و فێربوون تێگەیشت و پێگەیشتی فێرخوازانەو پەروەردەکردنیانە بە پەروەردەیەکی ڕاست و ڕەوان، بۆیە ئەرکی قورس دەکەوێتە سەرشانی مامۆستایان (جەباری، ٢٠١٦: ٢٨). کەواتە دەکرێت بڵێین مامۆستا کلیلی سەرەکی سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەیە لە هەرکارو پرۆگرامێکدا، چ بۆ ئاسایی بێت یان کەم تواناو لێهاتوو، چونکە تەنها مامۆستایە کەکەشی بروابەخۆبوون و ئامادەگی هزری لای فێرخوازان دروست دەکات یان دەتوانێت تێکی بدات و گیانی داهێنان بەدی بهێنێت  یان لەناوی بەرێت، بیری ڕەخنەگرانە بوروژێنێت یان بەربەستی بکات و بیمرێنیت، دەروازەی بەدەستهێنانی زانست و شارەزایی واڵابکات یان هەموو قاپییەکانی فێربوون و حەزی فێربوون لە بەردەم فێرخوازاندا دابخات، چونکە مامۆستا ڕاستەوخۆ پەیامەکان بە فێرخواز دەگەیەنێت و هەموو هەوڵ و مەرجە پەیوەندیدارەکان بەمامۆستاوە کار لە فێرخوازدەکات و کاریگەی لەسەر جۆری پێکهێنانی بیرکردنەوەو پەرەپێدانی دەکات (باجەلان، ٢٠١٧: ٨٢).

## تایبەتمەندیەکانی مامۆستای سەرکەوتوو:

مامۆستا بۆ ئەوەی بتوانێت کارێکی سەرکەوتووانە جێ بەجێبکات پێویستە لە بەدەست هێنانی زانست و گەیاندنی و بەکارهێنانیدا لێهاتووی بەدەست بهێنت.، هەروەها چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت بتوانن شێوازەکانی بنیاتنانی پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ فێرخوازو دایک و باوکی فێرخوازو کەسانی تردا بەدەست بهێنن (خالید، ٢٠١٧: ٨). بۆیە زۆر گرنگە کۆمەڵێک تایبەت مەندی لە بەرچاوبگیرێت بۆ بەدیهێنانی مامۆستایەکی سەرکەوتوو کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١- ئامادەکاری و ڕێکخستنی پێشوەخت خاڵێکی گرنگە مامۆستا هەمیشە بەپلان و ئامادەکارییەوە بچێتە پۆل و هەموو پێشهاتەو ڕوداوێکی نامۆی ناوپۆل لەبەرچاوبگرێت.

٢- هاندانی فێرخواز بۆ گفتوگۆکردن و دەربڕین پێویستە مامۆستا بەڕاوێژ هانیان بدات بۆ بەشداری بابەت و گفتوگۆ (باجەلان، ٢٠١٧: ٨٥).

٣- مامۆستا لە گەشتە زانستەکاندا ڕابەرەو بەئەزموون و شارەزاییەکانی خۆی پشت ئەستورە، چونکە شارەزای ڕێبازەکەیەو بایەخێکی باش بەفێکردنی فێرخوازان دەدات.

٤- مامۆستای سەرکەوتوو نوێخوازو تازەکەرەوەیەو پردێکە لەنێوان نەوەکاندا.

٥- مامۆستای باش نموونەو پێشڕەوە لە هەلوێسەکانداو لە قسەو گفتوگۆو لە خوو ڕەوشتیدا (شوارێ، ٢٠١٣:٥٣).

٦- مامۆستا لەپەروەردەکردن و گەشەکردن و هەڵسەنگاندن و فێرکردندا لەگەڵ دایک و باوک دا هاوبەشە سورە لەسەر پتەوکردنی بنەماکانی متمانە بەیەکدی کردن و ڕاوێژکردن لە نێوان ماڵەوەو قوتابخانەدا.

٧- مامۆستا هەمیشە پێ لەسەر ئەوەدادەگرێت کە لەئاستی متمانەی کۆمەڵگەکەیدابێت و لەکایەی بوونی زانیاری و ئەزموونەکەی ڕۆڵی ڕێبەرو ڕێنیشاندەر ببینێت لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەکەیدا (شەمەیی، ٢٠٠٩: ١٠).

٨- کەسایەتی مامۆستا لە زیرەکییەکەیدایە ئەویش بەپێشکەش کردنی زانیاری و زانسێکی زۆر لەبارەی بابەتەکەو هێنانەوەی نموونەی ڕاستی کە لە ژیانی فێرخوازەوە سەرچاوەی گرتووە.

٩- مامۆستا بەپێی توانا ئاگاداری جیاوازی تاکایەتی بێت لەبەرئەو جیاوازییە جەستییەو ئەقڵی و دەروونی کۆمەڵایەتیەی کە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەداهەن.

١٠- هاوسەنگی دەروونی و مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازادان لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا لە خەسڵەتەدیارەکانی مامۆستای سەرکەوتوون (جەباری، ٢٠١٦: ٤٢-٤٣).

١١- خاوەنی دانایی و ئەدەب و توانابێت و ئەمەش بە ئاڕاستەی مامەڵەکردنێکی باش لەگەڵ فێرخوازەکانیداو متمانەوگرنگپێدان و خوشەویستی لەنێواندا بەدیبێنێت.

١٢- ئارەزووی پەرەپێدانی پیشەیی هەبێت و لەوەرگتنی زانیاری  لەسەر پیشەکەی و بەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بەردەوامبێت (عزیز، ٢٠١٤: ٧٣).

١٣- ڕزگاربوون لە عەیب و کەموکوڕییە باوەکان و چالاکی و زیندوویی و گرنگیدان بە ڕوخسارو پاک و خاوێنی و ڕێکوپێکی.

١٤- میهرەبانی و نەرموونیان لە چارەسەرکردنداو خۆشەویستی و خۆبەخشی بۆ کار (أسعد، ٢٠١٨: ١٦).

١٥- بۆ بەردەوامبوون و نوێبونەوەی زانست و زانیاری پێویستە مامۆستا بەردەوام بە دوای بابەت و ڕێگای وانەوتنەوەی سەردەمیدا بگەڕێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی مامۆستا ببێتە کەسێکی لێهاتوو و ناودار بۆ زانست و ئەکادیمی.

١٦- پێویستە مامۆستا لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی ڕاوبۆچوونی خۆی بێت و نەبێتە پاشکۆی بیروبۆچوونی ئەوانی تر (مام عبدالله، ٢٠٢١: ١٠٦).

## ئەرکەکانی مامۆستا:

جەوهەری پەروەردە بەگشتی پێویستی بە مامۆستایەک نییە کە وانەوتنەوە وەک پیشەیەکی بازرگانی وەربگرن، وەک ئەوەی لە پەروەردەی سەربازی و کشتوکاڵی و پیشەسازیدا هەیە، بەڵکو پەروەردەکاران سەیری وانەوتنەوە دەکەن وەک ئەرکێکی مرۆیی کارلێککارو نوێبووەوە کە لە ڕێگەیەوە لەگەڵ فێرخوازەکانیان گەشە دەکەن و وەک ئامرازێک کە لە ڕێگەیەوە ئامانجە نەتەوەییە گەورەکان بۆ میللەتەکەیان بەدەست بهێنن (حمدان، ١٩٨٥ :٢٦٣). لەبەرئەوە کاری مامۆستا بە هێنانە ناوەوەی چەمکی پەروەردە گۆڕا بەو پێیەی وەک پرۆسەی گەیاندنی زانیاری بە فێرخواز سەیر دەکرا، واتە پرۆسەی پەروەردە لەگەڵ فراوانبوونی چەمکی پەروەردە کە بۆتە پرۆسەیەکی یەکپارچەو هەمەلایەنەی گەشەکردنی فێرخواز، کاری مامۆستا بەواتایەکی تر یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ ئاشتکردنەوەی خۆی (پێداویستی و گەشەکردنی) و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی (أسعد، ٢٠١٨: ١٣). هەروەها ئەرکی مامۆستایە ڕەفتاری ئەرێنی لە فێرخوازەکانیدا بنیات بنێت و زانیارییان تێدا بچەسپێنێت و فێریان بکات  بەکاری بهێنن لەبەرئەوە چاوەڕێی لێ دەکرێت فێرخوازەکانی فێری بڕیاردان و بیرکردنەوەو بەکارهێنانی لۆژیک ولێکدانەوەو تێگەیشتن بکات.، مامۆستا بەگشتی پێنج ئەرکی بنچینەیی هەیە، ئەوانیش(فێرکردن و بەڕێوەبردن و پسپۆڕی و گەشەپێدانی کەسێتی و ڕابەریکردن) جێبەجێکردنی بەڕێکخرواى و

یەک پارچەی پشت بەلێهاتوویی مامۆستا دەبەستێت و ئەمەش پەیوەستە بەپێکەوە بەکارهێنانی زانست و پراکتیکەوە (خالید، ٢٠١٧: ٧). لە گرنگترین ئەرکەکانی مامۆستاش بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- جێبەجێکردنی پرۆگرام و تاقیکردنەوەکان بەپێی ڕێساو ڕێنماییەکانی کارپێکراو هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی قوتابخانە.

٢- بەشداریکردن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٣- لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە تاکەکەسییەکان و ئاگاداری لە سروشتی فێرخوازان و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی گەشەکردنیان.

٤- ئاشناکردنی فێرخوازان بەگرنگی و سوودی ئەو شتانەی کە فێری دەکرێن و گرنگییەکەی لە ژیانیاندا (دعمس، ٢٠١١: ١٩-٢٠).

٥- زیادکردنی کارامەیی مەعریفی و بەستنەوەی فێرکردن بە پێداویستییەکانی کارو توانای چالاککردنی بەشداریکردن.

٦- کارامەیی کۆمەڵایەتی و دەروونی پەیوەست بە بڕیاردان، پاراستنی بەهاو ئایدیایەکان و قبوڵکردنی گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ گەشەسەندنی هەمیشەیی (الحریری، ٢٠١٠: ١٢٧).

٧- ڕێزگرتن لە فێرخوازو مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی پەروەردەیی کە ئاسایش و ئارامی بەدی بهێنێت و کەسایەتیی پەرەپێبدات و بەهرەکانی پەروەردە بکات.

٨- وانەوتنەوەی پۆلەکان بەتەواوی و ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنێت.

٩- پێشەنگی کردنی ئەو پۆلەی کە لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە بۆی دیاری کراوەو ئاگاداربوونیان لە ڕووی ڕەفتار ی کۆمەڵایەتییەوە.

١٠- خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی پرۆگرام و پلانی خوێندن و کتێبە دیاریکراوەکان و پێشنیارکردنی ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ پەرەپێدانیان لە ڕووی بەکارهێنانیانەوە.

١١- پابەندبوون بە بەروارەکانی ئامادەبوون و ڕۆشتن، دەستپێکردن و کۆتایی وانەکان (الشهري، ٢٠١٣: ٨-٩).

١٢- پشت بەستن بەدۆزینەوەی ئاسانترین ڕێگەو شێواز بۆ تێگەیاندنی فێرخواز چونکە ئەمە فاکتەرێکی دەرونی کاریگەرە کەفێرخواز بەئاسانی زانیارییەکانی پێبگات.

١٣- برەودان بەتواناو بەهرەکان لەڕێی ئاگاداربوون لە نوێ ترین گۆڕانکارییەکانی ناوکۆمەڵگەو جیهانی دەرەوە کە ڕەونەقێکی تردەدەن بەپیشەکەی ئەوزانیارانەی مامۆستا بۆفێرخوازانی دەخاتەروو دەبنە نیشانەو خسڵەتی سەر مەشق بوو (ئەمین، ٢٠١٢: ٢٧).

## ڕۆڵی مامۆستا  لە پرۆسەی فێکردن و وانەوتنەوەدا:

مامۆستا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی پەروەردە، چونکە ئەو ئەنجامانەی لە بەکارهێنانی هەر جۆرو شێوازێک بۆ فێرکردن و وانەوتنەوە بەدەست دێت تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە کوالیتی ئەو پەروەردەیەی کە مامۆستا لە پۆلدا پراکتیزەی دەکات (الحيلة، ٢٠٠١: ٢٤٧). هەر لەبەر ئەوەیە لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردن و وانەوتنەوەدا مامۆستا دەبێت ئامادەیی دەرونی و پیشەیی و زانستی هەبێت تاکو بتوانێت چەند ڕۆڵێک بەسەرکەوتووی ببێنت:

١- وانەبێژێکی کارامەو شارەزابێت و هاندەربێت بۆ دروستکردنی پاڵنەی خوێندن لەلای فێرخوازان.

٢- پێشکەش کردنی ڕێنمایی بەفێرخوازان و ببێت بەنموونەیەکی ئەرێنی بۆیان تاکو لاسایی بکەنەوە (محمد، ٢٠١٩: ١٢).

٣- مامۆستا وەک ڕابەری پۆل   سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی پۆل، ڕێکخستنی وانەکان، پاراستنی دۆسیەکانیان دەگرێتەوە، مەبەست لەمەش بۆ ئەوەیە پرۆسەی فێربوون بەشێوەیەکەی دروست بەڕێوەبچێت.

٤- مامۆستا وەک پێشەنگ پێویستە پەیوەندی لەگەڵ گشت فێرخوازەکانی ناوپۆل دروستبکات  و هەریەک و بەگوێرەی نیاز و پێداویستییەکانی.

٥- ڕۆڵی مامۆستا وەک کارناسێکی فێرکردن پێویستە لەسەر بچینەی لێهاتوی و بابەتەکانی فێرکردن و نیازو پێداویستیەکانی فێرخواز کۆی ئامانجەکانی پەروەردەیی بێت (جگەرسۆز، ٢٠١٠: ٣٠-٣٢).

٦- ڕۆڵی مامۆستا وەک گواستنەوەی زانست یاریدەدەری فێرخوازە لە پرۆسەی فێربوون و وانەوتنەوەدا، کە تیایدا فێرخوازان بەشداری دەکەن لە ئامادەکاری بۆ وانەکان بە ڕێنمایی و ئاڕاستەی مامۆستا.

٧- ڕۆڵی مامۆستا لە گرنگیدان بە گەشەی هەمەلایەنەی خوێندکاران لە سەردەمی پەروەردەی مۆدێرندا زانراوە کە فێرخوازان بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیەوە ناوەندی پرۆسەی پەروەردەییە، پێویستەمامۆستا ئەو پرۆگرام و خولانەی کە دەیخوێنێت بەکاریان بهێنێت بۆ خزمەتکردنی فێرخوازان (أسعد، ٢٠١٨: ١٨-١٩).

٨- پەرەپێدانی ئەزموونی پەروەردەیی کە دەرفەت بۆ فێرخوازدە ڕەخسێنێت.

٩- خەملاندنی گریمانەو دەرەنجام و بۆچوونی فێرخوازان و دروستکردنی گفتوگۆیەک دەربارەی ئەو چالاکییە زانستییەی کە لە پۆلەکەدا ئەنجامدەدرێن.

١٠- دروستکردنی ژینگەیەکی دیموکراسی کە ڕێگە بدات بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر.

١١- پلاندانانی باش بۆ ئەزموونی فێربوون و وانەوتنەوە.

١٢- ڕێنماییکردنی فێرخوازان و پێشکەشکردنی یارمەتی و ئامۆژگاری لە بابەتە پەروەردەیی و کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا.

١٣- هەڵسەنگاندنی تواناکانی فێرخوازان و دیاریکردنی ڕادەی دەستکەوت و پێشکەوتنی ئەکادیمییان، بە پشت بەستن بەوانەی پێشوو فێربوونی چالاک و ئاڕاستەکردن و بەهێزکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتییان (أبوالحاج وأخرون، ٢٠١٦: ٣٢-٢٣).

## بەڕێوەبردنی پۆل:

پۆل یان ئەوژوورەی کە مامۆستاو فێرخوازو پرۆگرام کۆدەکاتەوە یەکەم جێگەی پەروەردەیە یان ژینگەیە کە هەریەکە لە فێرخوازو مامۆستا پێی ئاشنا دەبن و بەدرێژای ژیانی پەروەردەیی (بەشێوەیەکی سەرەکی) لای ئەو دووکارەکتەرە ڕۆڵی دەبێت (جاف، ٢٠١١: ٧). بەڕێوەبردنی پۆلیش بەیەکێک لە بنەماکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هەژمار دەکرێت، چونکە پەیوەندی بەڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارامەوە هەیە لەلایەن مامۆستاوە بۆیە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پۆل بەباشی و سەرکەوتووی بەڕێوەنەبریت، بەڕێوەبردنیشی بەشیکە لە زانست و هونەر کە لەسەر تواناو لێهاتووی و ئاستی بەئاگاهی مامۆستاوەبەندە هەروەها سەبارەت بەم چەمکە بیرو ڕای

جیاواز هەیە هەندێک لە پاراستنی سیستەمی پۆلداکورتی دەکەنەوە، بەشێکیش بەکۆمەڵێک ڕێ و شوێنی ناو پۆل دادەنێن، کە مامۆستا دەیانگرێتەبەر بەمەبەستی دروستکردنی ژینگەیەکی پەروەردەی گونجاو ئازاد بۆ فێرخوازانی دەبینن لە کاتێکدا هەندێکی دی بە کۆمەڵێک هەنگاوی بەبەرنامە دادەنین، کە مامۆستا لە پۆلدا ئەنجامیان دەدات لە دابینکردنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ هەڵسان بە چالاکی فێرکردن و هێنانەدی ئەوئامانجەی کە پێشتر پلانیان بۆ دارێژاوە، بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی نەک تەنها مامۆستا بەڵکو فێرخوازانیش و بەکارهێنانی زۆرترین ئامرازەکانی فێرکردن بەبێ بەفیڕۆدانی کات (رسوڵ، ٢٠١٤: ٥٣). لەبەرئەوە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ناوپۆل یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی لە چەمک و زاراوەکان پەیوەندنی بەو گۆڕانکاریانەوە هەیە کە تائێستا لەفەلسەفەی پرۆسەی پەروەردەو فێربوون ڕوویان داوە تاڕادەیەکی زۆر ڕێز بۆ فێرخوازان دادەنریت و هیچ کات هەوڵنادرێت کەشتەکان بەزۆر بەسەریدا بسەپێنرێت و بەڵکو هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەدرێت بۆ ئەوەی تێی بگەیەنرێت و بگاتە ئەو بڕوایەی کەهەندێک ڕەفتار هەڵەیەو نادروستە لێیان دوربکەوێتەوەو ئەوکارانەبکات کە ڕاست و دروستن لە بەرژەوەندی هەمولایەکە، لەم حاڵەتەدا هەردوولا مامۆستاو فێرخواز براوەدەبن و کەسیان زەرەرمەند نابن و هیچ کامیشیان لە کۆتایدا نابن بە دیکتاتۆرو ئەوی تریان بەبەندە (قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ١٥٢-١٥٣).

## جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل:

جۆرەکانی بەڕێوەبردنی پۆل و مامەڵەی مامۆستایان لە گەڵ فێرخوازاندا جیاوزەو جۆراوجۆری شێوازەکانیش بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەکەسایەتی مامۆستاو تواناو لێهاتوویەوە بەگشتی دەکرێت بەم خالانەی خوارەوە:

١- جۆری بەڕێوەبردنی کراوەو ئازاد: ئەم جۆرە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی نێوان مامۆستاو فێرخوازان وەستاوەتەوە بەجۆرێک کەگوێ لە یەکتردەگرن و ڕێز لە بۆچوون و تێبینی بەتایبەت فێرخوازان دەگیرێت و مامۆستا بەشیوەیەکی بابەتیانەو وردەکاری زۆرەوە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی چالاکییەکانی ناوپۆل و دەرکردنی بڕیارەکانی و لە ئەنانیەت و بایەخە تایبەتییەکان دوردەکەوێتەوەو جەخت لەسەر لایەنی مرۆیی و بەشداری فێرخوازان لە چالاکییەکانی پۆلدا دەکرێتەوە.

٢ – جۆری زۆردای و خۆ سەپێن: لەم شێوازەدا مامۆستا بڕیارو بۆچوونەکانی خۆی و باڵادەستی لە پۆلدا دەسەپێنێت، بێ ئەوەی ڕای فێرخوازان لەبەرچاو بگرێت و ڕێز لەبۆچوونەکانیان بگرێت، بەڵکو خۆی

بەسەرچاوەی زانیاری دەزانێت و ڕێگە بەفێرخوازان نادات کە گفتوگۆی لەگەڵ دابکەن، پۆلەکەی زۆرکات هێمنە چونکە فێرخوازی ڕاهێناوە لە سەر ئەوەی کەنابێت قسەی پێ ببڕن وبەزۆر وایان لێدەکات چی ووت بەسەریاندا جێبەجێ بکەن (رسوڵ، ٢٠١٤: ٥٥).

**٣-** جۆری بێسەرەوبەرەیی: ئەو مامۆستایەی بڕوای بەم جۆرە بەڕێوەبردنەهەبێت ئەوە سەربەستی و ئازادی ڕەهای بێسنور بە فێرخوازەکان دەدات و بەهیچ شێوەیەک لێیان ناپرسێتەوەو سنور بۆ هەڵەکانیان دانانێت، فێرخواز لەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا بەئارەزووی خۆی ئەم سەروئەوسەری پۆلەکەدەکات و هەرکاتێک ئەگەر حەزی لە وانەکە نەبوو ئەو دەڕواتەوە بۆماڵەوەو قوتابخانە بەجێ دەهێڵت بەبێ ئەوەی هیچ بەهاو ڕێزێک بۆ مامۆستاو یاساو ڕێنمایەکانی قوتابخانەکەی دابنێت.

**٤-** جۆری کەم تەرخەم: ئەم جۆرە دەکەوێتە نێوان جۆری خۆسەپێن و جۆری بێسەرەوبەرەیی، واتە مامۆستا دەچێتە ناوپۆل بەبێ هیچ پێشەکی و زەمینە خۆشکردنێک بۆ فێربوونی فێرخوازان یەکسەر دەست دەکات بەڕاڤەکردنی وانەکەی بەبێ ئەوەی گوێ بەجیاوازی تاکی و حەزووئارەزوو پێداویستی و کێشەکانی فێرخوازان بدات، مامۆستا لەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا ڕێزی ڕاوبۆچوونی فێرخوازانی ناگرێت و لە کاتی بڕیارەکانی ڕاوێژیان پێناکات و هیچ گرنگییەک بە هۆیەکانی دەرنەچوون یان وازهێنانی فێرخوازەکان لە خوێندن نادات ( قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ١٦٠).

## ڕۆڵی مامۆستا لە بەڕێوەبردنی پۆل:

پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی فرەڕەهەندەو لەڕووی پێکهاتەو ڕەگەزە بەشداربووەکانی، هاوکات سەرجەم پیکهاتەو ڕەگەزەکانی کاریگەریان لەسەر یەکدی هەیە، کاروکاردانەوەی بەردەوام لە نێوانیاندا ڕوودەدات، مامۆستایان ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرکەوتن و پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەدا هەیە (قادر، ٢٠١٤: ٦٩). چونکە وەک ڕوونە مامۆستا درێژترین ماوەو کات لەگەڵ فێرخوازاندا بەسەردەبات، هەروەها بەوشارەزاییە فێرکارییانەی پیشکەشیان دەکات دەرفەتی گونجاو بۆ دۆزینەوەی گرفتەکەو هۆو ماکەکانی دەڕەخسێنێ و گرنگی بە وروژاندنی پاڵنەری فێرخواز دەدات بۆ فێربوون چونکە ئەرک و بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئاسانتر دەکات (عەدەس و ئەوانی تر ٢٠١٣:٢١٠). مامۆستا هەرچەند زیرەک و بەتوانا و خاوەن ئەزموونبێت هەوڵ و تێکۆشانەکانی شوێنی خۆی ناگرێت و بەرهەمی نابێت تاوەکو ئەو کەسانەی لە ناوپۆلەکەدان ئامادەسازیان تێدا

نەبێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیارییەکان یاخو خودی پۆلەکە بەشێوەیکی زانستی ڕێک نەخرابیت.، ئەمەش بەوەدەکرێت کە لە هەر دوو لایەنێکەوە کۆنترۆڵی پۆلبکرێت و سەرجەم پێداویستییە زانستییەکانی بۆدابین بکرێت (محمد، ۲۰۱۱: ۳۳). هەروەها مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوەدا پێویستە ئاگاداری ئاگاهی فێرخوازەکانی بێت و نەهێڵێ بکەونە داڵغەو ئەندێشەوە، چونکە هەڵەیە کە پێی وابێت لە کاتی بەردەوامی ڕاڤەکردنی وانەدا بەردەوام ئاگایان لە مامۆستایە بێگومان ئامادەبوونی جەستەیی پێوەری فێربون نییە بەڵکو ئامادەبوونی دەروونی مەرجە بۆ فێربوون، بۆیە جگە لەو چالاکیانەی کەباسکران چەند شێوازێکی تریش هەن مامۆستا بە هۆیانەوە دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر فێرخوازان و کۆنترۆڵی ئاگاهیان بکات، لەو چالاکی و تەکنیکانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنەو هەڵسوڕاندنی پۆل پێویستە مامۆستا ئەنجامیان بدات بریتین لە:

١- جۆراو جۆرکردنی جوڵەی(زمانی جەستەی): هەریەکەمان بەگوێرەی سیفەت و شێوازی تایبەتی خۆمان جۆرێک هەڵسوکەوت و جوڵەمان هەیە، کەبێگومان هەر جۆرە جوڵەیەک کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێرکردن و ئاگاهی فێرخوازانەوە هەیە، بەگشتی دەربڕینە جەستەییەکان لە جۆری جوڵەی دەست و باری دەمووچاو سەیرکردن هۆکارێکن کە کاریگەری دەکەنە سەرخواستی گوێگرتن و وەرگرتنی پەیام و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر باری دەروونی بەرامبەرهەیە.

٢- جەختکردنەوە: مەبەست دەستگرتنە بەسەر ئاڕاستەکردنی ئاگاهی فیرخوازانداو سەرنج ڕاکێشانیان بەلای وانەکاندا هەندێجار پێویستە مامۆستا بەبەکارهێنانی زمانی وتەی یان هەندێک جوڵەی نا وتەی سەرنجی فێرخوازان ڕاکیشێت.

٣- گۆڕینی کارلێک کردن: واباشترە کەمامۆستا جۆری گفتۆگۆکانی بگۆڕێت و بەردەوام ڕووی لە چەند کەسانێکی دیاریکرو نەبێت، کەئەمەش لە سەر لێهاتووی مامۆستاو ڕێگەو شێوازی وانەوتنەوەی لەلایەک و توانای خستنەڕووی جۆری پرسیار دروستکردن و گفتوگۆ وەستاوەو کارلێک دەبێتەهۆی زیادکردنی کاریگەری فێرکردن و ئەکتیڤکردنی پرۆسەکە (رسوڵ، ۲۰۱٤: ۳۱-۳۲).

٤- بێدەنگ بوون و قسەنەکردن: هەنێک لە مامۆستایان پەنا دەبەنە بەر قسەکردنی بەردەوام بۆ پارێزگاری کردنی سیستمی ناو پۆل و دۆخی ناوپۆل، لە ڕاسیتدا بێندەنگ بوون و قسەنەکرندن بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانرێت وەک شێوازوجۆراوجۆرکردنی وروژێنەرەکان (کۆنترۆڵکردنی پۆل) بەکاربهێنرێت و لە ڕێگای بێدەنگی دەتوانرێت ئاگاهی فێرخواز کەمەنکێش بکات (شەمەیی، ۲۰۰۹: ۲٥).

٥- پلان: پێویستە مامۆستا پلانی ڕۆژانەی هەبێت لە پلانەکەیدا سەرجەم ئامانجی تایبەت و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو هۆیەکانی ڕوونکردنەوەو چالاکییەکانی ناوپۆل دیاری بکات و لە ناوپۆلدا پراکتیزەیان بکات.

٦- تۆن و گۆڕانکاری دەنگ: مامۆستا بەپێی پێویست گۆڕانگاری لە دەنگی بکات و بەردەوام بەیەک تۆن و ئاست وانەکە ڕاڤە نەکات بۆ ئەوەی فێرخوازان توشی بێزاری و وەڕەس بوون نەبن.

٧- ڕێزی فێرخوازان بگرێت: ڕێزی فێرخوازانبگرێت و بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانیان بکات و بەردەوام گرنگی بەخاڵە بەهێزەکانیان بدات و خاڵە لاوازەکانیان بۆ ڕاستبکاتەوە.

٨- زیاتر لە ڕێگایەکی وانەوتنەوە بەکاربهێنێت: پێویستە مامۆستا بەردەوام بە دوای هۆو کەرەستەی ڕوونکردنەوەی گونجاودا بگەڕێ و بەپێی پێویست لەکاتی وانەوتنەوە سودیان لێوەربگرێت (قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ١٥٨-١٥٩).

٩- سەرپێچیەکان بناسێ: گرنگە مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە پۆل هەموو ئەو سەرپێچیانە بزانێت کە فێرخواز لە پۆلدا دەیکات وەک (درەنگ هاتنەژوورەوە، نەهێنانی پێداویستی قوتابخانە، ئامادەنەکردنی ئەرکی ماڵەوە) ئەوەی گرنگە پێش ئەوەی ئەم دیاردانە ڕوودبدات تەواوی ڕێگاچارەکانی لە بیری خۆیدا ئامادەبکات.

١٠- پەرەدان بەهونەری دەربڕین: پێویست دەکات مامۆستا لە دەربڕینی وشەکان هونەر مەندبێت پێش دەربڕین بیر لە هەموو ئەو وشانە بکاتەوە کە نیازی هەیە دەریان بڕێت و دەبێت بزانێت چ کاریگەریەکیان دەبێت لە سەر بەرامبەر. (محمد، ٢٠١١: ٣٩)

١١- ڕەفتاری مامۆستا: جۆرو شێوازی مامۆستا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل، چونکە هەمیشە فێرخواز دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەفتارەکانی و بەوڕەفتارانەی دەیانکات دەیانخاتە ژێرکۆنترۆڵی خۆیەوە، بەمەش بە ئاسانی کۆنترۆڵی پۆل دەکات (رسوڵ، ٢٠١٤: ٣٥).

## کێشەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایان:

پیشەی وانەبێژی یەکێکە لە پیشە هەرە قورسەکان، بەتایبەت ئەگەر وانەوتنەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتی بێت، مامۆستا لەم قۆناغەدا لەگەڵ کۆمەڵێک فێرخواز کارلێک دەکات کە تایبەتمەندی گەشەپێدانی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمەش پێویستی بە مامۆستا هەیە کە شێوازەکانی وانەوتنەوە هەمەچەشن بکات و فێرکردنی

فێرخوازان بەپێی پێویست و ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵیان بۆ گەیاندنی زانیاری و چارەسەرکردنی کێشەکان یان دەستکاریکردنی ڕەفتارەکان.، هەروەها مامۆستا مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی قوتابخانەو بەڕێوەبەری قوتابخانەو جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەو سکرتێرو سەرپەرشتیاری پەروەردەو هاوکاران و مامۆستایانی تر دەکات کە بەهۆی جیاوازی دیدگاکانەوە دوورنین لە پێکدادان لەگەڵ یەکێکیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی توندی جیاواز چونکە ڕەنگە هەندێک جار نەتوانێت کەسانی تر بە دیدگای خۆی ڕازی بکات.، سەرباری ئەمانەش چەندین کێشەی تر لە ئەنجامی پرۆگرام و خولەکان، کێشەی کۆنترۆلکردنی پۆلەکان، قەرەباڵغی پۆلەکان و پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکی فێرخوازانەوە دروست دەبن (أبوفودة، ٢٠٠٨ :٣٤). لەبەرئەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا مامۆستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە لەوانە:

١- زەحمەتی تێگەیشتنی فێرخوازان لەڕێگەی هەست و سۆزە جیاوازەکانیان و توانا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیانەوە.

٢- زەحمەتی لە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی فێرخوازان یان دیاریکردنی ڕادەی تێگەیشتن و ئامادەیی و توانای بەدەستهێنانی ئامانجی پەروەردەییە خوازراوەکان.

٣- سەختی هەڵبژاردنی شێوازی وانەوتنەوەو شێوازی فێرکردنی کاریگەرو ئامانجدار.

٤- چڕی پۆل و قەرەباڵغی فێرخوازان لە پۆلدا.

٥- نەبوونی نەرمی لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی ئەکادیمیدا.

٦- سەپاندنی هەندێک کتێبی وانەوبابەت بەسەر مامۆستادا.

٧- پابەندبوون بە شێوازی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی مامۆستا (ساکر، ٢٠١٧: ٧٧).

٨- پلەی پاڵنەر یان ئامادەنەبوونی فێرخوازان.

٩- دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی شەڕانگێزانە لەلای فێرخوازان و ڕێگریکردن لە وانەکەو تێکدانی کەشی پۆل.

١٠- کێشەی سروشتی دەروونی وەک خۆگۆڕین، گۆشەگیری، دوودڵی، دەرکەوتنی نەبوونی متمانە بەخۆبوون.

١١- تایبەتمەندی گەشەسەندنی لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی و پێداویستیەکانی فێرخواز (عبدالسميع وأخرون، ٢٠٠٥: ١٣٠).

## هۆکارو ئامرازەکانی فێرکردن:

لە هەموو شێوازەکانی فێرکردندا هۆیەکانی فێرکردن بەشێکی سەرەکی تەوەری وانەوتنەوەی نوێیە ئەوهۆیانەی کە هەردوو هەستەوەری باڵا وەکو (بینین و بیستن) بەشداری تێدادەکەن کەهۆیەکان (75%) سەرکەوتنی وانەوتنەوە بەدەست دەهێنن بۆ گەشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان، ئەمەش هاوکاری فێرخواز دەکات بەگەیشتنی بەئامانجە دیاریکراوەکانی فێربوون، دەبێت هۆیەکانی فێرکردن وابەستەی ناوەڕۆکی ئامانجی وانەکەبن زۆرجار هۆیەکانی فێرکرن زیندوو یاخود بەرجەستە یاخود لەشێوەی ڕووکاری وێنەو فلیم دەبێت بەڵام لەبیرمان نەچێت خودی جولانەوەی مامۆستاو شێوازی پێشکەش کردنی بەشێکە لەهۆیەکانی فێرکردن بۆ سەرکەوتنی وانەیەکی زانستی (حمد، ٢٠٠٦:١٥). هۆکارو ئامرازەکانی فێرکردن وەک کۆمەڵێک کەرەستەو ئامراز پێناسە دەکرێن کە هەر مامۆستاو خوێندکارێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەکاری دەهێنن، گرنگی هۆکارەکانی فێرکردن لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەو پێشهاتەکانی بواری زانیاری لە ئەنجامی هەمەجۆری زانیارییەکان و داهێنانەکان سەریهەڵداوە کە بووە هۆی هەڵاوسانی کەرەستەی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی ئامێری فێرکاری کرد بۆ فێرکردنی فێرخوازان، دەتوانرێت بڵێین کە یارمەتیدەرە پەروەردەییەکان گرنگن لە پرۆسەکەدا چونکە هۆکارن بۆ چالاککردنی پۆل و قووڵکردنەوەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو فێرخوازان و توانای دەستنیشانکردنی لایەنە شاراوەکانی بابەتەکە هەروەها بەشدارە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری فێرخوازدا (عکیشی، ٢٠١٤: ٦٢). هۆکارەکانی فێرکردن کەمامۆستا ئامادەیی دەکات پەیوەدنییەکی گرنگیان بە خوێندنەوە هەیەو لە دیاردەو ڕووداوەکان نزیکی دەکاتەوە، هەموو مامۆستایەکیش بەکاریان دەهێنن (پەروەردەو فێرکردن، ٢٠٠٨:١٨٣). پێویستە لەسەر مامۆستا کەوا لە فێرخوازەکانی بکات بەشێوەی پلە بەندی ئامانجەکانی وانەکە دەربخەن لە ڕێگەی هۆکارەکانی فێرکردنەوەو هەندێکجار پێویستە فێرخوازانیش لە ئامادەکردنی ئەو هۆکارنەدا هاوبەشبن، چەندەها هۆکاری فێرکردن هەن کە مامۆستا دەتوانێت بەکاریان بهێنیت بۆ وانەوتنەوەکەی وەک(نمونەکان، تابلۆکان، بۆرد، وێنەی فۆتۆگرافی، نەخشە، فلیم، ڕونکردنەوە وەک ئەوڕونکردنەوانەی لە کتێبی خوێندنداهەن، تەلەفیزۆن و تەکنەلۆژیای تایبەت بەخستنەڕووی بابەتە دروستکراوەکان) هەروەک لە پەروەردەی مۆدێرنەدا گرنگی دەدات بەلایەنی هەستی فێرخواز چونکە لە ڕێگایەوە کاریگەری پرۆسەی فێرکرنەکە لای فێرخواز دەهێڵێتەوە (شەمەیی، ٢٠٠٩: ٤٥). لە ڕاستیشدا سود وەرگرتن لە ئامرازەکانی فێرکردن تەنها بە قۆناغ و بابەتێکی دیاری کراوەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بۆ هەموو قۆناغەکان بایەخ و گرنگی خۆیی هەیە، لەبەرئەوە ناکرێت لە پرۆسەی

وانەوتنەوە جیابکرێنەوە بەجۆرێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە وبەشێکن لەو زنجیرە ڕێکارو شێوازانەی وانەوتنەوە کەبەپێی پلانی (ڕۆژانەو ساڵانە) ئامادەکراون، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، بایەخیان بۆ هەرسێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی پرۆسەکە هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە فێرخوازو مامۆستاو پرۆگرامی خوێندن (رسوڵ، ٢٠١٤: ١٧٨).

**ئامرازە فێرکارییەکان لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت:**

١- هەڵوێستی فێرکاری: مەبەست لێی ئەو ڕووداوە ڕاستیانەیە کە خوێندکار لەناو قوتابخانەو دەرەوەدا لەگەڵیدادەژی بۆنموونە : تاقیگە، گەشت، کۆڕو کوبوونەوە.

٢- بابەتی فێرکاری: مەبەست لێی ئەو شتانەیە کە ناوەرۆکی فێربوون لە خۆدەگرن، بۆ نموونە: کتێبی خویندن، تۆماری دەنگی، بەڵگەنامەی مێژوویی، وێنە.

٣- ئامرازو کەرەستەی فێرکاری: مەبەست لەو ئامرازو ئامێرانە یە بۆ خستنەڕوو و پێشکەشکردنی ناوەرۆکی فێربوون بەکاردەهێنرێت، وەکو: پەخشی فلمی سینەما، ڤیدیۆ، بۆرد.

٤- کەسایەتی: مەبەست لەو کەسانەیە بانگهێشتی هەڵوێستی وانەوتنەوە دەکرێن بەمەبەستی یارمەتیدانی فێرخواز لە فێربووندا، بۆ نموونە: جووتیار، سیاسەتمەدار، ئابووریناس، زانای ئایینی، شارەزای پەروەردە، دەروونناس (سیوەیلی، ٢٠١٤: ١٤٥).

## وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان:

زاراوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەم دواییانەدا هاتۆتە بواری پەروەردەوەو بنەماکەی لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە، کە زۆرێک لە توێژینەوەکانی بواری پەروەردە گرنگی پەیوەندیی هەبوونی نێوان کۆی گشتی ئەندامانی کۆمەڵگەی قوتابخانەیان وەک فاکتەرێکی گرنگ ئاشکرا کردووە لە تەندروستی دەروونی مامۆستایان و دروستبوونی کەسایەتی و مەیلی فێرخوازان و بەدەستهێنانی ئەزموونەکانیان (عکیشی، ٢٠١٤:٥٩). چەمکی بابەتی کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەزموونەکانی پەروەردەو چالاکییە پەروەردەییەکان دەکات کە بەشدارن لە مرۆڤ و کۆمەڵگادا، بە مەبەستی دروستکردنی بەها ئەرێنییەکان و دروستکردنی فێربوونی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان مرۆڤ و ئایدیاو ڕەوت و خووە

خوازراوەکانداو لە ڕێگەی وێنە ڕەفتارییەکانەوە، دەتوانرێت ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی ڕێکارانە چاودێری بکرێت، بەم پێیەش پەروەردەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە لە هەموو ئەو بارودۆخانەدا چاودێری دەکرێت کە ژینگەی دەوروبەری تێیدا کارلێک دەکات (السكران،٢٠٠٢: ٢٢). بابەتی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوبوارە سەرەکییەی کەلێکۆڵینەوە لە مرۆڤ دەکات و پەیوەندە بەهەردوو ژینگەی سروشتی و مرۆییەوە، کە یەکێکە لە وبوارە گرنگانەی کەیارمەتی فێرخوازدەدات بە زانیاری و ڕاستییەکان سەبارەت بە نیشتمانەکەی و سروشتی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەی و کۆمەڵگەکانی دیکە، بۆیە ئامانجی وانەوتنەوە لە بواری کۆمەڵایەتیدا تەنیا پێدانی زانیاری و ڕاستی و چەمکێکی زۆر نییە بە فێرخوازان، بەڵکو پەرە بە کارامەییەکانیش دەدات کە بتوانن لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان بکەن و ڕەوایەتییان پشتڕاست بکەنەوەو لە ڕێگەیەوە بڕیار لەبارەیانەوە بدەن (قطاوي، ٢٠٠٧: ١٩). دەتوانین سروشتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەڕووی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و سەردەمی ڕابردوو و ئێستاداو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژی و لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری ئەو کێشانەی کە لەم پەیوەندییانەوە سەرهەڵدەدەن کورت بکەینەوە، هەروەها بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەك پەیوەندییە بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەو کێشەو دۆخانەی کەوا دەردەکەون کاردانەوەبن بۆ ئەو پەیوەندییانە، مرۆڤ پێویستی بەوەیە بزانێت لە دەوری خۆیدا چی ڕوودەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو کێشانە ببێتەوە.، گرنگترین ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دابینکردنی زانیاری تەواوە سەبارەت بە ئەزموونەکانی مرۆڤ و پەرەپێدان بە بەهاکان و بیروباوەڕو بەرژەوەندییەکان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریی بەکۆمەڵ و بڕیاردان و پەرەپێدانی کارامەیی مەعریفی و پراکتیکی، هەموو ئەمانەش بەشدارن لە ئامادەکردنی هاووڵاتییەکی ڕاستگۆ کە بتوانێت ڕۆڵی خۆی لەو کۆمەڵگایەدا بگێڕێت کە تێیدا دەژی (خضر، ٢٠٠٦: ١٩-٢٠). لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی سەرەوەدا، ئاماژە بەوە دەکرێت کە چەمکی بابەتی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کۆمەڵێک بیرۆکە و چەمک و بنەما دەکاتەوە کە لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنراون بە مەبەستی پەرەپێدانی زانیاری و تواناو لێهاتوویی و بەهاکانی فێرخواز کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی (السكران، ٢٠٠٢: ١٨).

(ئەوبابەتانەی کە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا وەک وانە لە چوارچێوەی کتێبی بابەت کۆمەڵایەتییەکاندا دەخوێندرێت)

بابەتی مێژوو: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی و گرفت و ڕەفتارەکانی ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکات و بەدواداچوون بۆ سەرچاوە و گەشەکردنیان، و ئەو ئەنجامانەی کە لێیەوە هاتوون.

بابەتی جوگرافیا: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی و کێشەو بواری ڕەفتاری مرۆڤ دەکات و لە هەمان کاتدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییەکانیان بە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە سروشتیەکەیدا.

بابەتی پەروەردەی نیشتمانی: لە ڕووی ڕێکخستن و چاودێرییەوە، هەڵوێستی تاک بەرامبەر بە گروپ، هەڵوێستی گروپ بەرامبەر بەتاک و ڕۆڵی دەسەڵاتداران کە ئەم پەیوەندیانە ڕێکدەخەن یان ئاراستە دەکەن (خاطرو أخرون، ٢٠١٠: ٩).

لێرەدا دەکرێت ئاماژەبەوە بدرێت کە وانەی بابەت کۆمەڵایەتییەکانیش وەک هەربابەتێکی تر کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت لە هەردوو بازنەی دووەم و سێیەم واتە پۆلەکانی (٤بۆ٩)ی بنەڕەتی مامۆستای وانەکە دەتوانێت کۆمەڵێک ئامرازو هۆکاری فێرکردن بەکاربهێنت کە فێرخواز زۆرترو زیاتر لە بابەتەکانی وانەکە تێبگات و لە هزری دا بچەسپێت بۆنموونە هۆکارەکانی فێرکردنی وەک (بۆرد، ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ، گەشتکردن، پیشاندانی فلیمی بەڵگەنامەیی، وێنەو نەخشەو داتاشۆ) هەموو ئەمان دەکەوێتە سەر تواناو شارەزای مامۆستای وانەو لایەنی پەیوەندیدار لە دابینکردنی زۆرترین ئامرازی فێرکردن هەتاوەک و زۆرتربێت باشترو چاکتردەبێت بۆ فێربوونی فێرخوازان.،

هەروەها ئەوڕێگایەنەشی کە دەکرێت بۆ وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربێت زۆرن وە هەریەکەیان بەجۆرو شێوازێک مامۆستا دەتوانێت بەکاری بهێنت بۆ وتنەوەگەیاندنی وانەکەی بە فێرخوازان بۆنموونە:
ڕێگای وانەوتنەوە وەک: ڕێگای سەرچاوەو بەڵگەنامە ڕەسەنەکان، ڕێگای چیرۆک، ڕێگای ژیانامەو وەرگێڕان (خضر،٢٠٠٦: ٢١٠)،ڕێگای ڕۆڵبینن، ڕێگای لێکۆڵینەوە، ڕێگای چاوپێکەوتن.(سەعید،٢٠١٩:٢٣٠)، ڕێگای محازەرە، ڕێگای دۆزینەوەی داهێنەرانە، ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە، ڕێگای پرۆژە (خاطرو أخرون، ٢٠١٠: ١٦٥). ئەمانەو چەندەها ڕێگای تری وانەوتنەوە هەیە کە دەکرێت لەلایەن مامۆستا بەکاربێت و فێرخوازانی پێ فێربکرێت.

## ئامانجەکانی وانەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان:

چەندین ئامانجی گشتی هەیە کە پێویستە مامۆستا لە فێرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاوی بگرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئامانجی تایبەت بۆ هەر بابەتێک هەیە، کە دەرئەنجامی سروشتی خودی بابەتەکەن، بەو مانایەی کە بابەتی مێژوو ئامانجی چییە؟ لەوانەیە جیاواز بێت لەوەی کە بابەتی جوگرافیا یان بابەتی پەروەردەی نیشتیمانی ئامانجیەتی و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زانست و تواناکانی بابەت و وانەکە، بەڵام ئامانجەکانی هەریەکەیان بە تەنیا سەربەخۆ کار ناکەن، بەڵکو لە چوارچێوەی زانستێکدا کاردەکەن کە ئامانجە گشتیەکانی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات هەر قوتابخانەیەک هەوڵدەدات یارمەتی فێرخوازان بدات لە تێگەیشتن لە چەمکەکان، ڕەوتەکان پێکبهێنن و ڕەفتار و لێهاتوویی بەدەست بهێنن کە پێویستن بۆ هاووڵاتیبوونی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا (خاطرو أخرون، ٢٠١٠:١٠). بەدەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە بۆ فێرخوازان لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک ڕێکارو لێهاتوی و تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەک کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕەفتاری فێرخوازدا ڕوودەدات کاتێک ئەزموونێکی پەروەردەیی بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات. دیاریکردنی ئامانجەکانی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە تەرخانکردنی گۆشەیەک لە پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردەدا دادەنرێت و ئامانجەکان وەک چرایەک کاردەکەن بۆ ڕێنماییکردنی ئەو کەسانەی بەشدارن لە تاقیکردنەوەی ناوەڕۆک و چالاکییەکان و شێوازەکانی فێرکردن و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن.، لەگەڵ ئەوەدا پەروەردەکاران دەستکارییەکی بنەڕەتییان لە ئامانجی پەروەردەدا کرد، لەبری ئەوەی ئامانجەکە ئامادەکردنی تاک بێت بۆ ژیان لە کۆمەڵگادا، بۆتە نوێنەرایەتی لە خاوەنداریێتیکردنی ئەو توخمانەی ژیان و کولتوور کە وایان لێدەکات بە سەرکەوتوویی خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بگونجێنێت لە داهاتوودا، لە گرنگترین ئامانجەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەمانەن:

١- سروشت و تایبەتمەندی فێرخواز: سەرچاوەی زانینی هۆشیارانەی تایبەتمەندیەکانی گەشەکردن لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا لەڕووی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە دەگرێتەوە.

٢- پەرەپێدانی هەڵوێست و بەهاو شێوازی رەفتاری خوازراو پەرەپێدانی کارامەیی و تواناکانی فێرخواز: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە زانیاری و چەمك و گشتاندنەکان هەوڵدەدات هاوڵاتی چالاک بە کەسایەتی و ڕۆح و عەقڵی پەرەپێبدات (خضر، ٢٠٠٦: ٣١).

٣- بەدەستهێنانی هەڵوێستی ئەرێنی و توانای هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دروست: بابەتەکۆمەڵایەتییەکان ئامانجیان ئەوەیە کە فێرخوازەکان ڕەوتی کۆمەڵایەتی خوازراو لە چوارچێوەی ئەوەی کە ئامانجیان هەیە دابین بکات.

٤- پەرەپێدانی گیانی نیشتمانپەروەری لە نێوان فێرخوازاندا بە تێڕوانینێکی سەردەمیانە بەهێز بکات و پشتگیری بکات: هەرچەندە سەرجەم پەروەردە کار بۆ پەرەپێدانی گیانی نیشتمانپەروەری دەکات، بەڵام بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی بوار و چالاکی تایبەتی خۆیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لەم بابەتەدا دەگێڕن.

٥- دابینکردنی کارامەیی جۆراوجۆر بۆ فێرخوازان: بابەتەکانی کۆمەڵایەتی ئامانجیان ئەوەیە کە فێرخوازەکان هەوڵی کارامەیی بدەن لە چوارچێوەی ئەوەی کە پەروەردە لە هەموو قۆناغەکانیدا ئامانجی پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازانە لە لایەن و بوارە جیاوازەکاندا.

٦- ڕاهێنانی فێرخوازان بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەکەنی تر: بابەتەکانی کۆمەڵایەتی سەیرکردنی وەک ژینگەی ناوخۆیی فێرخوازان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنەکەیاندا لە بابەتەکانی کۆمەڵایەتیدا پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی وردە وردە بخوێنن و لە کۆمەڵگەتێبگەن (خاطرو أخرون، ٢٠١٠: ١٦-١٧).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لەم بەشەدا گرنگرتین ئەو توێژینەوانەی پێشوو کەلەم توێژینەوە نزیکن یان هاوشێوەن بەمەبەستی شیکرندنەوەی لایەنی هاوبەش و لێکچوون و جیاوازی و ئاست و ڕادەی سودبینین لێیان، لەپاڵ پیشاندانی شوێنی ئەم توێژینەوانە لە نێوتوێژینەوەکانی تردا دەخەینە ڕوو ئەمەش دابەش دەبن بۆ ئەمانە کە لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

## خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:

خشتەی (1)

خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

| | |
|---|---|
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | ئاستنەگەکانی بەردەم مامۆستای سەرەتایی لە بەڕێوەبردنی پۆلی خوێندندا  توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی بازنەی (سیقوس)<br>ساکر، أميرة: 2016 |
| ئامانجی توێژینەوە | دەستنیشانکردنی ئەو سەختییانەیە کە مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە بەڕێوەبردنی پۆلدا |

| | |
|---|---|
| | ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 128 مامۆستابووە لەو ژمارەیەش 92 مامۆستای وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی و شیکردنەوە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر ڕووبەڕووی کێشەی پەیوەست بە ژینگەی فیزیکی پۆل و ڕەفتاری فێرخوزان و کێشە پەروەردەییەکانی فێرخوزان و کێشەی نەبوونی ڕاهێنان دەبنەوە. |
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | ڕۆڵی سەرپەرشتیاری لە باشکردنی ئەدای مامۆستایان لە قوتابخانە حکومیەکانی (قودس) لە دیدگای مامۆستایان و بەڕێوبەرانەوە.<br>امبيض، يسرى زياد صالح :2014 |
| ئامانجی توێژینەوە | - دەستنیشانکردنی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردە لە باشترکردنی ئاستی مامۆستایان لە قوتابخانە حکومییەکانی قودس لە ڕوانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانەوە.<br>- کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامە) مامۆستا لەسەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە باشترکردنی ئاستی مامۆستایان. |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 727 مامۆستاو بەڕێوەبەربووە لەو ژمارەیەش 386 مامۆستای وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە باشترکردنی ئەدای مامۆستایان، بەتێکڕای بۆچوونی بەڕێوەبەران زیاترە لە تێکڕای بۆچوونی مامۆستایان لە هەموو بوارەکاندا.<br>- جیاوازی ئاماری نییە بەهۆی گۆڕاوەی (ڕەگەز) سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردە.<br>- جیاوازی ئاماری هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بەبەراورد بە بڕوانامەی (دبلۆم) لە پەروەردەدا. |
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | ئاستی ئەوکێشانەی ڕوبەرووی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییە تێکەڵەکان دەبێتەوە لە باکوری کەرتی ڕۆژئاوا.<br>شحادة، رنين أحمد صالح: 2012 |
| ئامانجی توێژینەوە | - دیاریکردنی ڕادەی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قوتابخانە حکومییە بنەڕەتییە تێکەڵەکان دەبنەوە لە باکووری کەناری ڕۆژئاوا.<br>- زانینی جیاوازییەکانی وەڵامی وەڵامدەرەوەکان بۆ هەریەکێک لە گۆڕاوەکان (ڕەگەز، بڕوانامە، پەروەردە). |

| | |
|---|---|
| | بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی کێشەکان. |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 990 مامۆستابووە لەو ژمارەیەش 230 مامۆستای وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی و شیکردنەوە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - کێشەکان لە بواری هونەری کە ڕوبەڕوی مامۆستایان دەبێتەوە لە پلەی یەکەمدایە.<br>- لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕادەی ئەوکێشانەدا نییە کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قوتابخانە حکومییە بنەڕەتییە تێکەڵەکان دەبنەوە بەهۆی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامە، پەروەردە). |
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | کێشەکارگێڕییەکان لە نوسینگەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و ڕووبەڕووبونەوە یان لە ژێرڕۆشنایی دەروازەی پەرەپێدان و ڕێکخستنی لە سوڵتان نشینی عمان.<br>آل مكي، عواطف بنت إبراهيم بن علي: 2011 |
| ئامانجی توێژینەوە | دەستنیشانکردنی کێشە کارگێڕییەکان لە فەرمانگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە سوڵتانی عومان.<br>زانینی سروشتی جیاوازییەکانی نێوان ئەوکێشە کارگێڕییانەی کە ڕووبەڕووی فەرمانگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردە دەبنەوە بەپێی گۆڕاوەکانی (ئەزموونی پراکتیکی و بڕوانامەی پەروەردەیی و بواری پەروەردەیی) |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 590 فەرمانبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لەو ژمارەیەش 240 کەسی وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی و شیکردنەوە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - کێشەکانی کارگێڕی کە ڕووبەڕووی فەرمانگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردە دەبێتەوە ئاستێکی بەرزی بەدەستهێناوە.<br>- جیاوازی ئاماری هەیە بۆ کێشە کارگێڕییەکانی فەرمانگەکانی سەرپەرشتیاری بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.<br>- جیاوازی ئاماری نییە بۆ کێشە کارگێڕییەکانی فەرمانگەکانی سەرپەرشتیاری بەپێی گۆڕاوی پەروەردەکەی. |
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | بەربەستەکانی سەپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە قۆناغی سەرەتایی قۆناغەکانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی و ڕێگاکانی زاڵبوون بەسەریاندا.<br>أللخاوي ، أحمد عبد الجليل: 2010 |
| ئامانجی توێژینەوە | دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی ڕێکخرواى فریاگوزاری نێودەوڵەتی و ڕێگاکانی زاڵبوون بەسەریاندا. |

| | |
|---|---|
| | دیاریکردنی کاریگەریی هەریەک لە (پەروەردە، ڕەگەز) لەسەر دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکان. |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 60 سەرپەرشتیار بووە لەو ژمارەیەش 50 کەس وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی و شیکردنەوە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - بەربەستەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پەیوەست بە کارگێڕی پەروەردەی لە پلەی یەکەمدایە.<br>- جیاوازی ئاماری نییە بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەپێی هەر یەک لە گۆڕاوەگانی (ڕەگەز و پەروەردە) |
| ناونیشان و ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | کێشەی مامۆستایانی پۆل لە قوتابخانە حکومییەکانی سەر بەپارێزگای غەززەو سنوردارکردنیان.<br>أبوفودة، أحمد سعید عمر: 2008 |
| ئامانجی توێژینەوە | - ئاشکراکردنی گرنگترین کێشەکانی بەردەم مامۆستایان لە قوتابخانە حکومییەکانی پارێزگاکانی غەززە، لە ڕوانگەی مامۆستایانی پۆلەوە.<br>- دەستنیشانکردنی جیاوازی ئاماری لە وەڵامی مامۆستایانی پۆلدا بۆ ئەو کێشانەی کە بەهۆیەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یان نا بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، پەروەردە ) |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | کۆمەڵگەکەی 164 مامۆستا بووە هەموویان وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی و شیکردنەوە |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - کێشەکانی پەیوەست بەدایک و باوکی فێرخوازەوە لە پلەی یەکەمدایە کە دەبنە ئاستەنگ لە بەردەم مامۆستایاندا.<br>- جیاوازی ئاماری هەیە بۆ کێشەکانی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرومێ) بۆ ڕەگەزی مێ لە ئاستێکی بەرزدایە.<br>- جیاوازی ئاماری هەیە بۆ کێشەکانی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی شوێنی پەروەردەکان. |

## شیکارو بەراوردکاری توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانەی ئەم خاڵانە بەراودی ئەم توێژینەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەخەینەڕوو:

١- **لەڕووی ئامانجی توێژینەکانەوە:** سەرجەم توێژینەوەکان ئامانجیان لە دەرخستن و زانینی ئەو کێشەو ئاستەنگانەیە کە ڕوبەڕووی سەرپەرشتیاران یان مامۆستایان دەبێتەوە جاچ وەک لایەنی کارگێڕی یان وانەوەتنەوەو مامەڵەیان لەگەڵ فێرخوازاندا هەروەها دەرخستنی جیاوازی ڕادەی ئەوکێشانە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، بڕوانامە، پەروەردە)، هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیش ئەوەیە کە جۆرو ڕێژەی ئەو کێشانە دیاری بکات کە ڕوبەڕووی سەرپەرشتییکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامە، پەروەردە، قوتابخانە).

٢- **لەڕووی میتۆدی توێژینەوەکەوە:** سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی (المنهج الوصفي) بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوە میتۆدی وەسفی ڕوپێوی بەکارهاتووە.

٣- **لەڕووی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکەوە:** توێژینەوەکان لەڕووی ژمارەی کۆمەڵگەی نموونەوە جیاوزابوون، توێژینەوەی ساکر، 2016: کۆمەڵگەکەی 128 مامۆستابووە لەوژمارەیەش 92 وەک نموونە وەرگرتووە ، أمبيض، 2014: کۆمەڵگەکەی 727 مامۆستاو بەڕێوەبەربووە لەو ژمارەیەش 386 وەک نموونە وەرگرتووە، شحادة، 2012: کۆمەڵگەکەی 990 مامۆستابووە لەوژمارەیەش 230 وەک نموونە وەرگرتووە، أل مكي، 2011: کۆمەڵگەکەی 590 فەرمانبەری یەکەی سەپەرشیکردن بووە لەوژمارەیەش 240 وەک نموونە وەرگرتووە، أللخاوي، 2010: کۆمەڵگەکەی 60 سەرپەرشتیاربووە لەوژمارەیەش 50 وەک نموونە وەرگرتووە، أبوفودة، 2008: کۆمەڵگەکەی 164 مامۆستابووە هەموویانی وەک نموونە وەرگرتووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەی ئێستادا کۆمەڵگەکەی (13)سەرپەرشتیارو (28) مامۆستا لە قوتابخانە ناحکومییەکان و (1750)مامۆستا لە قوتابخانە حکومییەکان بووە لەوژمارانەش هەمووسەرپەرشتیاران و (376) مامۆستا وەک نموونی توێژینەوەکە وەرگیراون.

**٤- له ڕووی ئامرازەکانی توێژینەوەکەوە**: سەرجەم توێژینەوەکان ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسیان (إستبيان)بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەشدا بەهەمان شێوە فۆڕمی ڕاپرسی بۆ شیکاری توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

**٥- لەڕووی کەرەستە ئاماریەکانی توێژینەوەکە:** لەڕووی کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ئەم توێژینەوەی ئێستاش لە زۆربەی بەکارهێنانی هاوکێشە ئاماریەکان بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی داتاکان کە بەکارهاتووە هاوشێوەن وەک : ناوەندەژمێرەیی و لادانی پیوەری و ڕێژەی سەدیی و هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەی و یەك نموونەی و تاقیکردنەوی ئەنۆڤاو کرۆنباخ ئەمەش بەپشت بەست بە پرۆگرامی (SPSS)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک هاوکێشەی ئاماری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکانی پێشوو کە جیاوازن لە کەرەستەی ئاماری ئەم توێژینەوەیە وەک: هاوکۆلکەی سپێرمان وهاوکۆلکەی فیشێرو تاقیکردنەوەی مان وتنی و کروسکال ولس و تاقیکردنەوەی شیفیە.

**٦- له ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:** هەموو توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازیان هەیە لەڕووی جۆرو ڕێژەی کێشەکانەوە هەروەها جیاوازن لە ئەنجامی جۆرو ڕێژەی کێشەکانی ئەم توێژینەوەیەش بەڵام هەموویان ئاستی ئاماریان بەرزە، هەروەها ئەنجامەکانی توێژەوەکانی پێشوو پەیێی گۆڕاوەکان جیاوازن بەڵام لەگەڵ ئەنجامی گۆڕاوەکانی ئەم توێژنەوەیەش بەپێ گۆڕاوەکانی (ڕەگەزە و بڕوانامە و پەروەردە) کێشەکانی سەپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان توێژینەوەکانی (أمبيض،2014)، (شحادة،2012)، (أل مكي ،2011)، (أبوفودة، 2008) هاوشێوەن.

توێژەر سودی وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی ناوەرۆکی توێژینەوەکەو بڕگەکانی پێوەرەکان و هەروەها ئامرازە ئامارییەکانی بۆ توێژینەوەکە.

# بەشی سێهەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### میتۆدی توێژینەوەکە

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

### نمونەی توێژینەوەکە

### ئامرازی توێژینەوەکە

### ئامرازە ئامارییەکان

## ڕێکارەکانی توێژینەوە:

ئەم بەشە پێکدێت لە ڕێکارەکانی مەیدانی توێژینەوەکەو هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرەوە پەیڕەوی کراوە، لەگەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکەو خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازی توێژینەوەکە کەپێکهاتووە لە دوو فۆڕمی ڕاپرسی (**کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان**)، لەگەڵ دۆزینەوەی ڕاستی و جێگیری ئامرازەی توێژینەوەو دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە میتۆدی (وصفی ڕوپێوی) بەگونجاو زانراوەو بەکارهاتووە، چونکە (میتۆدی وصفی ڕوپێوی) گونجاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەو هەروەها بۆ توێژینەوەکانی پێشوش هەمان میتۆد بەکارهاتووە.

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بنەڕەتییە حکومی و ناحکومیەکانی (بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی) لەوانەی کە لە خزمەتدا بەردەوامن بۆ ساڵی (2021-2022)، لە بەرئەوەی ژمارەی سەرپەرشتیاران کە (13) کەس بوون (8) نێرو (5) مێ، وەمامۆستایانی قوتابخانە ناحکومییەکان ژمارەیان (28) کەس بوون (5) نێرو (23) مێ سەرجەمیان وەک ئەندامی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەڵام مامۆستایانی قوتابخانە حکومییەکان کەژمارەیان (1750) مامۆستا بوون (525) نێرو (1225)مێ کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن، وەک لە خشتەی (4،3،2) لە خوارەوە خراوەنەتەڕوو، توێژەر ئامارەکانی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەو بەڕێوبەرێتی یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سلێمانی وەرگرتووە هەروەک لە پاشکۆی (2،1) خراونەتەڕوو.

خشتەی (2)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز بۆ مامۆستایان

| ڕەگەز | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| نێر | 186 | 29 | 339 | 31 | 525 | 30 |
| مێ | 455 | 71 | 770 | 69 | 1225 | 70 |
| **کۆ** | **641** | **100** | **1109** | **100** | **1750** | **100** |

خشتەی (3)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بۆ مامۆستایان

| بڕوانامە | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| ئامادەیی | 9 | 2 | 18 | 2 | 27 | 2 |
| دبلۆم | 431 | 67 | 740 | 67 | 1171 | 67 |
| بەکالۆریۆس | 201 | 31 | 351 | 31 | 552 | 31 |
| **کۆ** | **641** | **100** | **1109** | **100** | **1750** | **100** |

خشتەی (4)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی پەروەردە بۆ مامۆستایان

| پەروەردە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات | 641 | 37 |
| ڕۆژئاوا | 1109 | 63 |
| **کۆ** | **1750** | **100** |

## نموونەی توێژینەوەکە:

توێژەر لە مامۆستایانی پسپۆڕی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە ژمارەیان (1750) کەس بوو، نموونەیەکی بەشێوازی هەڕەمەکی چینایەتی وەرگرتووە بەڕێژەی (20%) ئەمەش دەکاتە (350) مامۆستا لە قوتابخانە حوکمییە بنەڕەتییەکان.

## خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە:

**یەکەم: ڕەگەزی (نێرومێ)ی نموونەی توێژینەوە:** نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ) (350) مامۆستابوون کە (105) مامۆستا لە ڕەگەزی نێرو (245) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ بوون، ئەمەش

سەربە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات کە (128) مامۆستابوون و پەروەردەی ڕۆژئاوا (222) مامۆستا بوون وەک لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو.

خشتەی (5)
نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز بۆ مامۆستایان

| ڕەگەز | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| نێر | 37 | 29 | 68 | 31 | 105 | 30 |
| مێ | 91 | 71 | 154 | 69 | 245 | 70 |
| **کۆ** | **128** | **100** | **222** | **100** | **350** | **100** |

**دووەم: بڕوانامە ( ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس) نموونەی توێژینەوە:** نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە دابەش بوون بەسەر سێ جۆردا ئامادەیی (6) مامۆستا، دبلۆم (234) مامۆستا، بەکالۆریۆس (110) مامۆستا بوون، وەک لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو.

خشتەی (6)
نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بۆ مامۆستایان

| بڕوانامە | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| ئامادەیی | 2 | 2 | 4 | 2 | 6 | 2 |
| دبلۆم | 86 | 67 | 148 | 67 | 234 | 67 |
| بەکالۆریۆس | 40 | 31 | 70 | 31 | 110 | 31 |
| **کۆ** | **128** | **100** | **222** | **100** | **350** | **100** |

**سێیەم: شوێنی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) نموونەی توێژینەوە:** نموونەی توێژینەوەکە بەپێی شوێنی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی سلێمانی، دابەش بوون بەسەر هەدوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات کە (128) مامۆستابوو، پەروەردەی ڕۆژئاوا (222) مامۆستا بوون، وەک لە خشتەی (7) خراوەتەڕوو.

خشتەی (7)
نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پەروەردە بۆ مامۆستایان

| پەروەردە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات | 128 | 37 |
| ڕۆژئاوا | 222 | 63 |
| **کۆ** | **350** | **100** |

## ئامرازی توێژینەوە:

بـۆ گەیشـتن بەئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە واپێویسـت بـوو تـوێژەر بۆپێـوانەکردنی هەریەك لە (کێشـەکانی سەرپەرشـتیکردن و وانـەوتـنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان) دوو فـۆڕمی ڕاپـرسی تـوێژینەوەی گونجـاو ئامادەبکات، ئامادەکردنی ئامرازەکە بەم هەنگاوانی خوارەوەدا تێپەڕین:-

### یەکەم: ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆکێشەکانی سەرپەرشتیکردن:

#### أ- فۆڕمی ڕاوەرگرتنی بەرایی:

لەبەر ئەوەی تـوێژەر پێـوانەیەکی ئامـادەکراوی دەسـت نەکەوت بـۆ ئـامرازی تـوێژینەوەکە تـوێژەر بەتوێژینەوەکانی پێشـووتردا چـۆوەو سـودی لە هەریەک لە فـۆڕمی ڕاپـرسی تـوێژینەوەی (الـتراب: 2019، یونس:2009، حمد: 2007) وەرگرت و دوای گفتوگۆو ڕا وەرگرتنی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بـواری بـابەتەکەو بەتـایبەت کەسـانی خـاوەن ئەزمـوون، هەروەهـا فـۆڕمی ڕاوەرگـرتنی بەرایی بەشـێوەی کـراوەو بەئەلکـترۆنی پێشـکەش بە کۆمەڵێـک لە سەرپەرشـتیارانی پسـپۆڕی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکان کرد کە ژمارەیان (20)[*] سەرپەرشتیار بوو کە ئەو پرسیارانەی لە خۆگرتبوو کە لە پاشکۆی (3) خـراوەتەڕوو، پاش ئەنجامـدانی ڕاپرسـیەکراوەکەو وەڵامیان بۆ تەوەرەکان لە کۆتایدا پێـوانەی کێشـەکانی سەرپەرشـتیکردن (90) بـڕگەی لێدروسـت بـوو وەک لە پاشـکۆی (6) خراوەتەڕوو.

#### ب-ڕاستی ڕواڵەت (Face-Validity).

مەبەست لە ڕاستگۆی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامڕازەکە لەڕوکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە ئەپێوێت، بـۆ ئەو مەبەسـتەش بـڕگەو پرسـیارەکان نیشـانی چەندکەسـێکی پسـپۆڕو شـارەزای بـوارەکە ئەدرێت بۆ ئەوەی ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٤). بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی

---

(*) تـوێژەر جگە لە سەرپەرشـتیارانی ناوەنـدی شـاری سـلێمانی بـۆ ڕاوەرگـرتنی بەرایی سـودی لە ڕای چەنـد سەرپەرشـتیارێکی تـری پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی وەرگرتووە.

توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆئەومەبەستە برگەکانی پێوانەکە کە پێکهاتبوو لە (90) برگەی فۆڕمی سەرپەرشتیاران خرانە بەردەستی (21) شارەزا لەبواری (ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پەروەردەو دەروونزانی) هەروەك لەپاشکۆی (6) ڕوونکراوەتەوە داوایان لێکراوە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت (بەگونجاوی و نەگونجاوی) برگەکان وبژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان بەپێی بۆچوونی زۆرینەی شارەزایان هەموو برگەکان پەسەندکران، کە ڕاستی برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی سەرپەرشتیاران بە پێ ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە **(95.13٪)**.

## هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لە نێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدی دەکرێت و ئەوانەی تێیاندا بەدی ناکرێت، ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێراتر بەڕادەی ڕاسشتگۆیی پێوانەکە دەدات (عبدالرحمن وأخرون،٢٠٠٧:١٩٢). توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری پێوانەی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن) دەرهێنا، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی ( T-test for one Independent samples) بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر تەوەرەیەک، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی تائی هەژمارکراوەکان گەورەترن لە نرخی تائی خشتەی بەمەش سەرجەم تەوەرەکانی پێوانەکە توانای جیاکارییان هەیە، وەک لە خشتەی (8) خراوەتەڕوو.

خشتەی (8)

هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە

| ژمارەی تەوەرەکان | ژمارەی برگەکانی تەوەرەکان | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی تائی هەژمارکراو | نرخی تائی خشتەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 16 | 1.537 | 0.295 | 2.21 | 1.753 |
| 2 | 11 | 1.641 | 0.282 | 3.1 | 1.812 |
| 3 | 19 | 1.554 | 0.230 | 1.96 | 1.734 |
| 4 | 7 | 2.152 | 0.551 | 2.17 | 1.943 |
| 5 | 18 | 1.901 | 0.428 | 2.048 | 1.74 |
| 6 | 9 | 1.592 | 0.162 | 2.92 | 2.36 |
| 7 | 10 | 2.385 | 0.464 | 4.798 | 2.262 |

## ج- **جێگیری**:(Stability)

مەبەست لە جێگیری هەر پێوانەیەك ئەوەیە ئەگەر پێوانەیەك بەسەر کۆمەڵێك تاكدا جێبەجێ کراو چاودێری نمرەکانی هەرتاکێك بکرێت تیایدا وە دووبارە پێوانەکەبەسەر هەمان تاکەکانی ئەو گروپەدا لەهەمان بارودۆخدا دوبارە کرایەوە هەمان ئەنجام دەستکەوت ئەوا دەر دەکەوێت پێوانەکە بەتەواوی جێگیرە (القصاص، ٢٠٠٧: ٣٢٧). توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەندرێگەیەکی بەکار هێنا وەك-:

### 1 ) **رێگای دووبارەکردنەوە(ئەنجامدان و دوبارە ئەنجامدان)**

لەم ڕێگایەدا ئامرازی توێژینەوەکە دووجار بەسەرهەمان نمونەدا جێبەجی دەکرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی کاتی نێوان هەردوو جێبەجێکردنەکە لە (21) ڕۆژ کەمترنەبێت پاشان لەڕێی ئاماریەوە هاوکۆلکەی پەیوەستبوون لەنێوان هەردوو وەڵامەکەدا دەردەهێنرێت وبەپێی بەهاکەی بڕیاری بەسەردادەدرێت (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٧). بەمەبەستی جێگری پێوانەی(کێشەکانی سەرپەرشتیکردن) توێژەر جێگیری بۆ پێوانەکە بەشێوازی دووبارە ڕاپرسی ئەنجامدا، جاری یەکەم لەڕێکەوتی (2022/4/13) پێوانەکە بەسەر (12) سەرپەرشتیاری سەربە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی سلێمانی جێبەجێکرا، کەبەشێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دوای تێپەڕبوونی (25) ڕۆژ ڕێکەوتی (2022/5/8) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی ڕاپرسی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن نێوان ئەنجامدانی ڕاپرسی یەکەم ودووەمی سەرپەرشتیاران بریتیەلە (**0.92**) ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆئەوەی کەجێگیری پێوانەکە بەرزە، وەک لە خشتەی (9) خراوەتەڕوو.

خشتەی (9)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کێشەی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 2.389 | 2.395 | **0.92** |
| دووەم | 2.368 | 2.162 | |

**2) ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ (Cronbach, Alpha)**

بە مەبەستی دیاریکردنی جێگیری ناوەڕۆکی توێژەر ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ بەکارهێنا، چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتریدا دەردەخات تاچەند بڕگەکان هەمان بابەت پێوانەدەکەن (کشرود، ٢٠٠٧: ١٢٥). لە ئەنجامدا ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگەیە بریتی بوو لە (**0.75**) بۆ سەرپەرشتیاران، کەئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

## ئەژمارکردنی نمرەی گشتی پێوانەی ڕاپرسی کێشەکانی سەرپەرشتی کردن:

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆی وجێگیری بۆ پێوانەی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتای پێکهاتووە لە(90) بڕگە بۆ فۆڕمی ڕاپرسی سەرپەرشتیاران بەمەش بەرزترین نمرەی پێوانەکە (180) نمرەیە، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بە شێوازی (لێکرت) دارێژرابوو، کە بۆ هەربڕگەیەك سێ بژاردە هەیە کە بریتین لە (هەمیشە، هەندێکجار، هەرگیز)، بەهای بژاردەکان بریتیە لە (2، 1، 0)، بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگەنەرێنیەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە.

## دووەم: ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان:

### أ- فۆڕمی ڕاوەرگرتنی بەرایی:

لەبەر ئەوەی توێژەر پێوانەیەکی ئامادەکراوی دەست نەکەوت بۆ ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر گفتوگۆو ڕای کەسانی شارەزاو پسپۆڕی لە بواری بابەتەکە بەتایبەت کەسانی خاوەن ئەزموون وەرگرت، بەتوێژینەوەکانی پێشووتردا چۆوەو سودی لە هەریەک لە فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەی (العمراني وأخرون :2017، محمد:2013، عبدالكاظم وأخرون:2012، السبيعي:2011) وەرگرت، هەروەها فۆڕمی ڕاوەرگرتنی بەرایی بەشێوەی کراوەو بەشێوەی ئەلکترۆنی پێشکەش بە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کرد کە ژمارەیان (50) مامۆستابوو کە ئەوپرسیارانەی لە خۆگرتبوو کە لە پاشکۆی (4) خراوەتەڕوو پاش ئەنجامدانی ڕاپرسیەکراوەکەو وەڵامیان بۆ تەوەرەکان لە کۆتایدا پێوانەی کێشەکانی وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (95) بڕگەی لێدروست بوو وەک لە پاشکۆی (7) خراوەتەڕوو.

## ب-ڕاستی ڕواڵەت (Face-Validity).

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆئەومەبەستە بڕگەکانی پێوانەکە کە پێك هاتبوو لە (95) بڕگەی فۆڕمی مامۆستایان خرانە بەردەستی (21) شارەزا لەبواری (ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پەروەردەو دەروونزانی) هەروەك لەپاشکۆی (7) ڕوونکراوەتەوە داوایان لێکراوە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت (بەگونجاوی و نەگونجاوی) بڕگەکان وبژاردەکان دەربڕن و هەرگۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپێی بۆچوونی زۆرینەی شارەزایان هەموو بڕگەکان پەسەندکران، کە ڕاستی بڕگەکانی فۆڕمی مامۆستایان بەپێ ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە **( 94.38٪)**.

## هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان:

توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەی پێوانەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا. بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for one Independent samples) بۆ یەک نموونەی سەربەخۆ بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر تەوەرەیەک، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی تائی هەژمارکراوەکان گەورەترن لە نرخی تائی خشتەی بەمەش سەرجەم تەوەرەکانی پێوانەکە توانای جیاکارییان هەیە، وەک لە خشتەی (10) خراوەتەڕوو.

خشتەی (10)

هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە

| ژمارەی تەوەرەکان | ژمارەی بڕگەکانی تەوەرەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی تائی هەژمارکراو | نرخی تائی خشتەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 21 | 1.6512 | 0.373559 | 2.1 | 1.725 |
| 2 | 14 | 1.843 | 0.389 | 3.48 | 1.771 |
| 3 | 16 | 2.146 | 0.267 | 1.96 | 1.753 |
| 4 | 7 | 2.308 | 0.094 | 3.167 | 1.943 |
| 5 | 14 | 2.616 | 0.265 | 3.58 | 1.771 |
| 6 | 8 | 2.318 | 0.138 | 4.01 | 1.895 |
| 7 | 5 | 2.568 | 0.147 | 4.7 | 2.132 |
| 8 | 10 | 2.772 | 0.187 | 5.02 | 1.833 |

## ج- جێگیری:(Stability)

بۆم مەبەستە توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەندرێگەیەکی بەکار هێنا وەك:-

### 1 ) ڕێگای دووبارەکردنەوە (ئەنجامدان و دووبارە ئەنجامدان)

لەم ڕێگایەدا ئامرازی توێژینەوەکە بەمەبەستی جێگری پێوانەی (کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) توێژەر جێگیری بۆ پێوانەکە بەشێوازی دووبارە ڕاپرسی ئەنجامدا، جاری یەکەم لەڕێکەوتی (2022/4/13) پێوانەکە بەسەر (30) مامۆستای سەربە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی سلێمانی جێبەجێکرا کەبەشێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، دوای تێپەڕبوونی (25) ڕۆژ ڕێکەوتی (2022/5/8) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی ڕاپرسی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی پێرسۆن نێوان ئەنجامدانی ڕاپرسی یەکەم ودووەمی مامۆستایان بریتیەلە **(0.92)** ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆئەوەی کەجێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەك لەخشتەی (11) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (11)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کێشەی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 5.396 | 4.058 | **0.92** |
| دووەم | 5.446 | 4.035 | |

### 2) ڕێگای ئەلفا-کرۆنباخ (Cronbach, Alpha)

بە مەبەستی دیاریکردنی جێگیری ناوەرۆکی توێژەر ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ بەکارهێنا، لە ئەنجامدا ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگەیە بریتی بوو لە **(0.79)** بۆ مامۆستایان، کەئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

## ئەژمارکردنی نمرەی گشتی پێوانەی ڕاپرسی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان:

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆی وجێگیری بۆ پێوانەی (کێشەکانی وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتای پێکهاتووە لە (95) بڕگە بۆ فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستایان، بەمەش بەرزترین نمرەی پێوانەکە (190) نمرەیە بۆ وەڵامدانەوەی فۆڕمی مامۆستایان، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بە شێوازی (لێکرت) دارێژرابوو، کە بۆ هەربڕگەیەك سێ بژاردە بوو کە بریتیبوون لە (هەمیشە، هەندێک جار، هەرگیز). بەهای بژاردەکان بریتیبوون لە (2، 1، 0)، بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگە نەرێنیەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە.

## ئامرازە ئامارییەکان:

بۆ شیکردنەوەی ئاماری بۆ داتاکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەست بە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (25)، بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی لای خوارەوە:

1) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل ارتباط پیرسون) بۆئەژمارکردنی جێگیری و دۆزینەوەی نێوان تەورەکان و پەیوەندی نێوان بڕگەی ڕاپرسی یەکەم و دووەمی پێوانەکە بەکارهات.
2) هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بەکارهات بۆ دۆزینەوەی جێگیری بڕگەکانی هەردوو فۆڕمی ڕاپرسیەکانی (کێشەکانی سەپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان)
3) تاقیکردنەوەی تائی (T-test for one Independent samples) یەک نموونەیی بۆ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ تەوەرەکانی پێوانەی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان)
4) تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (T-test for two Independet samples) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی ئاماری لە نێوان گۆڕاوەکانی تویژینەوەکە لای هەردوونموونەی توێژینەوەکە، گۆڕاوی (ڕەگەز، پەروەردە، قوتابخانە) فۆڕمی مامۆستایان و هەروەها بۆگۆڕاوی (ڕەگەز، بڕوانامە، پەروەردە)ی فۆڕمی سەرپەرشتیاران.
5) هاوکێشەی ئەنۆفا یەك ئاڕاستە (تحلیل تباین أحادی – ONE WAY ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بۆ گۆڕاوی بڕوانامە (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس) فۆڕمی مامۆستایان.

6) هاوکێشەی ڕێژەی سەدی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکانی (کێشەکانی سەپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان)

(علام، ۲۰۰۷: ۲۸۹)

7) هاوکێشەی ناوەندە ژمێری و لادانی پێورەی و کێشی. ڕێژەی پلە بۆ دیاریکردنی جۆرو ڕێژەی پێوەرەکانی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)

(سلامة وأخرون ، ۲۰۰۲ : ٤۹)

## بەشی چوارەم:

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان.

دەرئەنجامەکان.

ڕاسپاردەکان.

پێشنیارەکان.

# بەشی چوارەم

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەو خستنەڕووی ئەنجامەکان بەگوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکەوە:

## خستنەڕووی ئەنجامەکان بەگوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### ئامانجی یەکەم: دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشییارانی پسپۆڕەوە:

بەمەبەستی دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، توێژەر تاقیکردنەوەی وەسفی گونجاوی بەکارهێناوە، لە ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ هەر تەوەرێک لە تەوەرەکانی پێوەری کێشەکانی سەرپەرشتیکردنی نمرەی کۆی گشتی بڕگەکانی تەوەرەکان. وەك لە خشتەی (12) دیارە.

خشتەی (12)
خستنەڕووی ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە

| تەوەرەی کێشەکان | ژمارەی بڕگەکان | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی ڕێژەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوبەرو کارگێری قوتابخانە | 16 | 2.298 | 0.437 | 45.96 | 7 |
| سەردانکردنی قوتابخانەکانت | 11 | 2.336 | 0.216 | 46.72 | 6 |
| مامۆستایان | 19 | 2.397 | 0.295 | 47.94 | 5 |
| خوێندکاران | 7 | 2.813 | 0.212 | 56.26 | 2 |
| بە یاساو ڕێنماییەکان | 18 | 2.662 | 0.321 | 53.24 | 3 |
| پرۆگرام و کتێبی خوێندن | 9 | 2.462 | 0.180 | 49.24 | 4 |
| ئابوری و مووچەو پلەبەرزکردنەوە | 10 | **2.938** | 0.079 | **58.76** | 1 |

وەک لە خشتەی(12) خراوەتەڕوو بۆ کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە کە لە (7) تەوەرەو (90) بڕگە پێکهاتبوو بەپێی کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەرەی کێشەکان لە نێوان (58.76 بۆ 45.96 )، لە نێوان بەرزترین بۆ نزمترینندایە، هەروەها بەپێی ناوەندەژمێرەیی لە نێوان (2.938 بۆ 2.298)، لە بەرزترین بۆ نزمترینندایە، بەم شێوەیە ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ڕیزبەندی کێشەکان بەپێی پلەو ڕێژەیی

کێش، تەوەرەی کێشەکانی (ئابوری و موچەو پلەبەرزکردنەوە) بە پلەی یەکەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (**58.76**)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی کەتایبەتن بە (خوێندکاران) بە پلەی دووەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (56.26)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی تایبەت (بە یاساو ڕێنماییەکان) بە پلەی سێیەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (53.24)، تەوەرەی کێشەکانی کە تایبەتن بە (پرۆگرام و کتێبی خوێندن) بە پلەی چوارەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (49.24)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی تایبەت بە (مامۆستایان) بە پلەی پێنجەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (47.94)، تەوەرەی کێشەکانی تایبەت بە (سەردانکردنی قوتابخانەکانت) بە پلەی شەشەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (46.72)، تەوەرەی کێشەکانی کە پەیوەستن بە (بەڕێوبەرو کارگێری قوتابخانە) لەکۆتا پلە دێت بە کێشی ڕێژەیی (45.96).

بەپێی ئەو ئەنجامانەبێت توێژەر لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە هەموو تەوەرەکان بەجیاوازو بەپێ کێشی ڕێژەیی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی سەرپەرشتیکردن هەیە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە، بەڵام بەرزترین نمرە بۆ بەرژەوەندی تەوەری ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی (ئابوری و مووچەو پلەبەرزکردنەوە) بە کێشی ڕێژەیی (**58.76**) پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەم جۆرە زۆرترین گرفت و هۆکاریش کە دێتەڕێ سەرپەرشتیاران لە پرۆسەری کاری سەرپەرشتیکردندا لایەن و کێشەی ئابووری و دۆخی ئێستایە کە وایکردووە سەرپەرشتیاران نەتوانن کارەکانیان بەباشی بەڕێوەببەن، هەروەها ئەمەش جیاوازە لەگەڵ هەریەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (أمبیض، 2014)، (ال مكي، 2011)، (أللخاوي، 2010).

**ئامانجی دووەم: دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە، بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی:**

**أ- ڕەگەز ( نێرو مێ)**

بۆزانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێورەی بە پێی ڕەگەز (نێرومێ) لای سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر پێوەری کێشەکانی سەرپەرشتیکردن دەرهێنا، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for two Independet samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ(نێرومێ)ی سەرپەرشتیاران بەپێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر برگەیەك،بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە، لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراوبریتی بوو لە (**0.831**)، بەنمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو.

خشتەی (13)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ)

| گروپ | نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 8 | 226.8 | 14.773 | 11 | **0.831** | 2.201 | بەڵگەدارنییە |
| مێ | 5 | 231.4 | 10.703 | | | | |

وەک لە خشتەی (13) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (0.831) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (2.201)، نمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی (نێرومێ) لە لای سەرپەرشتیارانەوە، لەبەرئەوە توێژەر پێی وایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕایی و لێک نیزیکی بینی سەرپەرشتیاران لە هەر دوو ڕەگەز بۆ کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ئەنجامی کارکردنیاندا کە ڕۆژانە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ هەریەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی ( أمبیض، 2014)، (أللخاوي، 2010).

## ب- بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)

بۆزانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێورەی بە پێی بڕوانامە (دبلۆم وبەکالۆریۆس) لای سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر پێوەری کێشەکانی سەرپەرشتیکردن دەرهێنا، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for two Independet samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (دبلۆم و بەکالۆریۆس) بۆ سەرپەرشتیاران بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك، بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە، لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (**1.22**)، بەنمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (14) خراوەتەڕوو.

خشتەی (14)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس)

| گروپ | نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| دبلۆم | 4 | 234.5 | 14.992 | 11 | **1.22** | 2.201 | بەڵگەدارنییە |
| بەکالۆریۆس | 9 | 223 | 9.8615 | | | | |

وەک لە خشتەی (14) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (1.22) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (2.201)، نمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی بڕوانامە (دبلۆم و بەکالۆریۆس) لە لای سەرپەرشتیارانەوە، لەبەرئەوەو بەم ئەنجامە توێژەر پێی وایە کێشەکانی سەرپەرشتیکردن کە سەرپەرشتیاران لە ئەنجامدا ڕۆژانە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە لە نێوان هەردووجۆری بڕوانامەکەدا کاریگەری نابیت و جیاوزای نییە، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ هەریەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی ( أمبیض،2014)، (أل مكي، 20011) (أللخاوي، 2010).

### ت- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for two Independet samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بۆ سەرپەرشتیاران بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك، بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە، لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (**0.2340**)، بەنمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (15) خراوەتەڕوو.

خشتەی (15)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی سەرپەرشتیرکردن بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

| گروپ | نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژهەڵات | 5 | 1.402 | 0.466 | 11 | **0.2340** | 2.201 | بەڵگەدارنییە |
| ڕۆژئاوا | 8 | 1.7 | 0.3 | | | | |

وەک لە خشتەی (15) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (**0.2340**) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (2.201)، نمرەی ئازادی (11) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە لای سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی بابەتەکەوە بۆ ئەو کێشانەی ڕوبەڕوویان دەبێتەوە لە ئەنجامی پرۆسەی سەرپەرشتیکرندا، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ هەریەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (أل مكي، 20011) (أللخاوي، 2010).

## ئامـانجی سـێیەم: دیـاریکردنی تـەوەرەو ڕێـژەی کێشـەکانی وانـەوتـنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە:

بەمەبەسـتی دیـاریکردنی تـەوەرەو ڕێـژەی کێشـەکانی وانـەوتـنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانـگەی مامۆسـتایانی پسـپۆڕەوە، تـوێژەر تـاقیکردنەوەی وەسـفی گونجـاوی بەکارهێنـاوە، لە ناوەنـدەژمێرەیی و لادانی پێـوەری و کێشیـ ڕێـژەیی و پـلە بـۆ هەر تەوەرێـک لە تەوەرەکـانی پێـوەری کێشـەکانی وتـنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتیەکان و نمرەی کۆی گشتی بڕگەکانی تەوەرەکان. وەك لە خشتەی (16) خراوەتەڕوو.

خشتەی (16)

خستنەڕووی ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و پلە بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە

| تەوەرەی کێشەکان | ژمارەی بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | کێشی ڕێژەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوبەرو کارگێری قوتابخانەوە | 21 | 1.651 | 0.374 | 33.02 | 8 |
| ستافی وانەوتنەوە. | 14 | 1.843 | 0.389 | 36.86 | 7 |
| بە خوێندکارانەوە. | 16 | 2.146 | 0.267 | 42.92 | 6 |
| بە باوک و دایکی خوێندکارانەوە | 7 | 2.308 | 0.094 | 46.16 | 5 |
| بە پرۆگرامی خوێندن (کتێب و بابەتەکانی ناوی) | 14 | 2.616 | 0.265 | 52.32 | 2 |
| بەسەرپەرشتیاری وانەکەوە | 8 | 2.318 | 0.138 | 46.36 | 4 |
| بە لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی | 5 | 2.568 | 0.147 | 51.36 | 3 |
| ئابوریی | 10 | **2.772** | 0.187 | **55.44** | 1 |

وەک لە خشتەی(16) خراوەتەڕوو بۆ کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە کە لە (8) تەوەرەو (95) بڕگە پێکهاتبوو بەپێی کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەرەی کێشەکان لە نێوان (55.44 بۆ33.02) لە نێوان بەرزترین بۆ نزمترینندایە، هەروەها بەپێی ناوەندەژمێرەیی لە نێوان (2.772 بۆ 1.651) لە بەرزترین بۆ نزمترینندایە، بەم شێوەیە ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ڕیزبەندی کێشەکان بەپێی پلەو ڕێژەی کێش، تەوەرەی کێشەکانی (ئابوری) بە پلەی یەکەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (**55.44**)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی کەتایبەتن (بە پرۆگرامی خوێندن -کتێب و بابەتەکانی ناوی) بە پلەی دووەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (52.32)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی تایبەت (بە لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی) بە پلەی سێیەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (51.36)، تەوەرەی کێشەکانی کە تایبەتن (بەسەرپەرشتیاری وانەکەوە) بە پلەی چوارەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (46.36)، دواتر تەوەرەی کێشەکانی تایبەت (بە باوک و

دایکی خوێندکارانەوە) بە پلەی پێنجەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (46.16)، تەوەرەی ئەو کێشانەی کە تایبەتن (بە خوێندکارانەوە) بە پلەی شەشەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (42.92)، تەوەرەی ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە (ستافی وانەوتنەوە) بە پلەی حەوتەم دێت بە کێشی ڕێژەیی (36.86)، تەوەرەی کێشەکانی کە پەیوەستن (بەڕێوبەرو کارگێری قوتابخانەوە)  لە پلەی هەشتەم و کۆتا دێت بە کێشی ڕێژەیی (33.02).

توێژەر لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت بەپێی ئەو ئەنجامانەبێت هەموو تەوەرەکان کاریگەریان بەجیاو بەپێ کێشی ڕێژەیی لەسەر پرۆسەی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان هەیە لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە، بەڵام بەرزترین نمرە بۆ بەرژەوەندی تەوەری کێشەکانی کە تایبەتن بە لایەنی (ئابوریی) کە بە بەرزترین کێشی ڕێژەیی (**55.44**) بە پلەی یەکەم دێت، بەمەش بەپێی وەڵامدانەوەی نموونی توێژینەوەکە زۆرترین گرفت و هۆکاریش کە هەیەو دێتەڕێی مامۆستایان لایەن و کێشەی ئابووری و دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانە کە مامۆستایان پێوەی گیرۆدەبوون کاریگەری تەواوی هەیە لە سەر بەجێ گەیاندنی ئەرک وپرۆسەی وانەوتنەوە، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ هەریەک لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (ساکر،2016)، (شحادة،2012)، (أبوفودة،2008).

**ئامـانجی چـوارەم: دیـاریکردنی تـەوەرەو ڕێـژەی کێشـەکانی وانـەوتـنەوەی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە، بەپێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی:**

**أ-  ڕەگەز (نێرو مێ)**

بۆزانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێورەی بە پێی ڕەگەز (نێرومێ) لای مامۆستیایانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر پێورەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for two Independet  samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ  (نێرومێ)ی مامۆستایان بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك، بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە،  لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (**4.080**)، بەنمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (17) خراوەتەڕوو.

خشتەی (17)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێرو مێ)

| گروپ | نموونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 110 | 115.7321 | 24.40914 | 376 | **4.080** | 1.984 | بەڵگەدارە |
| مێ | 268 | 103.0735 | 28.84867 | | | | |

وەک لە خشتەی (17) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (4.080) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.984)، نمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی (نێرومێ) بۆ بەرژەوەندی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر لە لای مامۆستایانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، توێژەر هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی ڕەگەزی نێر لە ڕووی ئەوکێشانەی کە لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕوبەروویان دەبێتەوە زۆترە بە بەراود بەوکێشانەی ڕووبەرووی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ دەبێتەوە تاڕادەیەک ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی مامەڵەو دەروونی و شێوازو جۆری وتنەوەی بابەتەکە لەڕوانگەی مامۆستای وانەکەوە، کە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (أبوفودة،2008).

### ب- بڕوانامە (ئامادەیی ودبلۆم و بەکالۆریۆس)

توێژەر بۆزانینی جیاوازی نمرەکانی لای مامۆستیایانی پسپۆڕ لەسەر پێوەری کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، بەبەکارهێنانی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (ANOVA) بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا نرخی بەهای (F) بریتی بوو لە (**0.2718**)، بەنمرەی ئازادی (375) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (18) خراوەتەڕوو.

خشتەی (18)
ئەنجامەکانی شیکاری یەک ئاراستە (ANOVA) بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی (F) | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 0.04294 | 2 | 0.02147 | 0.2718 | 0.613 | بەڵگەدارنییە 0.022 |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | 27.8044 | 375 | 0.07899 | | | |
| کۆی گشتی | 27.8474 | 377 | | | | |

وەک لە خشتەی (18) دا دەردەکەوێت بەهای (f)  (**0.2718**) و بەهای بەڵگەداری (**0.613**) بەنمرەی ئازادی (375) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لە بەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.613) گەورەترە لە لە بەهای (f) و ئاستی بەڵگەداری  بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەلگەداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی بڕوانامە لای مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێوەری کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، کەواتە بڕوانامەی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لە سەر پێوەری کێشەکانی وتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان، بەڕای توێژەر هۆکاری نەبوونی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هەرچەندە بڕوانامەشیان جیاوازبێت بەڵام بەهۆی ئەوئەزموونەی کەهەیانە لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا ئەمەش وادەکات ئەوکێشانەی کە لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە بەشێوەیکی گشتگیرەو ڕۆژانە مامۆستایان ڕووبەڕووی کێشەکان دەبنەوە، بەم جۆرە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (شحادة، 2012).

## ج-  پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test for two Independet samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك، بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە،  لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (**1.299**)، بەنمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (19) خراوەتەڕوو.

خشتەی (19)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

| گروپ | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژهەڵات | 136 | 1.063 | 0.439 | 376 | **1.299** | 1.984 | بەڵگەدارنییە |
| ڕۆژئاوا | 242 | 1.147 | 0.452 | | | | |

وەک لە خشتەی (19) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (**1.299**) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.984)، نمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە لای مامۆستایانی بابەتەکەوە بۆ وکێشانەی ڕووبەڕووی مامۆستیان دەبێتەوە لە ئەنجامی پرۆسەی وانەوتنەوەدا، کە ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (أبوفودة، 2008).

## د- قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)

بۆزانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکانی لای مامۆستایانی پسپۆری کۆمەڵایەتی لەسەر پێوەری کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەرهێنا، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی ( T-test for two Independet samples) بۆ دوونموونەی سەربەخۆی مامۆستایانی (حکومی و ناحکومی) بە پێی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەك، بە مەبەستی دیاریکردنی نرخی تائی بۆ هەردوگرووپەکە، لە ئەنجامدا نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بوو لە (**7.108**)، بەنمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی (20) خراوەتەڕوو.

خشتەی (20)
ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی تەوەرەو ڕێژەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)

| گروپ | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 350 | 108.8 | 26.3798 | 376 | **7.108** | 1.984 | بەڵگەدارە |
| ناحکومی | 28 | 71.6 | 30.066 | | | | |

وەک لە خشتەی (20) دا دەردەکەوێت بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (7.108) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.984)، نمرەی ئازادی (376) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی قوتابخانە (حکومی و ناحکومی) لای مامۆستایانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، توێژەی هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی قوتابخانە ناحکومییەکان لە ڕووی ئەوکێشانەی کە لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕوبەروویان دەبێتەوە کەمترە بە بەراود بەوکێشانەی ڕووبەرووی مامۆستایانی قوتابخانە حکومەیەکان دەبێتەوە چ لە ڕووی لایەنی ئابوری و یاخود لە سەرجەم ئەو پێویستیانەی بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە بەکاردێت ئەمەش لەبەرئەوەی قوتابخانە ناحکومیەکان فێرخوازبەپارە وەردەگرن ئەمەش وادەکات لە ڕووی پرۆسەی فێرکردنشەوە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازبن.

## دەرئەنجامەکان:

لە بەر ڕۆشنای ئەو ئەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.، توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە:

1- ڕیزبەندی تەوەرەی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە کەبریتین لە (بەڕێوبەرو کارگێڕی قوتابخانەوە، سەردانیکردنی قوتابخانەکانت، مامۆستایان، خوێندکاران، بە یاساو ڕێنماییەکانەوە، پرۆگرام و کتێبی خوێندن، ئابوریی و مووچەو پلەبەرزکردنەوە) کە بەرزترین کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەری ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی ( ئابوریی و مووچەو پلەبەرزکردنەوە) ئەم کێشەیە لە بەرزترین ئاستدایە.

2- نەبوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی کێشەکانی پرۆسەی سەرپەرشتیکردنەوە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەزی (نێرو مێ)، بڕوانامەی (دبلۆم و بەکالۆریۆس)، پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

3- ڕیزبەندی تەوەرەی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی پسپۆڕەوە کەبریتین لە (بەڕێوبەروکارگێڕی قوتابخانەوە، ستافی وانەوتنەوە، خوێندکاران، بە باوک و دایکی خوێندکارانەوە، پرۆگرامی خوێندن- کتب وبابەتەکانی ناوی، بەسەرپەرشتیاری وانەکەوە، بە لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی، ئابوریی) کە بەرزترین کێشی ڕێژەیی بۆ تەوەری ئەو کێشانەی کە تایبەتن بەلایەنی (ئابوریی) بەمەش ئەم کێشەیە لە بەرزترین ئاستدایە.

4- جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێرو مێ) کە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.

5- هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوەکانی بڕوانامەی (ئامادەیی و دبلۆم و بەکالۆریۆس)، پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

6- جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومییەکان) کە لەلایەن مامۆستایانی حکومی لە ئاستێکی بەرزدایە.

## ڕاسپاردەکان:

1- پێزانین و پێدانی مافی شایستەکانیان لەکاتی خۆیدا بە هەریەک لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە پای کارو ماندوو بونیانادا.

2- سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ڕێنمایکارو هاوکاری زیاتربن بۆ مامۆستایان لە چارەسەرکردنی هەرگرفتێک کە دێتەپێش لە قوتابخانەو پۆلەکاندا.

3- دابینکردنی هەمەجۆری و زۆرترین ئامرازو هۆکاری فێرکردن لە سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بەباشترین شێواز وانەکەی بگەینێت بە فێرخوازان.

4- کردنەوەی خولی ڕاهێنان و گەشەپێدانی مرۆیی بۆ مامۆستاو بەڕێوەبەر بەمەبەستی دروستکردنی زیاتری گیانی هاوکاری ومامەڵەی نەرم لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا.

5- باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی مامۆستایان و پتەوکردنی پەیوەندی پیشەیی لەناو سیستەمی قوتابخانەدا.

6- وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتیاران ومامۆستایان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئاشنابکات، ئەمەش بەکردنەوەی خولی ووَرک شۆپ و سیمنیاری بەردەوام بۆیان.

7- جێ بەجێکردنی سیستەمێکی ئاوێتە لەسیستمی مۆدێرن لە بورای پەروەردە و فێرکردن کە بگونجێت لەگەڵ ژینگەی قوتابخانەو توانای کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.

## پێشنیارەکان:

1- ئەنجامدانی توێژینوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەو بەڵام بەفراوانتر لەڕوی سنوری توێژینەوەکەو قەبارەی کۆمەڵگەکەیەوە بۆئەوەی گشتاندن و بەرچاوڕونی زیاتر لە دیاردەو کێشەکان بخرێنەڕوو.

2- هەڵسەنگاندنێکی وردوپسپۆڕی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوبەرێتی گشتی پەروەردە بۆهۆکاری دروستبوونی کێشەکانی وتنەوەی وانەی مامۆستایان و پرۆسەی سەرپەرشتیکردن.، لە مەبنای دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە بۆ چارسەرکردنی کێشەکان.

3- پێویتسە لە سەر وەزارەتی پەروەردە پەرەی زیاتربدات لە باشکردنی پرۆگرام و بابەتی کۆمەڵایەتی وەک وانەیەکی زیندووی سەردەم و بەهەندوەرگرتنی لە لایەن مامۆستای وانەکەو فێرخوازانەوە.

4- لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە هەوڵبدرێت بە شێوازی پراکتیکی لە وتنەوەی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەفێرخوازان و دابینکردنی خەرجی پێوستیەکان بۆوشێوازە.

5- پێویستە لەسەر خێزان و دایک و باوکی فێرخوازان هاوکاربن لە بەجێگەیاندن و تەواکردنی ئەڵقەی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان.

# لیستی سەرچاوەکان:

## بەزمانی کوردی:


- ئەمین، تەها محمد .(٢٠١٢). **گرفتەپەروەردەییەکان پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر**، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- باجەلان، محمود عبدالکریم .(٢٠١٧). **لە پێناو پەروەردەیەکی باشتر**، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر، بکر مستەفا .(٢٠٢٠). **ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونیەکان**، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- ــــــــــ .(٢٠٢٠). **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- پەتی، عمر ئیبراهیم عزیز .(٢٠١٤). **یەکەم کۆنفراسی پیشەیی و پەروەردەیی ئەنجومەنی مامۆستایانی پێشەنگ**، چاپخانەی شارستان، هەولێر.
- جاف، صباح علی .(٢٠١١). **پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆڕان.**
- جگەرسۆز، محمد صالح پێندرۆیی .(٢٠١٠). **مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- جەباری، عمر یاسین ئیبراهیم .(٢٠١٦). **دەرونزانی پەروەردەیی**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حسن، عبداللە .(٢٠١٢). **بنەماکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- حسن، ئاڤان عبداللە، محمد، نازنین عثمان، صدیق، ڕێژین ئومێد .(٢٠١٤). **بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
- خالید، ئێرتوغرول .(٢٠١٧). **ڕێبەری مامۆستا بەرەوسەرکەوتن، وەرگێڕانی**: دۆستی عثمان صیدق، چاپخانەی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی.
- رسوڵ، إبراهیم رسوڵ .(٢٠١٤). **دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە**، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- ــــــــــ .(٢٠١٧). **پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی**، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- سیوەیلی، ئیدریس .(٢٠١٤). **مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو**، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- سەعید، فایەق .(٢٠١٩). **دیداکتیک مۆدێل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی غەزەل نوس، سلێمانی.
- شواری، شنۆ یحیا .(٢٠١٣). **لە پەراوێزەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە**، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- شەمەیی، سۆلاف فائق .(٢٠٠٩). **شێوازەگشتیەکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

- طاهر، عمر معروف .(٢٠٠٨). **بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی،** چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عزیز، کریم أحمد .(٢٠١٤). **بنەماگشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- عەدەس، عبدالرحمن، ئەلقتامی یوسف .(٢٠١٣). **سایکۆلۆژیای پەروەردەی تیۆر و پیادەکردنی سەرەکیی،** وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- قادر، ڕەمەزان حەمەدمین .(٢٠١٤). **ڕێگا و شێوازە تیۆری و پراکتیکیەکانی وانەوتنەوە،** چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- قەرەچەتانی، کریم شریف .(٢٠١٤). **سایکلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە،** چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
- قەرەداغی، فوئاد .(١٩٩٩). **بابەتەکانی پەورەدەی نوێ،** ئەرکی لەچاپدان وەزارەتی ڕۆشنیری،سلێمانی.
- مام عبداللە، سامان .(٢٠٢١). **ڕێگاکانی گوتنەوەی وانەی ڕێنوس،** چاپخانەی ماڵی ڕاستی، هەولێر.
- محمد، حیدر .(٢٠١١). **مامۆستای سەرکەوت و لەکەسایەتی و کاری پیشەیدا،** چاپخانەی منار، هەولێر.
- محمد، کاوە علی .(٢٠١٩). **هونەری وانەوتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل**، چاپکردنی تاران.
- وەیسی، مجید کاکە .(٢٠٠٨). **باسێک لەبنەمای پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵگای پێشکەوتوو،** چاپخانەی خانی، دهۆک.

## گۆڤار و نوسراوە فەرمییەکان:

- أحمد، انور اورحیم صالح .(٢٠٠٩). **کورتەیەک لە مێژووی یەکەی سەرپەرشتی کردن**، گۆڤاری ڕێنوار، ژمارە(٠)، ساڵنامەیەکی پەروەردەیی گشتییە یەکەی سەرپەرشتکردنی بنەڕەتی/ مەڵبەندی سلێمانی.
- حەمەد، یوسف عثمان .(٢٠٠٦). **کارامەیی لە وانەوتنەوەدا،** گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە، ژمارە ٦٧، هەولێر.
- ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی .(٢٠١٢). **خوێندن و لاوان،** ساڵی ٣١، ژمارەی ٦٩٨.
- کاکەڕەش، ئومێد .(٢٠٠٩). **کورتەیەک لە مێژووی یەکەی سەرپەرشتی کردن**، گۆڤاری ڕێنوار، ژمارە(٠)، ساڵنامەیەکی پەروەردەیی گشتییە یەکەی سەرپەرشتکردنی بنەڕەتی/ مەڵبەندی سلێمانی.
- گۆڤاری پەروەردەو فێرکردن .(٢٠٠٨). **شێوازو ڕێگەکانی وانەوتنەوە،** سەرنوسەر، ئەحمەد محمد قەرەنی، ژمارە٢، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
- لێبلانک، ریچارد .(٢٠٠٨). **وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ١٠ پێداویستی سەرەکی،** وەرگێڕانی: هیمداد عبدالقادر محمد، گۆڤاری پەروەردەو فێرکردن، ژمارە٢، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- نوسراوی فەرمی ژمارە (١٠٠٩٠) لە .( ١٥-٥-٢٠٢٢). بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی.
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ،أ، .(٢٠١٩). **ڕێبەری سەرپەرشتیارانی هاوڕێی ڕەخنەگر بنیادنای تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی- باشکردنی کوالێتی و یەکسانی،** ئەم پرۆژەیە پشتگیری دەکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی ڕۆشنبیری بەڕیتانی، یەکێتی ئەوروپاوە.
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ،ب، .(٢٠١٩). **ڕێبەرێك بۆ قوتابخانە و سەرپەرشتیاران لەبارەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی و پلانی پەرەپێدانەوە بە بەکارهێنانی ستانداردەکانی قوتابخانەکان،** بریتیش کونسول، ئەم پرۆژەیە پشتگیری دەکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی ڕۆشنبیری بەڕیتانی، یەکێتی ئەوروپاوە.
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ،ج، .(٢٠١٩). **ڕێبەری بەڕێوبەرانی سەرکردە بنیادنای تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی- باشکردنی کوالێتی و یەکسانی،** ئەم پرۆژەیە پشتگیری دەکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی ڕۆشنبیری بەڕیتانی، یەکێتی ئەوروپاوە.

## بەزمانی عەرەبی:

- قورئان پیرۆز.
- أبوأسعد، إحمد عبدالطيف، الصرايرة، أسماء نايف .(٢٠١٠). **مشكلات طفل الروضة،** مكتبة الفلاح، دار حنين، عمان.
- أبوالحاج، سهام احمد، المصالحة، حسن خليل .(٢٠١٦). **استراتيجيات التعلم النشط أنشطة وتطبيقات عملية،** مطبعة ديبونو، عمان. الأردن.
- أبوشريخ، شاهر .(٢٠٠٨). **استراتيجيات التدريس،** المطبعة المعتز، عمان الأردن.
- الأسدي، سعيد جاسم، أبراهيم، مروان عبدالمجيد .(٢٠٠٣). **الإشراف التربوي،** مطبعة دار الثقافة،عمان.
- أسعد، فرح أيمن .(٢٠١٨). **المعلم الناجح فى التربية و التدريس،** مطبع دارابن النفيس، عمان.
- الحريري، رافدة عمر .(٢٠١٠). **طرق التدريس بين التقليد والتجديد،** دار الفكر، عمان.
- الحريري، رافدة عمر ، رجب، زهرة .(٢٠٠٨). المشكلات السلوكية النفسية والتربوية لتلاميذ المرحلة الابتدائية، دار المناهج، عمان- الاردن.
- حسين، سلامة عبدالعظيم،عوض الله، سليمان، عوض الله .(٢٠٠٦). **اتجاهات حديثة في الإشراف التربوي،** مطبعة مكتبة الوطنية، عمان.

- حمدان، زياد محمد .(١٩٨٥). **تطوير المنهج مع استراتيجيات تدريسه ومواده التربوية المساعده،** المطبوعة دار التربية الحديثة، الأردن.
- الحيلة، محمد محمود .(٢٠٠١). **طرائق التدريس واستراتيجياته،** دار الكتاب الجامعي العين، الإمارات.
- خاطر، نصري ذياب، سبيتان، فتحي ذياب .(٢٠١٠). **أساليب وطرائق تدريس الاجتماعيات،** دار الجنادرية، عمان- الأردن.
- خضر، فخري رشيد .(٢٠٠٦). **طرائق تدريس الدراسات الإجتماعية،** دار المسيرة، عمان.
- الخطيب، رداح، الخطيب، أحمد، الفرح، وجيه .(١٩٩٨). **الإدارة والإشراف التربوي اتجاهات حديثة،** مطبعة دار الأمل، الاردن.
- خليل، عماد إبراهيم .(٢٠١٢). **الإشراف التربوي المعاصر،** كلية العلوم، الجمعة الزقازيق، ميصر.
- دعمس، مصطفى نمر .(٢٠١١). **استراتيجيات تطوير المناهج وأساليب التدريس الحديثة،** مطبعة دار غيداء، عمان.
- زايد، فهد خليل .(٢٠١٣). **فن الإشراف والتوجيه الحديث،** مطبعة دار يافا، عمان.
- السبيل، مضاوي علي محمد .(٢٠١٣). **الإبداع في الإدارة المدرسية والإشراف التربوي – عنيزة،** أردن.
- السكران، محمد أحمد .(٢٠٠٢). **أساليب تدريس الدراسات الإجتماعية،** مطبع دار الشروق، عمان- الاردن.
- سلامة،عبد الحافظ و وائل أبومغلي .(٢٠٠٢). **الإحصاء في التربية،** دار اليازوري العلمية للنشروالتوزيع، عمان.
- الشهري، خالد بن محمد .(٢٠١٣). **المعلم الناجح دليل عملي المعلم،** تعليمنا، موقع تعليمنا.. لتطوير التعليم.، مدونة بوح قلمي.
- صيلوو، سهى نونا .(٢٠٠٥). **الإشراف والتنظيم التربوي،** مطبعة دار الصفاء، عمان.
- طافش، محمود .(٢٠٠٤ ). **الإبداع في الإشراف التربوي والإدارة المدرسية،** مطبعة، دار الفرقان، عمان.
- العاجز، فؤاد علي، حلس، داود درويش .(٢٠٠٩). **دليل المشرف التربوي لتحسين عمليتي التعليم والتعلم،** الجامعة الاسلامية، غزة.
- عبدالرحمن، أنورحسين، عدنان، حقى شهاب .(٢٠٠٧). **الانماط المنهجية و تطبيقاتها في العلوم لانسانييه و التطبقية،** شركة الوفاق، بغداد.
- عبدالسميع، مصطفى، وحولة، سهير محمد .(٢٠٠٥). **إعداد المعالم تنميه وتدريبه،** دارالفكر، عمان.
- عبدالهادي، جودت عزت .(٢٠٠٢). **ألإشراف التربوي مفاهيمه و أساليب،** دار الثقافة النشر، عمان.
- عطوي، حودة عزت .(٢٠٠١). **الإدارة التعليمية والإشراف التربوي،** دار الثقافة النشر، عمان.

- علام، صلاح الدين محمود .(٢٠٠٧). **القياس و التقويم التربوي و النفسي اساسياتة و تطبيقاته و توجيهاتة المعاصرة**، دار الفكر العربي – القاهرة.
- علي، محمد سيد (٢٠١١): اتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج وطرق التدريس، الطبعة الأولى، دار المسيرة، عمان.
- عودة، بلال أحمد .(٢٠٠٩). **الإشراف فى التربيه الخاصة**، مطبع دارالشروق، عمان.
- العوران، إبراهيم عطا الله .(٢٠١٠). **الإشراف التربوي ومشكلاته**، دار يافا، عمان.
- فيفر، ايزابيل، دنلاپ، جين .(٢٠٠١). **الإشراف التربوي على المعلمين دليل لتحسين التدريس**، ترجمة، ديراني، محمد عئد، الطبعة الثالثة، منشورة الجمعة الأردنية، عمان.
- القصاص، مهدي محمد .(٢٠٠٧). **"مباديء الأحصاء والقياس الأجتماعي"**، جامعة ملك الفيصل، السعودية.
- قطاوى، محمد ابراهيم .(٢٠٠٧). **طراق تدريس الدراسات الاجتماعية**، المطبعية دار الفكر.
- كشرود، عمار الطيب .(٢٠٠٧). **البحث العلمي ومناهجه في العلوم الأجماعية والسلوكية**، دار المناهج للنشر- عمان.
- مدانات، أوجيني .(٢٠٠٢). **الإشراف التربوي لتعليم أفضل**، برزة كمال، دار مجدلاوي، عمان.
- مرعي، توفيق أحمد، الحيلة محمد محمود .(٢٠٠٢). **طرائق التدريس العامة**، المطبعية، دار المسيرة، عمان.
- نبهان، يحيى محمد .(٢٠١٢). **مهاراة التدريس**، المطبعة دار اليازوري، الأردن.

## نامەی ماستەرو دکتۆراو توێژینەوە زانستییەکان:

- أبو شملة، كامل عبد الفتاح .(٢٠٠٩ ). **فعالية بعض الأساليب الإشرافية في تحسين أداء معلمي مدارس وكالة الغوث بغزة من وجهة نظرهم وسبل تطويرها**، رسالة ماسجتير، قسم أصول التربية، الإدارة التربوية في الجامعة الإسلامية – غزة.
- أبوفودة، أحمد سعيد عمر .(٢٠٠٨). **مشكلات معلمي الصف في المدارس الحكومية بمحافظات غزة وسبل الحد منها**، رسالة ماجستير، كلية التربية قسم أصول التربية – إدارة تربوية، الجامعة الإسلامية – غزة.

- ألأبيض، عادل بعد المعطي، الرويلي، سعود بن حبيب .(٢٠١٦). **دراسة لبعض أنماط الإشراف التربوي الحديثة كما يدركها المعلمون وعلاقتها بالدافعية الذاتية لديهم**، بحث العلمى، عدد التاسع، مجلة العلوم التربوية، كلية التربية والآداب - جامعة الحدود الشمالية.
- أل مكى، عواطف بنت إبراهيم بن على .(٢٠١١). **المشكلات الإدارية في مكاتب الإشراف التربوي ومواجهتها في ضوء مدخل التطوير التنظيمي بسلطنة عمان،** رسالة ماجستير، تخصص الإدارة تعليمية، قسم التربية والعلوم الأنسانية، كلية العلوم والأداب، جامعة نزوى، عمان.
- أمبيض، يسرى زياد صالح .(٢٠١٤). **دور المشرف التربوي في تحسين أداء المعلمين في مدارس القدس الحكومية من وجهة نظر المعلمين والمديرين،** رسالة ماجستير، الإدارة التربية، بكلية الدراسات العليا، جامعة بيرزيت، فلسطين.
- أللخاوي، أحمد عبد الجليل .(٢٠١٠). **معوقات الإشراف التربوي في المرحلة الابتدائية في مدارس وكالة الغوث الدولية وسبل التغلب عليها،** رسالة الماجستير،قسم أصول التربية- الإدارة التربوية في كلية التربية- الجامعة الإسلامية بغزة.
- التراب، منصور بدران محمد .(٢٠١٩). **دور الاشراف التربوي في التعامل مع المشكلات التى تواجه معلمي التربية الخاصة في دولة الكويت،** رسالة ماجستير، كلية العلوم التربوية، قسم الأدارة التربوية والأصول، جامعة ال بيت، كويت.
- الجميل، عبدالله حمود حمد.(٢٠٠٨). **دور الإشراف التربوي في تمهين التدريس تصور مقترح،** أطروحة الدكتوراه، كلية دراسات العليا، قسم المناهج وطراق التدريس، جامعة أم القرى- مكة المكرمة، سعودية.
- الحاج، سمر عبدالرزاق محمد .(٢٠٢٠). **واقع تطبيق ألإشراف التربوي التطوير في مدارس الأونروا بمحافظات غزة وسبل تحسينة،** رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم إدارة تربوية، جامعة ألأقصى، غزة.
- الحسين، محمد ابراهيم طاهر .(١٩٨٧). **مشكلات تدريس مادة الجغرافية في مرحلة الدراسة المتوسطة من وجهة نظر مدرسيها وحلهم المقترحة لها،** رسالة ماجستير، كلية التربية في جامعة بغداد.
- حمد، محمد مصطفى عبدالرحمن .(٢٠٠٧). **تصور مقترح لتطوير أداء مشرفي التربية العملية بكليات التربية بالجامعات الفلسطينية،** رسالة ماجستير، كلية التربية قسم أصول التربية/ الأدراةالتربوية،الجامعة الاسلامية- غزة. فلسطين.
- رمانة، نبيل سليمان .(٢٠٠٤). **واقع وتطلعات الإشراف التربوي لصفوف المرحلة الأساسية الأولى في مدارس وكالة الغوث في منطقة القدس من وجهة نظر المعلمين والمديرين والمشرفين التربويين،** رسالة ماجستير ، كلية دراسات العليا، جامعة بيرزيت، فلسطين.

- ساكر، أميرة .(٢٠١٧). **الصعوبات التي يواجهها معلمو المرحلة الابتدائية في إدارة الصّف الدارسي دارسة ميدانية بالمدارس الابتدائية بدائرة سيقوس،** رسالة ماجستير، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي.
- السبيعي، فهيد محسين .(٢٠١١). **المشكلات التدريسية التي تواجه معلمي الإعاقة البصرية في دولة الكويت من وجهة نظر المعلمين والموجهين،** رسالة ماجستير، كلية العلوم التربوية، قسم المناهج وطراق التدريس، جامعة الشرق الأوسط، كويت.
- سفر، صالحة بنت محمد بن جعفر .(٢٠٠٨). **الأشراف التربوي عن بُعد بين الأهمية والممارسة ومعوقات استخدام،** رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم المناهج والطرق التدريس، جامعة أم القرى، الملكة العربية السعودية.
- سيولي، ئيدريس محمد محمود .(٢٠١٢). **تقويم المهارات التدريسية لدى مدرسي المواد الجتماعية في الحلقة الثانية من التعليم الأساسي في محافظة بكردستان العراق،** رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم المناهج والطرائق التدريس، جامعة الجنان، لبنان.
- شحادة، رنين أحمد صالح .(٢٠١٢). **درجة المشكلات التي تواجه معلمي المدارس الحكومية الأساسية المختلطة في شمال الضفة الغربية،** رسالة ماجستير، الإدارة التربية، بكلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.
- الشمري، مبارك زين أنغيمش .(٢٠١٩). درجة ممارسة معلمي التاريخ قي الأردن لمبادئ لتدريس الفعال من وجهة نظر المعلمين والمشرفين التربويين، رسالة ماجستير، كلية العلوم التربوية، قسم المناهج والتدريس، جامعة آل بيت، الأردن.
- عبدالكاظم، محمود، حمزة، جواد، مسلم، كاظم .(٢٠١٢). **المشكيلات التي تواجه طلاب معهد إعداد معلمين في كربلاء أثناء مدة التطبيق،** بحث العلمى، أهل البيت، عدد الرابع عشر، عيراق.
- عطا الله، أحمد عبدالبارى أحمد .(٢٠١١). **الممارسات الإشرافية الإبداعية لدى المشرفين التربويين كما يراها معممو مدارس وكالة الغوث الدولية بغزة،** رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم أصول التربية، جامعة ألأزهر، غزة.
- عكيشي، نور الهدى .(٢٠١٤). **المكانة الإجتماعية للمعلم ودورها في العملية التربوية دراسة ميدانية لبعض ابتدائيات بلدية ورماس ولاية الوادي،** رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية و الإنسانية قسم العلوم الاجتماعية، جامعة الوادي، بلدية ورماس ولاية الوادي.

- العكر، نجلاء السيد عبدالحميد .(٢٠٠٨). **دور الإشراف التربوي في التغلب على المشكلات التي تواجه معلمي التكنولوجيا والعلوم التطبيقية بمدارس محافظات غزة**، رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم أصول التربيية الإدارة التربوية، جامعة الإسلامية، غزة.
- العمراني، فواد سليمان، سلامة، كايد، مصطفى، انتصار .(٢٠١٧). **المشكلات التي تواجه المعلمين في مدارس النقب الثانوية من وجهة نظر مديري المدارس والمعلمين أنفسهم**، البحث العلمي، مجلة الجامعة الاسلامية الدراسات التربوية والنفسية، عدد ٢٦/ ٢٠١٨، قسم الإدارة التربوية كلية التربية جامعة اليرموك الأردن.
- الغول، صابرين أديب يونس .(٢٠١٠). **مستوى جودة كتاب التاريخ المقرر على الصف التاسيع الأساسي من وجهة نظر مشريفي ومعلمى التاريخ في محافظات غزة**، رسالة ماجستير، كلية التربية قسم المناهج والطرق التدريس، جامعة الإسلامية، غزة.
- القاسم، بديع محمود مبارك، الزبيدي، محمود عبدالكريم جاسم .(٢٠٠٩). **الإشراف التربوي والاختصاصي في العيراق الوقع والأفاق**، بحث العلمي، دراسات التربوية، العدد الخامس.
- القفعي، خميس بن عبدالرحمن بن خميس .(٢٠١١). **الاحتياجات التدريبية المشرف التربوي في مجتمع المعرفة**، رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم المناهج والطرق التدريس، جامعة أم القرى، الملكة العربية السعودية.
- اللباد، جميلة سالم مفتاح .(٢٠٢١). التنمية بين العلوم الاجتماعية والوعي الاجتماعي، بحث العلمى، المؤتمر العلمي الثالث لكلية الآداب جامعة الزاوية.
- لهلوب، ناريمان يونس يحى .(٢٠٠٨). **درجة فاعلية عملية الإشراف التربوي في المدارس الثانوية العامة في الأردن**، أطرحة دكتورا، كلية الدراسات التربوية العليا، جامعة عمان.الأردن.
- محمد، عبدالصمد احمد .(٢٠١٢). **المشكلات التدريسة التى تواجه أعضاء هيئة التدريس في جامعات إقليم كردستان - العيراق، مقارنة مع معهد العلوم الإجتماعية في الجامعة اللبنانية**، أطروحة الدكتوراه، كلية التربية، قسم الأرشادو توجه التربوي، جامعة، الجنان، لبنان.
- المقيد، عاهد مطر حسين .(٢٠٠٦). **واقع الممارسات الإشرافية للمشرفين التربويين بوكالة الغوث بغزة في ضوء مبادئ الجودة الشاملة وسبل تطويره**، رسالة، ماجستير، أصول التربية قسم الإدارة التربوية، الجامعة الإسلامية – غزة.
- يونس، نزيه، حسن .(٢٠٠٩). **توضيف تخطيط ستراتيجى في تطوير الاشراف التربوي في محافظات غزة**، كلية التربية قسم أصول التربية/ الأدراةالتربوية، الجامعة الاسلامية- غزة، فلسطين.

## به زمانی ئینگلیزی:


- Ogunsanju, Segun .(1983). *Educational supervisions, perspective and practice in Nigeria*. Ile-Ife: University of Ife Press.

- Olorode, O.A., & Adeyemo, A.O .(2012). EDUCATIONAL SUPERVISION: CONCEPTS AND PRACTICE WITH REFERENCE TO OYO STATE, NIGERIA.

- Rajagopalan, I .(2019). Concept of teaching. *Shanlax International Journal of Education*, *7*(2), 5–8. https://doi.org/10.34293/education.v7i2.329

- Ramadan, Mohamed & Aleksandrovna, Ekaterina .(2018). THE ESSENCE OF LEARNING PROBLEMS AND WAYS TO OVERCOME THEM FOR MODERN STUDENTS.

- Senge J .(2000). Schools that learn, DoubleDay publishing group New York

- Sequeira, A.H. .(2012). Introduction to Concepts of Teaching and Learning. SSRN. 10.2139/ssrn.2150166.

# پاشکۆکان

## باشکۆی (1)

## نوسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی (پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani
college of Basic Education

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

خۆیی
Personnel

ژمارە: ٧/٢٩/ ٤٧٨
ڕێکەوت: ٣/ ٢/ 2022
ڕاسنکوردی 2721 / /

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

ب / پشتگیری

سڵاوی زانست /

پشتگیری بەڕێز (باجەلان عمر محمود) بە ناونیشانی (توێژەر) لە کۆلیجەکەمان دەکەین و بەردەوامە لە خزمەت و لەسەر داوای خۆی ئەم پشتگیرییەمان بۆ کردووە بە مەبەستی پێدانی داتا و زانیاری بۆ توێژینەوەکەی کە خوێندکاری خوێندنی باڵا/ ماستەرە لە کۆلیجەکەمان هاوکاریتان جێگای ڕێزدا.

لەگەڵ ڕێزدا .....

پ .د. علی قادر عثمان
ڕاگر بە وەکالەت

(E POST)

وێنەیەک بۆ/

- نووسینگەی ڕاگر/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی یاریدەدەری ڕاگر/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- بەشی تۆمار / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دوسیەی نووسراوی دەرکردە .

دەتاو

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجـــومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی<br>بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات<br>کارگێڕی و خزمەتگوزاری | IRAQI KURDISTAN REGION<br>COUNCIL OF MINISTERS<br>MINISTRY OF EDUCATION | إقليم كوردستان - العراق<br>مـجلس الوزراء<br>وزارة التربيـــة<br>المديرية العامة لتربية السليمانية<br>مديرية تربية / رۆژهەڵات<br>الادارة و الخدمات |

ژمارە : ٢٩٩١ العـدد :

بەروار ٢٨/ ٣ / ٢٠٢٢ زایینی التاريخ : / / ٢٠٢٢

**بۆ/ سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەکەمان**

**بابەت/ گشتاندن**

هـــاوپێچ لەگەڵ نوسراوماننـــدا وێـــنەیەک لە نـــوسراوی بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی ســـلێمانی / بەڕێـــوەبەرێتی پلانـــدانانی پەروەردەیی ژمـــارە (٤١٢١ لە ١٦/٢/٢٠٢٢) دەنـــێرین ، بفەرمـــوون بە هاوکـــاریکردنی بەڕێـــز (باجەلان عمـــر محمـــود) خوێنـــدکاری ماســـتەر لە کـــۆلێژی پەروەردەی بـــنەڕەت بەشی (زانســـتە کۆمەڵایەتیەکـــان ) بەمەبەســـتی وەرگـــرتن و کـــۆکردنەوەی زانیـــاری (داتـــا) بـــۆ تـــوێژینەوەکەی بە ناونیشـــانی (کێشـــەکانی سەربەرشـــتیکردن و وتـــنەوەی بـــابەتە کۆمەڵایەتیەکـــان لە ڕوانگەی سەربەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە ) بەڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی .

لەگەڵ ڕێزدا ......

هاوپێچ//

- نوسراوی ژمارە (٤١٢١ لە ١٦/٢/٢٠٢٢)

تریفە محمد عبداللە
بەڕێوەبەر

وێنەیەك بۆ //

- کارگێڕی و خزمەتگوزاری .
- یەکەی سەربەرشتیکردنی پەروەردەیی بنەڕەتی ڕۆژهەڵات ، بفەرموون بە هاوکاریکردنی ناوبراو ، لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەرشیف .

ناونیشان : بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات/شەقامی سابونکەران/ پشت بنکەی تەندروستی ئیبراهیم پاشا/ ژ. ت.کارگێڕی :(٣٢٠٣٩٤٣)

بەرهەم اکرم

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوبەرێتی پەروەردەی رۆژئاوا
[ هۆبەی پلانی پەروەردەیی ]

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية تربية روذئاوا
شعبة تخطيط تربوى

ژمارە : ٦٠٩٩
ڕێکەوت: ٢٩/٣/ 2022
2720 کوردی

العدد: /
التأريخ: / / 2022

بۆ / سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتی یەکان/ پەروەردەی رۆژئاوا
ب / ڕێگاپێدان

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا دەقی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی/ب.پلاندانان ، زانیاری ژمارە (4121) لە 2022/2/16 ، دەنێرین بۆتان ، ناوەڕۆکی نوسراو کاری پێویست بۆ بکرێت .
لەگەڵ رێزدا..................

➢ نوسراوی ژمارە 4121 بەروار 16 / 2 /2022 .

بکر محمد محمود
بەڕێوەبەری پەروەردە

وێنەیەک بۆ//
- بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردە لەگەڵ رێزدا....
- یەکەی سەرپەرشتیاری بنەرەتی .
- پلاندانان .
- خۆیەتی و میلاک ........ خەرمان.
- ڕاگەیاندن .
- خولاو .

Kurdistan Region-sulaymaniyah - salm Street
Phone: 0533189962
plan.rojawa@gmail.com
هەرێمی کوردستان- سلێمانی- شەقامی سالم
تەلەفون: ٠٥٣٣١٨٩٩٦٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ. پەروەردەی سلێمانی
ب. پلاندانانی پەروەردەیی

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية التخطيط التربوي

ژمارە: ٦٧٨٣ /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد: /
التاريخ ٢٠٢٣/٣/٣١

بۆ/ سەرجەم قوتابخانە ناحکومیەکانی پەروەردەی ( ڕۆژهەلات ، ڕۆژئاوا)

بابەت / ڕێگە پێدان

داواکاین لە بەڕێزتان هاوکاری بەڕێز ( باجەلان عمر محمود ) خوێندکاری ماستەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بکەن بە مەبەستی سەردانکردنی خوێندنگەکانی بنەڕەتی بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری (داتا) بۆ توێژینەوەکەی بە ناونیشانی ( کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە ) بە ڕەچاوکردنی خۆپارێزی.

لەگەڵ ڕێزدا .....

دڵشاد عمر محمد کریم
بەڕێوەبەری گشتی

(E POST)

وێنەیەک بۆ:-

- بەڕێز یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی
- بەڕێز سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی
- بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی و دڵنیایی جۆری
- بەڕێوەبەرێتی پلاندانانی پەروەردەیی
- هۆبەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە
- ئەرشیف

لەگەڵ ڕێزدا ...

هەرێمی کوردستان- سلێمانی- شەقامی سەروەردی
تەلەفون: ٠٥٣٣١٩٢٠٧٠
www.suliparwarda.com
Kurdistan Region- sulaimaniyah- sarwary street
phone : 0533192070

باشکۆی (2)
نوسراو بۆ بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ. پەروەردەی سلێمانی
ب. پلاندانانی پەروەردەیی

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية التخطيط التربوي

ژمارە: ٢١ / ٢١ /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد: /
التأريخ: ٦ / ٦ / 2022

بۆ/ بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری

بابەت/ ڕێگەپێدان

داواکارین لە بەڕێزتان هاوکاری بەڕێز ( باجەلان عمر محمود ) خوێندکاری ماستەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی بکەن بە مەبەستی سەردان کردنی خوێندنگەکانی بنەڕەتی بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری (داتا) بۆ توێژینەوەکەی بە ناونیشانی (کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە ) بە ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی.

لەگەڵ ڕێزدا ...

دڵشاد عمر محمد کریم
بەڕێوەبەری گشتی

(E POST)

وێنەیەک بۆ/
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی
- بەڕێز یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی
- هۆبەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە
- بەڕێوەبەرێتی پلاندانانی پەروەردەیی
- ئەرشیف

بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا

هەرێمی کوردستان- سلێمانی- شەقامی سەروەردی
تەلەفوون: 0533192070
www.suliparwarda.com
Kurdistan Region- sulaimaniyah- sarwary street
phone : 0533192070

پاشکۆی (3)

فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی بۆ کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**

**بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

**خوێندنی باڵا - ماستەر**

**سڵاوێکی گەرم.....**

توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی **(کێشەکانی سەرپەرشتکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە)**، بەئامانجی دیاریکردنی ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی ئێوەی سەرپەرشتیاری بەڕێز دەبێتەوە ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەولێهاتووییە پەروەردەییەی کە بەڕێزتان هەتانە لەم بوارەدا بۆ داواکارین هاوکارمانبن لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا.

هاوکاریتان لە ڕێگەی ئەو وەڵامانەوە کە دەینوسن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە هیوادارین کە جێگەی بایەخ و گرنگی بەڕێزتان بێت.

لەگەڵ ڕێزی...

**سەرپەرشتیار**

**پ.د. صابر بكر مصطفى**

**توێژەر**

**باجەلان عمر محمود**

**یەکەم: ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە لایەنی کارگێری و بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانانەوە کە سەردانیان دەکەیت:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**دووەم: ئەو کێشانەی کە دێتەڕێتان لەکاتی سەردانییە مەیدانیەکانتاندا بۆ قوتابخانەکان:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**سێیەم: ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە مامۆستای بابەتەکەوە:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**چوارەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە خوێندکارانەوە بە مامۆستای پسپۆڕ چارەسەرنەکراوە و بەڕێزتان هەوڵی چارەسەرکردنیتان داوە یاخود چارەسەرتانکردووە:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**پێنجەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە یاسا و ڕێنماییەکانەوە کە ئێستا بەرکارن و پێتوایە پێویست ئەکات گۆڕانکاریان تێدابکرێت:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**شەشەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە پرۆگرامی خوێندنەوە( کتێب و بابەتەکانی ناوی):**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

**حەوتەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی ئابورییەوە (موچە و دەرماڵە و ئیفادو...) کەڕوویانداوە و ئەگەری دووبارە بوونەوەیان هەیە:**

.............................................................................................................................................

......................................................................................................

پاشکۆی (4)

فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی بۆ کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستیانی پسپۆڕەوە

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**

**بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

**خوێندنی باڵا - ماستەر**

**سڵاوێکی گەرم.....**

توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی **(کێشەکانی وانەوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستیانی پسپۆڕەوە)**، بەئامانجی دیاریکردنی ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی ئێوەی مامۆستایانی بەڕێز دەبێتەوە ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەولێهاتوویە پەروەردەیی وانەوتنەوەیەی کە بەڕێزتان هەتانە لەم بوارەدا بۆیە داواکارین هاوکارمانبن لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا.

هاوکاریتان لە ڕێگەی ئەو وەڵامانەوە کە دەینوسن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە هیوادارین کە جێگەی بایەخ و گرنگی بەڕێزتان بێت.

لەگەڵ ڕێزی...

**سەرپەرشتیار**

**پ.د. صابر بکر مصطفی**

**توێژەر**

**باجەلان عمر محمود**

**یەکەم: ئەو کێشانەی کە ڕەنگەڕووبدەن و پەیوەستن بە بەڕێوبەر و کارگێری قوتابخانەوە،گرنگ نییە کام لاهۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکانن:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**دووەم: ئەو کێشانەی کە لەگەڵ ستافی وانەوتنەوەدا ڕوویانداوە یاخود ئەگەری ڕوودانییان هەیە:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**سێیەم: ئەو کێشانەکامانەن کە پەیوەستن بە خوێندکارانەوە لە نێوان هۆڵەکانی خوێندندا یان دەروەی خوێندنگەدا:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**چوارەم: ئەو کێشانە چین کە پەیوەندن بە باوک و دایکی خوێندکارانەوە تا ئێستا ڕووبەڕووت بونەتەوە یان ڕووبەڕووی مامۆستایەکی هاوکارت بوونەتەوە:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**پێنجەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە پرۆگرامی خوێندنەوە و بەپێی ئەزموونی بەڕێزتان درکتان پێکردووە:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**شەشەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە سەرپەرشتیاری وانەکەوە یان بەتێکڕای پرۆسەی سەرپەرشتی کردنەوە:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**حەوتەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی ژیانی تایبەتی بەڕێزتانەوە:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

**هەشتەم: ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە لایەنی ئابورییەوە لەبار و ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستاندا:**

.........................................................................................................................................

....................................................................................................

پاشکۆی (5)

لیست و ڕیزبەندی ناوی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی برگەکانی هەردوو فۆڕمی ڕاپرسی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

| ڕیزبەندی | ناوی مامۆستا | پسپۆڕی | نازناوی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جواد نعمت حسين | پەروەردەی هونەر | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | رشدي علي ميرزا | دەروونزانی کلینیکی | پرۆفیسۆر | سلێمانی |
| 3 | سولاف فائق محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانست | پرۆفیسۆر | سلێمانی |
| 4 | كاوه علي محمد | ڕێگای وانەوتنەوەی گشتی | پرۆفیسۆر | کۆیە |
| 5 | مولود حمد نبي | پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی | پرۆفیسۆر | دهۆک |
| 6 | نظام عبدالجبار حسين | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | سلێمانی |
| 7 | أحمد علي حمه بابان | پەروەردەی کۆمەڵایەتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| 8 | أيوب خسرەو نادر | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| 9 | پۆلاعبدالصمد محمود | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕاپەڕین |
| 10 | جوان نوري رسول | دەرونزانی کەسایەتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆیە |
| 11 | خالدإسماعيل مستەفا | فەلسەفەی پەروەردە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆیە |
| 12 | سرمد صلاح محي الدين | فەلسەفەی پەروەردە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | گەرمیان |
| 13 | سلوى احمد امين | پێوانەو هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەلاحەدین |
| 14 | عبدالصمد أحمد محمد | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سلێمانی |
| 15 | فرهاد علي مصطفى | ڕێگەکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەلاحەدین |
| 16 | كريم احمد عزيز | ڕێگەکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | گەرمیان |
| 17 | تانيا نورالدين صابر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | مامۆستا | سەلاحەدین |
| 18 | زانا عثمان ناصر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | مامۆستا | چەرمۆ |
| 19 | شوان فرج سعيد | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کیمیاء | مامۆستا | گەرمیان |
| 20 | شيروان شريف عزيز | ڕێگەگشتییەکانی وانەوتنەوە | مامۆستا | ڕاپەڕین |
| 21 | عثمان عبدالله أمين | ڕێگەی وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان | مامۆستا | سەلاحەدین |

پاشکۆی (6)

هەڵسەنگاندن و ڕادەی گونجاوی ونەگونجاوی برەگەکانی فۆرمی ڕاپرسی کێشەکانی سەرپەرشتیکردن لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە.

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**

**بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

**خوێندنی باڵا – ماستەر**

**سڵاوێکی گەرم.....**

توێژەر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی **(کێشەکانی سەرپەرشتکردن و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕەوە)**، بەڕێزیشتان وەک مامۆستاو پسپۆڕو شارەزای بوارەکەو بە لەبەرچاوگرتنی ئەولێهاتوویە پەروەردەییەی کە بەڕێزتان هەتانە توێژەر داواتان لێدەکات هاوکارمانبن لە دەستنیشانکردنی ڕادەی **(گونجاویی و نەگونجاویی)** برگەکانی ئەم فۆڕمەی **(کە تایبەتە بەکێشەکانی سەرپەرشتیاران)**.

هاوکاریتان جێگەی ڕێزو پێزانیینە.

| | |
|---|---|
| **سەرپەرشتیار** | **توێژەر** |
| **پ.د. صابر بكر مصطفى** | **باجەلان عمر محمود** |
| | **ژ.مۆبایل: 0770 770 8933** |
| | **bajalan.mahmood@univsul.edu.iq** |

**ناوی مامۆستا:** **پلەی زانستی:**

**پسپۆڕی:** **شوێنی کارکردن:**

| ژمارە | ئەو کێشانەی کە ڕەنگەڕوودەن و پەیوەستن بە بەڕێوبەرو کارگێڕی قوتابخانەوە | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
| 1 | زۆری میلاک بەتایبەت لە بازنەی یەک و دوو واتە پۆلەکانی (١-٦). | | | |
| 2 | نەریت خوازی و نەگونجان لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا. | | | |
| 3 | لاوازی بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانەکەیەوە. | | | |
| 4 | بـایەخنەدانی بەڕێـوبەر بە جێبەجێکـردنی ڕێنماییـەکان و بەهەنـد وەرنەگـرتنی ڕۆڵ و ڕاسـپاردەکانی سەرپەرشتیار | | | |
| 5 | درەنگ ڕێکخستنی تۆمارەکانی قوتابخانەکان. | | | |
| 6 | نەبونی خولی ڕاهێنان بۆ باشترکردنی توانای بەڕێوەبەر. | | | |
| 7 | کێشەی ڕێکخستنی خوێندکاران لەلایەن ستافی کارگێڕییەوە بەتایبەت لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوام. | | | |
| 8 | سەرقاڵی زۆری کارگێڕیەکان بە کێشەکانی قوتابخانەو بوونی کەمی کات بۆ کاروباری سەرپەرشتیاران. | | | |
| 9 | نەبەستنەوەی قوتابخانەکان بەتۆڕی ئینتەرنێت کەزۆرجار وەڵامی نوسراوە فەرمیەکایش دوائەکەوێت. | | | |
| 10 | بوونی ڕۆتینی زۆر لەبەڕێوەبردنی کارگێڕی قوتابخانەکاندا. | | | |
| 11 | هەماهەنگی نەکردن لە نێوان سەرپەرشتیار لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەدا. | | | |
| 12 | دابین نەکردنی کەرەستەی پێویست بۆسەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا. | | | |
| 13 | ویستەکانی ژینگەی قوتابخانە بەهەند وەرناگیرێن. | | | |
| 14 | تێڕوانینی نەرێنی بۆ سەرپەرشتیاری وەک کەسێکی خۆسەپێنەر. | | | |
| 15 | کەمتەرخەمی بەڕێوەبەرکان لە جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی سەرپەرشتیاران. | | | |
| 16 | نەبوونی کتێب و کتێبخانەی مۆدێرن و سەردەمیانە لە قوتابخانەکاندا. | | | |
| | **ئەو کێشانەی کە دێنەڕێت لەکاتی سەردانکردنی قوتابخانەکاندا** | | | |
| ژمارە | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
| 1 | دووری و مەترسی خراپی ڕێگاوبانەکان. | | | |
| 2 | بەرفراوانی سنوری یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری. | | | |
| 3 | لەبەر پەیوەسـتبوونی سـتافی قوتابخـانە بەدەوامەوە، ناتوانرێـت لە سـەردانێکدا ئامـانجی سـەردانەکە بهێنرێتەدی. | | | |
| 4 | ئامادەنەبوونی پێشوەختەی قوتابخانەکان زۆرجار بەڕێوەبەر یاخود مامۆستاکە لە قوتابخانە نین. | | | |
| 5 | سەرهەڵدانی هەندێک کێشەی تایبەت و کەسی لە کاتی پرۆسەی سەرپەرشتیکردندا. | | | |
| 6 | زۆری ژمارەی ئەومامۆستاو قوتابخانانەی سەرپەرشتیارێک سەرپەرشتییان دەکات. | | | |
| 7 | دابەشکردنی سەرپەرشتیاران بەسەر ئەوقوتابخانانەی دورن لەیەکترییەوە. | | | |
| 8 | گۆڕینی سەرپەرشتیار لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرپەرشتیکردندا. | | | |
| 9 | نەبـوونی شـوێنی پێویسـت و گونجـاو بـۆ گەنگەشـەو گفتوگـۆکردن لەگەڵ مامۆسـتاو بەڕێـوبەری قوتابخانەکەدا. | | | |
| 10 | نەبوونی هۆڵی گونجاو بۆ ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سەرپەرشتیاریکردن. | | | |
| 11 | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە سەرپەرشتیار بۆ شوێنی سەردانیکردنەکان. | | | |
| | **ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە مامۆستاوە** | | | |
| ژمارە | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
| 1 | نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ. | | | |
| 2 | کەمی مامۆستای پسپۆڕ. | | | |
| 3 | کێشەی نەشارەزایی ماموستایان لە وانەوتنەوەدا. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | کەمتەرخەمی مامۆستایان لەدانانی پلانی وانە وتنەوەدا. | | | |
| 5 | لاوازی مامۆستا لەڕووی پراکتیکی و تەکنیکی. | | | |
| 6 | دواکەوتنی ماموستایان بۆدەوام ڕەنگدانەوەی لەسەرپرۆسەی سەرپەرشتی کردن بەجێهێشتووە. | | | |
| 7 | گواستنەوەی مامۆستایان لە کاتی نەشیاودا کە ئەبێتە هۆی کێشە بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکە. | | | |
| 8 | بەشداری کردنی هەنێک مامۆستا لە خول و ڕاهێنانەکاندا لە کاتی دەوامدا. | | | |
| 9 | پێدانی وانە بەمامۆستای ناپسپۆڕ. | | | |
| 10 | کەم ئەزموونی مامۆستایان لە چارەسەرکردنی کێشە کتوپڕوچاوەڕوان نەکراوەکاندا. | | | |
| 11 | لاوازی دڵسۆزی و ئینتیمای مامۆستا بۆ پیشەکەی. | | | |
| 12 | چەق بەستووی مامۆستایان و دژایەتی کردنیان بۆ گۆڕانکاری و نوێگەرییەکان. | | | |
| 13 | مامۆستایان باوەڕیان بەسەرنج و ڕێنامییەکانی سەرپەرشتیارنییەو جێبەجێی ناکەن. | | | |
| 14 | هەڵەکردنی بەردەوامی مامۆستایان لە پرسیاردانان و چۆنێتی پشکنینی دەفتەری تاقیکردنەوەکان. | | | |
| 15 | کەمی بەشداری کردنی مامۆستا لە خول و ڕاهێنانەکاندا لە کاتی گونجاودا. | | | |
| 16 | شێوازی هەڵسەنگاندنی خوێندکار بەزۆری لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەدایە. | | | |
| 17 | لاوازی پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستایان. | | | |
| 18 | نارێکی لە دابەشبوونی مامۆستایانی پسپۆڕ بەسەرقوتابخانەکاندا. | | | |
| 19 | کەمی موچە یان دەرماڵەی جوگرافی بۆ مانەوەی مامۆستا لە شوێنە دوورەکان. | | | |
| 20 | دواکەوتنی کرێی وانەی سەربار. | | | |

**ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە خوێندکارەوە**

| ژمارە | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندکار چارەنوسی نادیارە ودڵی بەخوێندن خۆش نییە. | | | |
| 2 | نزمی ئاستی خوێندکاران. | | | |
| 3 | ژمارەی زۆری خوێندکاران لە پۆلەکاندا. | | | |
| 4 | سۆشییال میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئاستەنگێکی گەورەن لەبەردەم خوێندن. | | | |
| 5 | نەبونی هەماهەنگی باش لەنێوان هەندێک لە خێزانەکان و مامۆستایان | | | |
| 6 | لاوازی ئاستی بەشداریکردنی خوێندکار لە چالاکی دەرەوە و ناوەوەی پۆلدا. | | | |
| 7 | تێکەڵ کردنی خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ خوێندکارانی ئاسایدا. | | | |

**ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە یاساو ڕێنماییەکان کە ئێستا کاری پێدەکرێت**

| ژمارە | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گۆڕینی پسپۆڕی سەرپەرشتیاران لە پسپۆرییەوە بۆ کارگێڕی. | | | |
| 2 | نەبوونی یاسایەکی تۆکمە و جێگیر بۆ بەڕێوەبردنی کاری سەرپەرشتیاری. | | | |
| 3 | سەرپەرشتیاری بەشێکی سەربەخۆبێت و ڕاستەوخۆ سەر بەوەزارەت بێت. | | | |
| 4 | کۆنی و نەگونجاوی ڕێنماییەکان. | | | |
| 5 | ڕێنمایەکان و ئەرکەکان زۆرن ماف و پاداشتەکان کەمتر. | | | |
| 6 | هێنانی ڕێنمایی وڵاتانی تر جیاواز لە ژینگەی ئێمە. | | | |
| 7 | پەیرەو کردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەشێوازی هەڵبژاردن بۆ زۆربەی وانەکان. | | | |
| 8 | بەشداری پێنەکردنی زۆرینەی سەرپەرشتیار لە کاتی بەستنی کۆنگرە. | | | |
| 9 | بوونی ڕۆژانێکی زۆری پشووی فەرمی و کتوپڕ. | | | |
| 10 | بوونی ناوەندی بریاردان و وەرنەگرتنی ڕاو پێشنیاری زۆرینەی سەرپەرشتیار. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | دابەشکردنی سەرپەرشتیاران بۆ سەرپەرشتیکردن بەبێ گوێندان پسپۆڕی و زانیاریان. | | | |
| 12 | بەشداری پێنەکردنی سەرپەرشتیاران لە پلانی پەروەردەیی هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا. | | | |
| 13 | ئامانجی سەرپەرشتیاری پەوەردەیی کورت مەودان. | | | |
| 14 | جەختکردنەوە لە سەرشێوازەکانی سەرپەرشتیاری نەریت خوازی. | | | |
| 15 | فەرامۆشکردنی سەرپەرشتیکردنی هاوچەرخ لە ڕێنماییەکاندا | | | |
| 16 | ئامانجی سەرپەرشتیاری پەروەردەی بەوردی دیاری نەکراوە لە ڕێنماییەکاندا | | | |
| 17 | نەبونی هەمانگی تەواو لە نێوان یەکەی سەرپەرشتیکردن و پەروەردە لە دەقی ڕێنماییەکاندا. | | | |
| 18 | بونی سەرچاوەی فرەبڕیاری کەئەبێتە هۆی لاوازی لەجێبەجێکردنی ڕێنمایەکان. | | | |
